مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێگەی ئێزدییەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا

## ١٩٩٢-٢٠٠٨

نووسینی

**مونیرە ئەبوبەکر محەمەد**

---

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)
سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١
کۆڵانی ــ ٤٤
ژ. خانوو ـ ١

www.hoshiari.org
govarynovin@yahoo.com

مەکتەبی بیروهۆشیاری

❖ ناوی کتێب: پێگەی ئێزدییەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا ١٩٩٢-٢٠٠٨

❖ ناوی نووسەر: مونیرە ئەبوبەکر محەمەد

❖ بابەت: لێکۆڵینەوە

❖ دیزاینی ناوەوەو بەرگ: ئەمیرە عومەر

❖ تیراژ: (١٠٠٠) دانە

❖ ژمارەی سپاردن: (١٨٢٤) ی ساڵی ٢٠٠٩ ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

❖ چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی

❖ زنجیرە: (٣١٤)

❖ لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# پێشکەشە..

⋆ بــەو گیانــە پاکانــەی، کــە لــەپێناو ناســنامەو مێــژووی گەلەکەیاندا شەونخونییان کردو گیانیان بەخت کرد.

⋆ بەدایکمو هاوسەرو مناڵەکانم.

⋆ بەمامۆســتای ئــازیزو خۆشەویــستم (دکتــۆر کــەیوان ئــازاد ئەنوەر).

⋆ بەکۆلیژی یاساو رامیاری

⋆ بەهەموو خوشکو برایانی ئێزدی.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# سوپاس و پێزانین

❖ بۆ هەموو ئەو بەڕێزانە، کە هاوکاریان کردووم بەپێدانی سەرچاوە، یان هەر وێنەو بەڵگەنامەیەك بێ.

❖ بەڕێز ماموستای سەرپەرشتیارم (دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر)

❖ بەڕێزانی پەرستگای لالش.

❖ بەرێز باباشێخ، رابەری ڕۆحانی ئێزدییەکان.

❖ بەڕێز میر تەحسین بەگ، میری ئێزدییەکان.

❖ بەڕێزانی بنکەی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی لالش لەدهۆك.

❖ بەرێز قایمقامی قەزای شێخان، بۆتان محسین صالح

❖ بەڕێز مەڵبەندی (٣٤)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەشێخانو. (نایف سعید)ی بەرپرسی مەڵبەند.

❖ بەڕێز (جەمیل خدر عەبدال) وەزیری خانەنشین لەحکومەتی هەرێمی کوردستان.

❖ بەڕێز (عادل ناصر) وەزیری خانەنشین لەحکومەتی هەرێمی کوردستان.

❖ بەڕێز (خەیری شنگالی)، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئایینی ئێزدییان لە وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینیی (ئیدارەی پێشووی سلێمانی).

- ❖ بەڕێز کامیل حاجی ئەحمەد سکرتاریەتی بەڕێز مام جلال
- ❖ بەڕێز د.جەزا تۆفیق تالب ـ پسپۆڕی جیۆپۆلەتیك و ئاسایشی نەتەوەیی - مامۆستای زانکۆی سلێمانی

ئەو بەڕێزانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردوون، کە بریتین لە:

١. عەدنان زیان مامۆستای زانکۆ

٢. خدر دوملی رۆژنامەنووس

٣. سەگڤان مراد سکرتاریەتی بەڕێز مام جەلال

٤. سەعید سلۆ بەرپرسی کۆمیتەی رۆشنبیری بنکەی لالش.

٥. شێخ عەلۆ شێخ خەڵەف بەرپرسی کۆمیتەی کۆمەلأیەتی بنکەی لالش.

٦. خەڵەف هڤند شنگالی، پێشمەرگەی ئەیلول و کادیر.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| چەند وشەیەك بۆ بابەتێکی نوێ ـ مامۆستا جەعفەر | ١٣ |
| پێشەکی | ١٧ |
| بەشی یەکەم: ناسینی ئێزدییەکان | ٢٥ |
| باسی یەکەم/ چەمكو زاراوەی (ئێزدی)و دەرکەوتنی لە میژوودا | ٢٨ |
| تەوەری یەکەم/ چەمكو زاراوەی ئێزدی | ٢٨ |
| تەوەری دووەم / میژووی دەرکەوتنی ئایینی ئێزدی | ٣٤ |
| باسی دووەم/ بنەماکانی ئایینی ئێزدی | ٥٢ |
| تەوەری یەکەم/ بنەما ئایینییەکان | ٥٢ |
| تەوەری دووەم / بنەما کۆمەلایەتییەکان | ٦٢ |
| بەشی دووەم: پێگەی ئێزدییەکان لەهەرێمی کوردستاندا | ٦٩ |
| باسی یەکەم/ پێگەی جوگرافی ئێزدییەکان | ٧٠ |
| تەوەری یەکەم /پێگەی جوگرافی ئێزدییەکان لەکورستاندا | ٧٠ |
| تەوەری دووەم/ پێکهاتەی جوگرافی ئێزدییەکان | ٧٩ |
| باسی دووەم/ پێگەی سیاسی ئێزدییەکان | ٨٥ |
| تەوەری یەکەم / کورتەیەکی میژوویی بارودۆخی سیاسی کوردستانی باشوورو ئێزیدییەکان | ٨٥ |

کتێبی بیروهۆشیاری


| | |
|---|---|
| تەوەری دووەم /١- ڕۆڵی ئێزدییەکان لەڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە کوردستانی باشوور | ٩٥ |
| ٢- بەشداری سیاسی ئێزدییەکانو کاریگەرییان لەسەر رای گشتی | ٩٨ |
| **بەشی سێیەم:** ئێزدییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان (١٩٩٢-٢٠٠٨) | ١٠١ |
| باسی یەکەم/ پێگەی ئێزدییەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا (١٩٩٢-٢٠٠٨) | ١٠٣ |
| تەوەری یەکەم/ ڕۆڵی ئێزدییەکان لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢-١٩٩٦) | ١٠٣ |
| تەوەری دووەم / ڕۆڵی ئێزدییەکان لە( ١٩٩٦-٢٠٠٨ ) | ١١٨ |
| ١- ڕۆڵی ئێزیدییەکان (١٩٩٦ — ٢٠٠٣ ) | ١١٨ |
| ٢- ڕۆڵی ئیزیدییەکان لە (٢٠٠٣ — ٢٠٠٨ ) | ١٢٢ |
| باسی دووەم/ کاریگەری ئێزدییەکان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان | ١٣٨ |
| تەوەری یەکەم / ١- تێڕوانینی ئێزدییەکان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان | ١٣٨ |
| ٢- تێڕوانی حکومەت بۆ ئێزدییەکان | ١٤٤ |
| تەوەری دووەم/کاریگەری ئێزدییەکانو ناوچەی ئێزدینشین لە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. | ١٤٨ |

كۆتایی/ ١- دەر ئەنجام ١٥٣
٢ - راسپێری ١٥٧
سەرچاوەكان ١٦١
پاشكۆكان ١٧٣

## پێڕستی پاشكۆكان

١- پاشكۆی ژمارە (١) ١٧٥
نووسراوی ژمارە (٤٦٩) لە (١٩٦٢/٢/٢٧) بۆ حاكمی عەسكەری گشتی دەربارەی گرتنی خەڵك لەلایەن موتەسەڕیفی لیوای موسڵی ئەو سەردەمەوە، كەسەكان كە پەیوەندییان بەشۆڕشو حیزبێكی كوردییەوە هەبووە، ئێزدیین.

٢- پاشكۆی ژمارە (٢) ١٧٦
نووسراوێكی بایەزیدی ئەمەوی، كە دامەزرێنەری بزووتنەوەی عەرەبی بەنی ئەمەوییە، كە لە بەرواری ١٩٦٧/١١/٧ ناردوێتی بۆ هەردوو رەئیس (جەمال عەبدولناسر) سەرۆكی مسرو (عەبدوسەلام محەمەد عارف) سەرۆكی عێراق، كەداوای هاوكاریو یارمەتی ئەكات.

٣- پاشكۆی ژمارە (٣) ١٧٧
نووسراوێكی بایەزیدی ئەمەوی، كە لە (١٩٦٤/١٠/١٨) لەرێی وەزیری ناوخۆی ئەو سەردەمەوە ناردوویەتی بۆ سەرۆك كۆماری عێراق.

مه كتبه‌ی بیر و هوشیاری

٤- پاشكۆی ژماره (٤) ١٧٨

نووسراوی نهێنی ژماره (س/٦) له (١٩٦٦/١/٤)، كه قایمقامی ئەوسای شێخان ناردویەتی بۆ موتەسەریفی لیوای موسڵ دەربارەی قەومیەتی ئێزدییەكان.

٥- پاشكۆی ژماره (٥) ١٧٩

نووسراوێكی نهێنیو تایبەت ژماره (ق.س/٣٣) له (١٩٦٦/٥/٧)، كه بەڕێوەبەری ناحیەی شنگاڵ لەو سەردەمەدا ناردوویەتی بۆ قایمقامی قەزای شنگاڵو باسی چالاكیو جولأنەوەی ئێزدییەكان ئەكات.

٦- پاشكۆی ژماره (٦) ١٨٠

نووسراوی ژماره (٤٤٥١٦) له (٢٠٠١/٩/١٠) كه لەبەڕێوەبەرایەتی شارەوانی پارێزگای موسڵ دەرچووەو بۆ بەڕێوەبەری شارەوانی شنگاڵ نێردراوەو داوای پێدانی زەوی ئەكات بە (٣٧٥) كەس، كە عەرەبن..

٧- پاشكۆی ژماره (٧) ١٨١

نوسراوی ژماره (١١) لە٢٠٠٧/٤/٢٤، كەنوسراوێكە بەئیمزای (میر تەحسین بەگ) میری ئێزدییەكانو سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای رۆحانی، كەئاراستەی سەرۆكی پەرلەمانی كردووە. نووسراوەكە چەند سەرنجو پێشنیارو داواكاریەكە لەسەر دەستووری هەرێمی كوردستان بۆ پەرلەمان.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێرستی نەخشەکان


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ١- نەخشەی قەزای شەنگال | ١٨٣ |
| ٢- نەخشەی قەزای شێخان | ١٨٤ |


# پێرستی خشتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ١- خشتەی ژمارە (١) ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی دانیشتوان لەعێراقدا بەپێی ئاین. | ١٩٥ |
| ٢- خشتەی ژمارە (٢) دابەشبوونی جوگرافیای ئێزدییەکان لەعێراق (١٩٦٥-١٩٧٧). | ١٩٥ |
| ٣- خشتەی ژمارە (٣) دابەشبوونی جوگرافیای ئێزدییەکان لەعێراق بەپێی یەکە ئیدارییەکان ساڵی ١٩٧٧. | ١٩٦ |
| ٤- خشتەی ژمارە (٤) دابەشبوونی ئایینی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمو عێراق. | ١٩٧ |
| ٥- خشتەی ژمارە (٥) دابەشبوونی ئاینی دانیشتوانی هەرێمو عێراق لەساڵی ١٩٧٧ | ١٩٨ |

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

٦-     خشتەی ژمارە (٦)

خشتەی دەنگ وەرگرتن، کەرێکخراوی مافی مەدەنیەت لەکوردستان KCRO پێی هەڵساوە لەناوچەی ئێزدییەکان، کەکەوتوونەتە ناو (ناوچە دابڕاوەکانەوە) بەمەبەستی زانینی رەوشی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ژمارەیان، هەروەها دەنگدان لەسەر ئەوەی ئەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان یان نا؟

مه‌ كتبه‌ى پروه‌نۆشيارى

# چەند وشەیەك بۆ بابەتێكی نوێ

**مامۆستا جەعفەر**

بەشێك لەنووسەرو ئەكادیمیو لێكۆڵیارە كوردەكان، بەهۆی پەروەردەی یەك رەنگیو ناوچەییو هەندێ جار داخراوو گۆشەگیرییەوە، تێڕوانینێكی یەك لایەنەو ساكاریان بۆ دیاردە كۆمەڵایەتیو ئیتنیو مێژووییەكان هەیە. بەشێك رەنگە پێیوابێت، گەلی كورد یەك توخمو یەك رەگەزو یەك خوێنو یەك رەگو ریشەیە! بەشێك دیالێكتو بن دیالێكتو هۆزو خێڵو تیرەكان نابینێت! بەشێكی تر جیاوازی مەزهەبیو دینی نابینێتو پێیخۆشە هەموو گەلی كورد موسڵمان بێتو لەناو موسڵمانیش سونیو لەناو سونیشدا، هەر هەموو شافعیو هەموو قادری یان نەقشبەندی بن.

زانكۆكانی ئێمە لەڕووی بۆچوونو تێگەیشتنی زانستیەوە، هەر زۆر هەژارو سادەو ساكارن: هیچ زانكۆیەك بایەخی بەلێكۆڵینەوەی قادریو نەقشبەندی نەداوە، كەچی زانكۆكانی ئەوروپا بەتایبەتی لەبەشی

کتێبی بیروهۆشیاری

تیۆلۆگی (ئیلاهیات) بۆ مەزهەبی کاتۆلیکیو پرۆتستانتیو کالڤینستی چەند کورسی هەیەو چەندین کۆڕی زانستی هەیە.

سەبارەت بەهۆزو خێڵو تیرەو تایەفەکان، بەشی گەلناسی هەیە، واتە: ئەو زانستەی دەربارەی مێژووی پێکهاتەی ئەو گەلە لەرووی پێکهاتەی هۆزەکانو مێژووی دوورو درێژی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیان هەیە. لەناو بەشی گەلناسی، لقێك هەیە پێیدەگوترێت عەشیرەتناسی. کەواتە: تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئەورووپای مۆدێرن، تێگەیشتنێکی ناڕاستو هەڵەیە.

ئێمە بەهۆی تێگەیشتنی یەك لایەنەمان بۆ خۆمان، تەنیا یەك دوورایی دەبینینو لایەنەکانی تر فەرامۆش دەکەین. زانیاری ئێمە لەسەر مێژووی عەشیرەتەکان هەر زۆر کەمو سادەیەو ئەمەش هۆیەکە بۆ بێتوانایی مێژوونووسانمان لەنووسینی سەرجەمی مێژووی گەلی کورد!

ئێمە لەسەر مێژووی کاکەیی (ئەهل هەق)و ئێزدیو شەبەكو عەلەویو هەقە چی دەزانین؟

زانستی ئێمە هەر زۆر کزو لاوازو پەرتو بڵاوە. لەزانکۆکان نە بەشی کۆمەڵناسیو نە بەشی تیۆلۆگی (ئیلاهیات) توانیویانە لقێك بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی کاکەییو ئێزدیو شەبەكو عەلەویو هەقە بکاتەوەو نامەی زانستی لەسەر رابوردووی ئەم ئاینو رێبازانە بنووسرێت.

تێنەگەیشتن لەسروشتی کاکەییو ئێزدیو شەبەكو عەلەویو هەقە سەرکردایەتی سیاسی تووشی هەڵەو کەموکورتی کردووە! ئێمە ئەگەر زانیمان ژمارەی کاکەییەکانی کەرکوكو خانەقیو مووسڵ سەرووی نیو ملیۆنە، هەوڵدەدەین نوێنەری ئەوان لەپەرلەمانو لەناو حکومەتدا زیاتر بکەین. بەهەمان شێوە گەر زانیمان ژمارەی ئێزدییەکان لەسەرانسەری جیهاندا نزیکەی یەك ملیۆنەو دانیشتوانی هەرێمی کوردستانیشیان لەنیو ملیۆن پترە، هەوڵدەدەین نوێنەرایەتیان لەناو پەرلەمانی هەولێرو بەغداو حکومەتی هەرێم زیاتر بکەین.

کتێبی (پێگەی ئێزدییەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان ١٩٩٢ - ٢٠٠٨) هەوڵێکی باشو سەرکەوتووی منیرە ئەبوبەکرە بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی پێگەی ئێزدییەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

من سەرەڕای سەرنجو تێبینیەکانم لەسەر ئەم کتێبە، هەر یەکسەر ڕەزامەندی خۆم لەسەر چاپکردنو بڵاوکردنەوەی دەربڕی. چونکە سوور دەزانم تا چەندین کتێبی وەکو ئەم کتێبە بڵاو نەکرێتەوە، بژاردەی سیاسی کورد قورسیو قەوارەو تایبەتمەندی ئەم گروپە وەکو خۆی نابینێت. ئەگەر سەرکردایەتی سیاسیو بژاردەی سیاسیی ئەوانی نەبینی، ئەوانیش هەست بە (ئینتیما) لایان دروست نابێتو پێیان وادەبێت، کە ئەوان پەراوێز خراونو بەهیچ دانراونو سەرکردایەتی سیاسی نایەوێت لەپرۆسەی سیاسیدا بەشدارییان پێبکات.

دانانی وەزیرێکی کاکەیی یان دوو بەڕێوەبەری ئێزدی لەحکومەتی هەرێمی کوردستانو دانانی یەك شەبەك لەپەرلەماندا ئەوە

ناگەیەنێت ئەوان بەشدارییان پێکراوەو قۆناغی پەراوێزخستن کۆتایی پێهــاتووە. بایەخپێــدانو پــەراوێز نەخــستن شــتێکەو سیاســەتی پەیڕەوکراوی ئەمڕۆ شتێکی تر!

ئێمە پێویستمان بەپێداچوونەوەیەك هەیە، کە گرنگی سیاسیو مێژوویی کاکەییو ئێزدیو شەبەك پیشاندات، چونکە پرۆسەی بوون بەنەتەوە، دەبێ برگە بەبرگەی پێکهاتەکانی نەتەوە بخوێنێتەوەو بەیەکیانەوە گرێبداتو رێگە بەسیاسەتی پەرتاندنو پەراوێزخستنو نەخوێندنەوە نەدات.

بــەهیواین ئــەم کتێبــە تــوانیبێتی لایــەنێکی نارۆشــنی روونــاك کردبێتــەوەو رێگەخۆشــکەرێك بێــت بــۆ دەســەڵاتی کــوردی بــۆ گرنگیپێــدانو بەبایــەخ وەرگرتنــی زیــاتری رۆڵو توانــای ســەرجەم پێکهاتە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ناو کۆمەڵی کوردی.

مه كتەبی پروەهۆشیاری

## پێشەكی..

سەرەتا دەمەوێت لەوەوە دەست پێبكەم كاتێك لەساڵی ١٩٨٠ لەپەیمانگای تەكنیكی موسڵ خوێندكار بووم، لەگەڵ چەند خوێندكارێكی ئێزیدی هاوڕێیەتیم دروست كرد. ئەوان زۆر ڕێزیان لێگرتم‌و هاوكاری زۆریان كردم. ئەو كاتەش بۆ یەكەمجار بوو ناوی ئێزیدی بێتە بەر گوێ، دیارە هەندێ لەبرادەران پێیان ناخۆش بوو هاوڕێیەتی ئێزیدی بكرێ، چونكە لەناو خەڵك واناسراوبوون، كە ئەمانە بێباوەڕن‌و شەیتان پەرستن٠ بارودۆخی ئەو كاتەش بەشێوەیەك بوو، چ لەڕووی ئاستی ڕۆشنبیری‌و ئایینییەوە، چ لەڕووی نەتەوایەتیەوە، ئێزیدییەكان نەیانئەتوانی وەك پێویست داكۆكی لەكوردایەتی‌و كوردبوونی خۆیان بكەن. هەندێكیش

لەئێزیدییەکان لەژێر زەبرو زەنگی دەسەڵاتدا وەك عەرەب خۆیان ناونووس کردبوو، واتە تەعریب کرابوون، بەڵام ئەو کاتە هەستمان کرد، کە ئەوان لەناخەوە ئەسوتێنو حەز ناکەن وەك عەرەب بناسرێن.

بەتێپەڕبوونی ڕۆژەکانی خوێندن، هاوڕێیەتیم لەگەڵیاندا زیاد بوو، یەکێك لەو هاوڕێیانەم کەخەڵکی شاری موسڵ بوو، فەرموویەکی نانخواردنی لێکردین بۆ ماڵی خۆیان، دواجار بەدەم داواکەیەوە چووین، لەبەرامبەردا زۆریش ڕێزیان لێگرتین. ئەو کاتە من هەمیشە سەیری هەڵسوکەوتیانم ئەکرد، زۆر ڕاستگۆو زیرەك بوون، ڕێزیان لەبەرامبەر ئەگرت، بەخشندە بوون، زۆر حەزیان بەهاوکاری خەڵك ئەکرد، ڕەوشت بەرز بوون. ئەوەش سەرسامی کردین، بەوەی ئەو ڕەفتارە جوانانەیان هەیە، کەچی پێیان بوترێت بێباوەڕو شەیتان پەرست، بۆیە خۆم پێڕانەگیراو بەهاوڕێیەکیانم وت" ڕاستە ئێوە شەیتان پەرستنو بێباوەڕن؟" هاوڕێیەکەم لەپرسیارەکەم نیگەران نەبوو، بگرە زۆر بەجوانی وەڵامی پرسیارەکەمی دایەوەو تێی گەیاندم ئەوان باوەڕیان بەخوای تاكو تەنیا هەیەو مەلیك تاوس لەلایان پیرۆزە، خاوەنی کتێبی تایبەتی خۆیاننو باوەڕیان بەحەوت فریشتەکە هەیەو مەلیك تاوس بەسەرۆکی فریشتەکان ئەزانن. ئەوەش لەسەر

ئەو باوەڕەی کەجگە لەیەزدان، کڕنوشی بۆ کەسی تر نەبردووەو هەروەها وتی" ئێمەی ئێزیدی ڕێزی لێئەگرین و ئەیپەرستین. جگە لەیەزدان، کەسی تر ناپەرستین، مەلیك تاوس بەرزو پیرۆزە لامان، ئێمەش کوردین و باوباپیرانیشمان کورد بوون. بەڕادەیەك لەکۆندا چەندین سەدە پێش ئێستا زۆربەی کورد ئێزیدی بوون، بەڵام پاش هاتنی هەردوو ئاینی مەسیحی و ئیسلام، هەندێك بوونە مەسیحی و زۆرینە بوونە موسڵمان. ئێمەش بەرگریمان لەئاییني خۆمان کردو وەك کوردی ڕەسەن لەسەر ئاییني باوو باپیرانمان ماینەوە، لەبەرامبەردا زۆر چەوساینەوەو زۆریش کوشتارو تاڵانمان لێکرا، ئامادەنەبووین دەست لەبیرو باوەڕی خۆمان هەڵبگرین، بەڵام بەداخەوە ئێستا بەشێك لەهاونەتەوەکانمان لە (کوردەکان) نازانن، ئەم ڕاستیەیان لەیاد کردووە"

لەو ڕۆژگارەوە تێڕوانینمان بۆ ئێزیدییەکان گۆڕاو جۆرێك لەخۆشەویستی، وەك بڵێی هاونەتەوەیی و هاوزمانی لەدڵمان بەرامبەریان دروست بوو. ئەوەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی کە ژمارەیەکی باش لەسەرچاوە دەربارەی ئێزیدییەکان لەکتێبخانەکەمدا کۆبکرێتەوەو توێژینەوەکی لەسەر ئەنجام بدەم، کاتێکیش ساڵی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) خوێندکاری قۆناغی سێیەم لەکۆلێژی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی

بووم، لە "مێژووی سیاسی ئایینەکان" لەگەڵ مامۆستای وانەکە "کەیوان ئازاد ئەنوەر" باسی ئێزیدییەکان کرا، لێرەوە بڕیارماندا توێژینەوەی دەرچوونو وەرگرتنی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) لەسەر ئێزیدییەکان بێت. دواجار لەسەر پێگەی ئێزیدییەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان لە نێوان (١٩٩٢-٢٠٠٨)" وەستاین، چونکە بۆشاییەك هەبوو لەناوەندی ئەکادیمی زانکۆیی لەسەر ئەم باسە. توێژینەوەکەشمان بۆ سێ بەش دابەش کرد، بەشی یەکەمان بۆ ئێزیدییەکان تەرخانکرد.

ئەم بەشەشمان بۆ دوو باس دابەش کرد. لەتەوەرەی یەکەمی باسی یەکەمدا چەمكو زاراوەی ئێزیدی باس کراوە، پاشان لەتەوەری دووەمی هەمان باسدا مێژووی دەرکەوتنی ئێزیدی باسی لێوە کراوە. لەباسی دووەمدا لەتەوەری یەکەمدا بنەماکانی ئایینی ئێزیدی باس کراوە، کە لەم بەشەدا سەرەتایەك لەسەر ئێزیدییەکانو دواتر بنەما ئایینیو کتێبە پیرۆزەکانیانو لەتەوەری دووەمدا بنەما کۆمەڵایەتییەکان تیشکیان خراوەتەسەر. لەبەشی دووەمیشدا باس لەپێگەی ئایینی ئێزیدی لەهەریمی کوردستان کراوە، کە لە دوو باسدا دامانڕشتوونو لەباسی یەکەمدا، کە دوو تەوەرە، لەتەوەری یەکەمدا پێگەی جوگرافیو شوێنی

نیشتەجێبونی ئێزیدییەکان باس کراوە، کە خۆی لەشوێنی نیشتەجێبوون و سنوری ناوچەی دانیشتنی ئێزیدیو ژمارەی دانیشتوان دەبینێتەوە، لەتەوەری دووەمدا پێکهاتەی جوگرافی ئێزیدییەکان تیشکی خراوەتە سەر.

باسی دووەمیش بۆ پێگەی سیاسی ئێزیدییەکان تەرخان کراوە لەدوو تەوەرداو باسی ئێزیدییەکان لە قوناغە جیاجیاکانداو رۆڵی کاریگەریان لەسەر حکومەتی هەرێم کراوە لەگەڵ بەشداری سیاسی و کاریگەرییان لەسەر رای گشتی.

دوا بەشیشیان، کە بەشی سێهەمە، باس لەدامەزراندنی حکومڕانی حکومەتی کوردستانی باشوور وەك ناوچەیەکی پارێزراو لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و بوونی یان بەردەوامبوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆری سەدام لەبەغداد، تاساڵی (٢٠٠٣)، دواتر رووخانی ئەو دەسەڵاتە ناوەندییە دیکتاتورییەی سەدام لەبەغداو دروستبوونی حکومەتێکی نوێ لەعێراق. کاریگەری ئێزیدییەکان لەو حکومەتەداو بەپێچەوانەشەوە کاریگەری حکومەت لەسەر ئێزیدییەکان تیشکی خراوەتە سەر. ئەم بەشەش دابەش کراوە بۆ دوو باس، لەباسی یەکەمدا رۆڵی ئێزیدییەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەدوو تەوەردا

باس کراوه: یەکەمیان لەنێوان ساڵانی (١٩٩٢–١٩٩٦)، دووەمیان لەنێوان ساڵانی (١٩٩٦–٢٠٠٨)، کە هەر یەکە لەم دوو بەروارەدا باس لەدوو قۆناغی جیاوازی حکومڕانی کوردی کراوه لەباشوری کوردستان.

باسی دووەمیش تایبەتە بە کاریگەری ئێزیدییەکانو تێڕوانینیان بۆ حکومەتو بەپێچەوانەوە، کە لەدوو تەوەری جیادا باسکراوه: تەوەری یەکەم تێڕوانینی ئیزیدییەکان بۆحکومەتی هەرێمی کوردستانو بەپێچەوانەوە تێڕوانینی حکومەت بۆئیزیدییەکان باس کراوه، تەوەری دووەمیش کاریگەری ناوچەی ئێزیدینشین بۆسەر هەرێمی کوردستان باس کراوه .

ئەوەی ماوەتەوە بوترێت، ئەم بەشە سەرچاوەی زۆر کەم بوو، بۆیە زیاتر پشت بەچاوپێکەوتنەکانو سەردانە مەیدانییەکان بۆ ناوچەی ئێزیدینشین بەستراوه، هەر بۆیە لەم بەشەدا زیاتر هەستی بەرپرسیارێتیمان کەوتووەتەسەر. هیواشمان وایە دووچاری لادان نەبووبینو لەناوەڕۆکی بابەتەکە لامان نەدابێت. دوای گفتوگۆ لەسەر توێژینەوەکەو وەرگرتنی بەپلەی زۆرباشو بیرکردنەوە لەچاپکردنی، هەندێ دەستکاریو گۆڕانکاریم تیاکرد، وەك ئەوەی لەجیاتی ساڵی (٢٠٠٣)، توێژینەوەکەم درێژکردەوە بۆ (٢٠٠٨)و بەشی

ســێیەم باســی یەکــەم ڕۆڵــی ئیزیدییــەکان لــە (٢٠٠٣) بــۆ (٢٠٠٨) زیادکرا .

دیــارە ئامــانجی ســەرەکیم ناســاندنی ئیزیدییــەکان بــووە بەخوێنــەر وەك پێکهاتەیــەکی ئــایینی نەتــەوەیی کــوردو ڕۆڵو کاریگەریان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان .

لێرەوە لەسەر ئەو باوەڕەی کە هیچ کارێك بێ کەموکورتی نابێت، هیوادارین ئەم کارەی ئێمەش بەهەر کەموکوڕییەکەوە بتوانێت کەلێنێك لەکتێبخانەی ئەکادیمی کوردی پڕ بکاتەوە.

توێژەر

مونیرە ئەبوبکر محمد

کتێبخانەی پەروەردەی ... شیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بەشی یەکەم

# ناسینی ئیزدییەکان

**سەرەتایەك:**

مێژوو و نووسینەوەی مێژوو دیاردەیەکی کۆنەو سامانێکی گرنگو گەورەیە. بۆ ئەوەی مێژووی ولاتەکەمان لەهەموو بوارێکدا بنووسینەوەو ئەرشیفی بکەین، پێویستمان بەسەلماندنو دیکۆمێنت هەیە، کوردیش وەك گەلێکی باشووری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیا کەم تازۆر خاوەنی مێژووی خۆی بووەو هەولْ دراوە ئەو مێژووە بنووسرێتەوە، هەرچەندە نووسینەوەی مێژوو لای کورد جیاوازە لەگەلْ زۆر لەگەلانی تر لەجیهاندا، چونکە ئەم گەلە خاکەکەی

داگیرکــــراوەو دابەشـــکراوەو پـــەرت بـــووە بەســـەر چـــەند دەوڵـــەتێکی ناوچـــەیی و دراوســـێدا، کــە ئەمــە وایکــردووە هەمیشە خەڵکەکەی لەژێر چەوساندنەوەو پاکتاوی رەگەزیدا بـــژین و بـــەزۆر بەعـــەرەب، بـــەفارس، بـــەتورك بکـــرێن و لەمافەکانیان بێبەش بکرێن، لێرەوە مێژوونووس و رۆشنبیرو هونەرمەندانی ئەم گەلەش لەژێر دەستی داگیرکەرو دوژمندا بەزەحمـــەتێکی زۆر هەوڵیانـــداوە مێـــژووی ئـــەو گەلـــە بنووسنەوە، دیارە ئەمەش بێ کەموکوڕی نەبووە، لەلایەکی ترەوە مێژوونووسانی وڵاتانی داگیرکەری خاکی کوردستان هـەوڵیان داوە هەریەکـە بـەئارەزووی خـۆی و لەبەرژەوەنـدی خـۆی مێژووەکـەمان بنووسـێتەوە، ئـەم جـۆرە نووسـینانەش لەسـەر مێـژووی کـورد شـێواندن و لادان لەراسـتی تێـدابووە. بەهـەمان شـێوەی ئـەو گەڕیدانـەی کـە هـاتوون و مێـژووی ئـەم گەلـەیان نووسـیوەتەوە، وەك پێویسـت بـوار نـەدراوە بـچنە قـولایی و رەگ و ریـشەوە، بۆیـە زۆر لایـەن و بەشـی کـورد بەشـــاراوەیی ماوەتـــەوە، یـــان وەك پێویـــست لەســـەری نەنووســـراوەو شـــێواندن لەنووســـین و راســـتییەکاندا هەیـــە. یـەکێکیش لەهـەرە دیارترین لایەنـەکانی مێژووی گەلی کورد، کـــە تایبەتمەنـــدی خـــۆی بـــووە، فـــرە ئاینییـــە. لـــەنێو ئەوئایینانەشـدا کـە سـتەمێکی مێـژووییان بەرامبـەر کـراوە،

ئیزدییەکانن. دیارە ئەگەر کورد وەك کورد بوون چەوسابێتەوەو زوڵمو ستەمی زۆری لێکرابێ، ئەوە ئێزدییەکان جارێك وەك نەتەوەو جارێك وەك ئایین دووچاری کوشتارو راوەدونانو کۆمەڵکوژیو تالانکردنو داگیرکردنی خاكوماڵیان بوونەتەوە.

لەراستیشدا ئێزیدییەکان وێنەی خۆڕاگریو بەهێزی بیروباوەڕ بوونو مانەوەیان لەسەر رەسەنایەتی خۆیان وەك نەتەوەو ئایین گەواهی ئەو راستیەن.

مه كتەبى پیرۆ هۆشیاری

# باسی یەکەم

# چەمك‌و زاراوەی ئێزیدی‌و مێژووی دەرکەوتنی ئایینی ئێزیدی

## تەوەری یەکەم

## چەمك‌و زاراوەی ئێزیدی

زاراوەی ئێزیدی زاراوەیەکی کۆنە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم زاراوەیە وەك پێویست باس نەکراوەو زانیاری‌و بیروڕای هەڵەی لەبارەوە تۆمار کراوە. لەم بارەشەوە زۆرن ئەوانەی هەوڵیانداوە، کە توێژینەوە لەسەر ئێزییدی بکەن‌و لەبارەیانەوە بنووسن، وەك گەڕیدەکان‌و توێژەری ناوخۆو بیانی‌و مێژوونووسان. بەڵام نەیانتوانیوە لەسەر مانای وشەی ئێزیدی بەدەقێکی یەکگرتوو بگەن، ئەوەش لەبەرئەوەی زانیاری‌و نووسراوی تەواویان دەست

نەکەوتووەو نووسراوە پیرۆزەکانی ئەم ئایینەشیان نەبینیووە، بۆیە هەموو ئەو نووسین و توێژینەوانە کەموکوڕییان پێوە دیارە.

لەم بارەیەوە (شەرەفخانی بەدلیسی) باسی ئێزیدی کردووەو کە(ئێزیدی یەزدانین)و بەرلەهاتنی موسڵمان بۆ کوردستان بوونیان هەبووە. ئەوەش بەو مانایەی مێژوویان زۆر کۆنترە لەوەی کە گەڕابنەوە سەر (یەزیدی کوری معاویە)، بەڵکو لەئەنجامی (یەزدان) پەرستنەوە کە خوای تاك‌و تەنهایە، ئەم ناوەیان بەسەردا براوە. [1]

بەڵام (مینۆرسکی) لای وابووە "ئێزیدی لەوشەی فارسی (ئێزەد) ەوە هاتووە، کە لەئاوێستادا بە (یەزتا)و لەپەهلەویدا (یەزد)و لە سانسکریتدا (یجاتا)و لەفارسیدا (یەزدان)ەو وشەی یەزدانیش وشەیەکی ئاوێستاییەو لەرێی ئایینەوە کەوتۆتە ناو زمانی فارسییەوە، بەڵام لای ئێزیدییەکان بۆتە (ئازدا)، کە یەکێکە لەباپیرانی خێڵی ئێزیدی[2].

---

(1) عەدنان زیان فرحان: الكرد الايزيديون في اقليم كردستان، الطبعة الاولى، مركز كوردستان للدراسات الاستراتجية، السليمانية، ٢٠٠٤،ص١٤

(2) قادر ئەحمەدی: کوردو مێژوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٤٦

مێژوونووسی یۆنانی زینەفون لەکتێبی (گەشتی دەهەزار سوارە) لەدەوروبەری (٤٠١) پ.ز. باسی ئەوەی کردووە، تیرەیەك لە نزیك شاری نەینەوا بە (یزید) ناسراون و لەکوشتاردا زۆر شارەزان[1].

(محمد ئەمین زەکی)ش دەڵێت "هۆکاری ناوی ئایینی ئێزدی، بوونی ئالهەیەکە، کە هی قەومی یەزدییەو ناوی (یەزد)ە یان (یەزدان)ە، بۆیە بەئێزدی ناوئەبرێت[2].

(محەمەد مەردۆخی) نوسیویەتی "شاپوری دووەم لەسەر بەردێك لە(حاجی ئاباد) نووسیویەتی: من پیرۆزم (موزدا ئەمیر هورمز) شاهیوری ئێزیدی ئەسڵ، شاهنشاهی ئێران و ئەتیران" [3]. نابێت ئەوەش لەبیرکەین، کە بەدرێژایی مێژوو هەوڵی ئەوە دراوە، ئێزدییەکان لەشوناسی نەتەوەیی خۆیان دوور بخرێنەوەو هەر نووسەرەی بەپێی ئاینی خۆی و

---

(1) عدنان زیان فرحان: الكرد والايزيديون في اقليم كردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥

(2) محمد أمین زکی: خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، بەشی (١،٢) چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٢

(3)دناني، شمو قاسم: مشاهر من الكورد والايزيديين، الطبعة الاولى، من منشورات مركز لالش الثقافي والاجتماعي، سلسلة(٤)، كوردستان، دهوك(٢٠٠٥) ص٦

نەتــەوەی خــۆی شــیکردنەوە بکــات و لەبەرژەوەنــدی ئــایین و نەتــەوەی خۆیــان باســی بکــەن. ئــەوەتا هەنــدێك لەنووســەران ئەیانــەوێ ئێزدییــەکان بگەڕێننــەوە ســەر کەســێکی عــەرەبی وەك (یزیــد بــن معاویــە الامــوی) وەك لەنووســینەکانی (عبـدالرزاق الحـسني وسـعید الـدیوەجی وعبـاس العـزاوي و جورج حبیب...هتد) هاتووە[1].

(شمـو قاسـم دنـانی)یـش پێـی وایـە یـەکێك لـەو ناوانـەی بەسەر ئێزدیەکاندا بڕاوە، یان هاتووە، ناوی (المزدائیـە) واتـە مەزدائی (mezdisne)و (الداسنیە) واتە داسـنی (disnay)و (الازدائیــە) واتــا ئەزدائیــە (azday) واتــە (الایزدیــە) واتــە ئێزیدی (aizidy)[2].

د.(خلیـل جنـدی)ش لای وابـوو "وشـەی ئێزیـدی بەخـەتی (مسماری) نووسراوەو ماناکەی گیانی چاك (الروح الخیر) یان ئەوانـەی پـیس نـەبوون، یـان ئەوانـەی کـە بـەپاکی ماونەتـەوە، گەیاندووە. دوای شیکردنەوە دەرکەوتووە کە(ئیزیدی) مانـای

---

(1) زهیر کاظم عبود: الایزیدیة حقائق وخفایا وأساطیر، الطبعة الاولی، مرکز قندیل للنشر واعلام– المانیا، (٢٠٠٣)، ص٤٨

(2)دناني، شمو قاسم : هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٦)

ئەوانــــەی لەســــەر ڕێگــــەی ڕاســــت ئــــەڕۆن"[1]. ئــــەم شـیکردنەوەیەش ئەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی سـۆمەرییەکان. یـەکێکیش لەمێژوونووسـە فەرەنـسییەکان لەنووسـینەکانیدا لەسـەر ئایینـەکانی کوردسـتان نووسـیویەتی: "(ڕەچـەڵەکی ئێزدییـــەکان داســـنییە، کـــە یەکێکـــە لەئایینـــە کۆنـــەکانی کوردستان و جەزیرەی بۆتان)"[2].

(عــەدنان زیــان فرحــان)یــش پێــی وایــە لــەناو ئــەو بیروبۆچـوون و توێژینەوانـەی لـەم بارەیـەوە کـراون، ئـەوەی لەهەموویان زیاتر نزیك بێت لەڕاستییەوە، بیروڕای (ئیحسان نـوری پاشـا)یـە، کـە نووسـیویەتی (ئێزیـدی) ناسـراون، واتـە بەناوبانگن بەکورد و کوردەکان بەهەمان شێوە بانگیان ئەکەن، تــەنها گــەلانی دراوســێ گۆڕیویــانن بــە(یەزیــد)، ئــەوەش بەمەبەستی سیاسی" [3].

لەم بارەوە (قادر ئەحمەدی) وشەی ئێزیدی بۆ (یەزتا یان یــەزدان) گەڕاندۆتــەوە، کــە لــە وشــەی (یــەز)ی ئەوێــستای

---

(1)جنـدي، د. خليـل: نحـو معرفـة الديانـة الايزيديـة، مركـز لالـش الثقـافي والاجتماعي، مجلة لالش، دهوك، عدد(٥)، سنة (١٩٩٥)، ص٨

(2) دناني: هەمان سەر چاوەی پێشو، ل(٦)

(3) عـدنان زيـان فرحـان: الكـرد والايزيـديون في اقلـيم كردسـتان، سەرچـاوەی پێشوو،ص١٤

هاتووەو مانای پەسەندو پەرستنە. لەزمانی سانسکریتیشدا بەشێوەی (یچ = یژ yaj) هاتووە، کە دواتر بۆتە(yazata)[1] (ئازاد سەعید سەمو) پێی وابووە، بۆیە ناونراوە ئێزیدی، لەبەر ئەوەی ئەگەڕێنەوە سەر (یەزیدی کوری أنیسە الخارجی)[2]، چونکە ئەوان ئەڵێن (یەزید)، نەك (ئێزیدی)، هەندێکی تر وشەی ئیزدی ئەگەڕێننەوە بۆ (الیزد)، کە ناوی شارێکی ئێرانە نەك ئایین[3].

لەلایەکی ترەوە هەندێ لەسەرچاوەکاندا ئاماژە بەوەکراوە، کەڕەگو ریشەی زاراوەی ئێزیدی بچێتە سەر (مانی)و هەندێك بە (زەرادەشتی) ناسیویانن. گوایە ئەچنەوە سەر ئاینی زەردەشتی، ئەمانیش وەك زەردەشتییەکان[4] دوو خواوەندیان پەرستووە.

---

(1) ئەحمەدی، قادر: کوردو مێژوو، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦

(٢) آزاد سعيد سمو: الايزيدية من خلال نصوصها (المقدسة)، الطبعة الاولى، المكتب الاسلامي، بيروت، (٢٠٠١)، ص٢٥

(٣) باقسري، عزالدين سليم: مەرگە ه، الطبعة الاولى، مطبعة خبات، أربيل، سنة(٢٠٠٣) ، ص٢٣

(٤) محمد أمين زكی: خولاصەیەکی تأریخی کوردو کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارالسلام، بغداد ١٩٣١، ل٢٠٢

بــەم دووایییانـــەش هەنـــدێك لەشـــارەزایان لـــەبواری ئـــەنـــترۆپۆلۆجیـــدا ئـــەم مێـــژووەیان گەڕانـــدەوە بـــۆپێش (٣٠٠٠ساڵ پێش زایین)[1] گوایە کۆنترین ئایینی پاشماوەی کـوردە لەگـەورەترین شارسـتانیەتی ڕۆژهـەڵاتو بـەباوەڕی سـۆمەرییەکان دادەنرێــت. کەواتــە ئــەم راســتییە ئــەوە دەردەخات، کە زاراوەی ئێزیدی لەئایینی زەردەشتی کۆنترەو لەزاراوەی (ئیزدی) وەرگیراوە.

## تەوەری دووەم

# مێژووی دەرکەوتنی ئێزیدیایەتیو ئایینی ئێزیدی

بــەو پێیــەی ژیــان ســەرەتا لەناوچــە شــاخاوییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە ئەشکەوتو دۆڵو لاپاڵو چیاکان مــەنزڵگای یەکــەمین مــرۆڤو دەرکــەوتنی بــوون. لێــرەوە بەدرێـژایی مێـژوو خێـڵو هۆزەکـان لـەناو چیاو بنارەکانیـدا ژیـانو بیروبـاوەڕێکی تایبـەت بـەخۆیان دروسـت کـردووە، کـە جۆرێـــك لەتێکـــەڵی تێـــدابووە. تەنانـــەت هەنوکـــەش

---

[1] جندی، د. خلیل: معرفة حقیقیة الدیانة الایزیدیة، ص٨

مێژوونووسـان نـاتوانن بەئاسـانی ئـەوە جیابکەنـەوە، کـە مێژووی بیروباوەڕیان خێڵ پێش ئەویتریانە.

لێـرەوەش مێـژووی ئـایینی ئێزیـدی وەك یـەکێك لەئاییـنـە کۆنەکانی کوردستانی کۆن ئاڵۆزی تێکەتووەو سەرەتاکانی دەرکـەوتنی ئـاڵۆزە. ئێزیـدی ئـاینێکی کـۆنی یەکتاپەرستییە (monotheist) لەهــەمان کاتــدا گروپێکــی (ئیتنیکیــشەو دەرکەوتنی وەکو ئیتنیەکی سەربەخۆ دیاردەیەکی ئاڵۆزە)[1].

هەنـدێك وەك ئـایین لەڕوانگـەی ئایینـەوە مێـژووی ئێزیـدیان نووســیووە. هەنــدێکی تــر وەك چــەمكو زاراوە هــەوڵی لێکدانـەوەی ئـەم وشـەیەو مێـژووی دەرکـەوتنیان داوە. لەگـەڵ هەموو ئەمانەشدا لەلایـەن هەندێك لەمێـژوونووسو نووسـەرو لێکۆڵەرەوەکانــەوە زمــانی ســوکایەتی لەنووســینەوەی مێژووەکەیانـدا بـەکارهاتووەو راسـتییەکانیان شـێواندووەو جۆرێك لەجوداکاری یان جیاکردنەوە دەرهەقیان کراوە.

لـەم بـارەوە (شـەرەفخانی بەدلیسی) لەشـەرەفنامەدا کاتێك باسـی مێـژووی هـۆزە کوردەکـانی کـردووە، نووسـیویەتی "هەنــدێك هــۆزی کــوردی هــەن، لــەدەوری موســڵو شــام

---

(1) کەرمـەلی، ئەنـستان: کتێبـی ئێزیدیـەکانو بیبلۆگرافیـای ئێزیدیایـەتی، وەرگێڕانی لەفەرەنسیەوە، نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، (٢٠٠٦)، ل١١

بەناوەکانی (تاسنیە، خالدیە، بسیانیە، بختیە، محمودیە، دنبلیە) کەباوەڕیان ئێزیدیە"[1]. دیارە لێرەدا نووسەر ئەم هۆزانەشی داوەتەپاڵ نەخشەی نیشتەجێبوونی کوردی ئێزیدی.

لەلایەکی ترەوە (ئینستانس ماری کەرملی) بۆ سەدەکانی ناوەڕاستی گێڕاوەتەوە، وردتر بۆ (سەدەکانی دوازدەو سێزدەهەم). دیسان لێرەدا نووسەران نەچوونەتە ناو قوڵایی مێژووی ئایینەکە، جا لەبەر کەمی زانیاری بێت لەسەریان، بەو پێیەی ئاینی ئێزیدی نووسراوەکانیان شاردراوەن و کەم کەس دەستیان پێگەیشتووە، لەلایەکی تر مێژوونووسانی ئەو دەمە زۆریان لەکەسانی ئایینی و باوەڕدارانی جوو و مەسیحی بوون، بۆیە نەیانویستووە راستی ئەم بیروباوەڕە باس بکەن و راستییەکان بخەنەڕوو[2].

(جرنوس ڤیسنر) پێی وابوو "کۆمەڵەیەکی ئایینی بوون، وردە وردە لەمێژوودا گەشەیان کردووەو چەندین نەتەوەی جیاواز باوەڕیان پێهێناوە. لەسەرووشیانەوە نەتەوەی کورد. ئەم نەتەوانەش پارێزگاریان لەم بیروباوەڕەو

---

(1) شرفنامة: في تأريخ الدورى والامارات الكردية، ترجمة الى العربية، محمد علي عوني، الطبعة الثانية، الناشر، دار الزمان، دمشق، (٢٠٠٦)، ل(٢٤)

(2)کەرملی، ئینستانس ماری: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١

تایبەتمەندییەکانی و دەرکەوتنەکانیان لەهەموو روویەکەوە کردووە. تا لەچوارچێوەی ئاینێکدا دەرکەوتووە"[1].

خاڵی گرنگیش ئەوەیە ئەو کۆمەڵە ئایینیە چۆن و کەی دەرکەوتووە؟ بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە ئاماژە بەڕای هەندێ لە مێژوونووسان و زانایانی کۆمەڵناسی بکەین، کەباسیان لەبیروباوەڕی (تەوتەمیزم) کردووە بەمانای ئەوەی کە مرۆڤە کۆنەکان جۆرێك پیرۆزیان داوەتە زیندەوەرو درەخت و سەوزایی و دیاردەی سەوزایی و دیاردەی سروشت، کە هەموو تاکەکانی ئەو هۆزە یان ناو کۆمەڵەیە بەپیرۆزیان زانیووە[2].

لێرەوە کاتێك لەبیرو باوەڕی ئەمرۆی ئایینی ئێزیدی دەڕوانین، دەگەینە ئەوەی (ئێزدییەکان) لەئەمڕۆشدا بیروباوەڕی "تەوتەمی" بەسەریاندا زاڵە. ئەمەش کاریگەری

---

(1) فیسنر جرنوث: تأریخ الشعب الیزیدي ودیانته، ت. د. فەرهاد ابراهیم، مرکز لالش الثقافي والاجتماعي، مجلة لالش، دهوك، مطبعة الثقافة، اربیل، ١٩٩٤ العدد(٣-٢) ،ص١١٤.

(2) فنیسیان شالی: تأریخ الادیان، ترجمة عن الفرنسیة، حافظ الجمالي، الطبعة الاولی، دار طلاس للدراسات والترجمة والنشر، دمشق، سنة(١٩٩١)، ص٢١.

ئەو باوەرە کۆنەیە بەسەر ئایینەکەوە، بۆیە ئەوەش بۆ کۆنیی ئاینەکە دەگەڕێتەوە[١].

لەهەندێك لەسەرچاوەکانی تردا هاتووە، کە بیروباوەڕی ئێزدیدییەکان لە (پاشماوەی بیروباوەڕی عێراقییە کۆنەکانن، واتە (میسیۆپۆتامیا)ی وەك بابلی و ئاشوری. بەڵگەش بۆ ئەمە، جەژنی سەری ساڵی ئێزدییەکانە، کە دەکەوێتە (یەکەم چوار شەممەی نیسانی خۆرهەلاتی و هەروەها هاوبەشییانە لەباوەڕی رۆژی دوایی و ژن نەهێنان لەمانگی نیساندا)[٢]. پۆلێکی تر لەمێژوونووسان ئەم ئایینە دەگەڕێننەوە بۆ (شاهدی کوڕی جەراح، کە کوڕەزای حەزرەتی ئادەم بووە)[٣]، بەلام (لاریای)ی رۆژهەلاتناس ئێزدییەکان ئەگەڕێنێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی (٢٧٦)پ.ز واتە سەردەمی مانییەکان)[٤].

---

(1) زهیر کاظم عبود: الایزیدیة، حقائق وخفایا واساطیر،هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

(2) خدری سلێمان و سەعدوڵلا شێخانی: شێخان و شێخان بەگی، چاپی یەکەم، چاپخانەی فنون، بغداد، ساڵی (١٩٨٨)، ل١٣

(3) قادری ئەحمەدی، کوردو مێژوو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤

(4) هەمان سەرچاوەی / ل ٤٤

هەندێکی تر وای بۆ ئەچن، کە ئێزدییەکان سەر بەئایینی زەردەشتی بن، ئەمەش گومانی لەسەرە، چونکە هەندێ سەرچاوە هەیە، پێیان وایە مێژووی ئایینی ئێزیدیو دەرکەوتنی، پێش ئایینی زەردەشتی کەوتووە.

بەڵگەش بۆ ئەمە، لایان وایە ئایینی زەردەشتی هەندێك بیروباوەڕی وەك ئاگرکردنەوە لەمەزارگەکانداو جەژنی جوتیارو ڕێزگرتن لەدیاردەی سروشتی وەك (ئاگر، خۆڵ، ئاو، با،....هتد) لەئێزدیەکانەوە وەرگرتووە)[1].

هەندێکی تر "بۆسەردەمی ساسانییەکانی دەگێڕنەوەو باس لەپەیوەندی میرێکی ئێزیدی بەدووەم پاشای ساسانییەکانەوە بەناوی (شاپوری یەکەم (٢٤٢-٢٧٣)"[2] دەکەن.

(قادری ئەحمەدی)ش لەنووسینکدا نوسیویەتی: "ئاشو نووحو ئوتوناپشتم، کە کەشتیەکەی لەسەر چیای جودی وڵاتی کوردۆئین، واتە وڵاتی کوردان گیرسایەوە، لەوێ جێگیر بوو، گوندێکیان دروست کرد بەناوی (هەشتیا)، پاشان هەریەك لەسێ کوڕەکەی بەناوی (ئادانە، ئاتانە، شام سان) ڕوویان کردە ناوچەیەك، یەکەمیان، واتە (ئادانە)

---

(1) خدری سلێمانو سەعدوڵلا شێخانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣-١٤
(2) ئنستانس ماری کەرمەلی: هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١١

پەرستگایەکی لەناوچەی (ئیسفنیّ) بەناوی (لالش) دروست کردووە، کە بەکۆنترین پەرستگەی وڵاتی سوبارتو دائەنرێت، کە ئەمڕۆ بۆتە نزرگەی ئێزدییەکان"(1).

هەنـــدێکی تـــر وای بۆئەچـــن کـــە (ئیزدییـــەکان) لەشـــەمانییەکانی ناوچـــەی (الحـــضر) کـــۆنترن و کاریگـــەری ئایینـەکانی فەلـەو مەسیح و موسڵمانیان لەسـەرە، بـەڵام ئـەم رایـــەش گومـــانی زۆری لەســـەرە، چـــونکە بـــەبڕوای (د. عەبـدولقادر مارۆنـسی) کـە پـسپۆڕە لـەبواری ئێزدایەتیـدا، ئـاییـنی ئێـزدی زۆر کۆنـەو کـۆنترە لەئاینـەکانی جولەکـەو مەسیح و موسڵمان، ئەسڵەکەشی ئاسمانییە)(2).

(تۆفیق وەهبـی)ش لای وابووە "ساڵی(١٩٥٤) بۆیەکەمجار لـەپاشماوەکانی ئـاینی مـیترانییـەکان لەنـەخش و ژمـارەدا دەرکـەوت، کـە ئێزدییـەکان شـەیتان پەرسـت نـین، بـەڵکو لێکچوونی زۆر لەنێوان ئایینی ئێزدی و ئاینی میترانییەکاندا هـەبووە. ئەمـەش هـەر لەسـاڵی (٥٣٩پ.ز)وە، کەواتـە ئێـزدی ئاینی میتراني" یە.

---

(1) ئەحمەدی قادری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

(2) المارونـسي، د. عبـدالقادر: حـوار مـع مجلـة لالـش، مركـز لالـش الثقـافي والاجتماعي، عدد ١٣، دهوك، ٢٠٠٣، ص٧٢

هەندێك لەمێژوونووسانیش هەتا ماوەیەك لەمەوپێش وایان ئەزانی، کە وشەی ئێزدی بۆیەکەمجار لەسەدەی یانزەیەم لەلایەن (ئەبو مەنسور عەبدولقادری کوڕی تاهری بەغدادی) کەلەساڵی (٤٢٩ك-١٠٢٣ز) کۆچی دوایی کردووە، ناوی هاتووە (د.خلیل جندی)یش پێی وایە "(ئێزدیەکان پاشماوەی کۆنترین ئاینی سۆمەری‌و بابلی کۆن‌و سێ خواوەندی گەورەی ئێزدییەکان کە لەئاینی ئێزدیدا ناویان هاتووە، لەمێژووی شارستانێتی کۆندا پەرستراون.

یەکێکیان خوای خۆرە، کە بەسۆمەری پێیان وتووە (ئوتو)و بەبابلی پێیان وتووە (شماس). بەبۆچوونی بەشێك لەمێژوونووسانیش ئەوە (شێخ شەمس) خۆیەتی، کە لەهەمان کاتدا (طاوس)و نوێنەری خوایە لەسەر زەوی‌و بەشێوەی خۆر دەرکەوتووە. دووەمیان (شێخ س) خوای مانگ، کە خوایەکی میسۆپۆتامیاییەو بەسۆمەری پێیان وتووە (نانا)، (سین) بەبابلی، کە خوای پیتاندنە لەلای ژنان. سێیەم (شێخ ئادی) کە خوای باران‌و خێرو بەرەکەتە، بەسۆمەری ئەنووسرێ (ایم) لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەی جیاواز ئەخوێندرێتەوە وەك (ادد-ادی-أودنوخ-

حدد-حداد)[1]. هەر لەدرێژەی نووسینەکەیدا باسی لەوە کردووە کە مامۆستا (مەسعود محەمەد) دەربارەی رەگو ریشەی کوردو وشەی (ئێزدیو داسنی) وتویەتی "ئێزدیەکان لەکۆنترین کۆمەڵگاکانن، کە لەو ناوچانەدا نیشتەجێبوون، کە ئێران و هندی تیایدا دانیشتوون، ئەمەش بەمانای ئەوەی لەکۆنترین خێڵە کوردییەکان بوون، ئاینەکەیان پێش ئاڤێستای زەردەشتیەکان بووە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو کۆنتریشە لەفیدای هندییەکان "[2].

(زهیر کاظم عبود)یش (شێخ عدی کوری مسافیر)[3] بەدامەزرێنەری ئەم ئایینە دادەنێت. کە بێگومان زۆر دوورە لەراستییەوە، چونکە کۆنیی مێژووی ئەم ئایینەو دەرکەوتنی شێخ (ئادی) یان هاتنی بۆ ناوچەی ئێزدینشین زۆر جیاوازە.

(پوشکین) شاعیری گەورەی روسیش کە لەساڵی (١٨٩٢ ن) سەردانی بەرەکانی جەنگی نێوان روس و عوسمانییەکانی کردووە، کە شەڕەکە لەباکووری خۆرهەڵاتی کوردستان بووەو گەیشتۆتە شارەکانی (فارس و ئەرزرۆم). پوشکین بۆی

---

(1) د. الجندي: سەرچاوەی پێشوو،ص٦

(2) د. الجندي: سەرچاوەی پێشوو، ص٨

(3) زهير كاظم عبود: عدى بن مسافر مجرد الديانة الايزدية، الطبعة الاولى، مؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت: ٢٠٠٥، ص(٧)

دەرکەوتووە کە ئەو میللەتەی لێرەدا نیشتەجێ بوون، کوردن و بەزمانی کوردی قسەیان کردووە، لەنێوانیاندا هۆزێك هەبووە کە(ش)یان پەرستووە، پوشکین هەوڵیداوە لەنزیکەوە بیان بینێ و تایبەتمەندی ئایینەکەیان بزانێ.

(ساڵح قەفتان) یش، (لەمێژووی گەلی کورد لەکۆنەوە تائەمڕۆ)دا نووسیوویەتی: "هەندێك تیرەو تایەفەی کورد هەن، (یەزیدی) یان پێ ئەڵێن و بڕوایەکی تایبەتیان هەیە، لەناوچەکانی (حەلەب و وان و ئەرزڕۆم) دان. بەشی هەرە زۆریان لەناوچەی (موسڵ و شنگارو شێخان)دا نیشتەجین، رەنگە ژمارەیان بگاتە چارەکە ملیۆنێك، (ئیزدی)ش لە(یەزد)ەوە یان(یەزدان)ەوە کە ناوی (خودان)، بۆیان ماوەتەوە. "[1].

(سدیق دەمەلوجی) لەنووسینەکانیدا باسی ئەوەی کردووە، کە"ئێزدییەکان رەچەڵەکیان جولەکەیە، کە موسڵمان بوون، موسڵمانبوونیان تەواو نەبووەو خوای تریان بۆ زیاد کردووەو پەرستوویانە)[2].(جۆرج حەبیب)یش

---

(1) ساڵح قەفتان: مێژووی گەلی کورد لەکۆنەوە تائەمرۆ، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٤ ل٢٨١.

(2) زهير كاظم عبود، لمحات عن الأيزدية، الطبعه الاولى، المطبعة العاني، بغداد،(١٩٩٥)،ص٢٣

لەنووسینەکانیدا هەوڵیداوە لێکچوون لەنێوان ئێزدییەکان و مەسیحییەکاندا بکات و بیان گەڕێنێتەوە سەر مەسیح. بەڵام ئەمەش لەراستیەوە دوورە.

هەموو ئەو هەوڵانە بۆ لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی ئێزدییەکان بووە، وەك کوردو دوور خستنەوەیان بووە لەبزووتنەوەی کوردی بەپێی قۆناغە جیاوازەکان. لەگەڵ ئەوەی کە مێژووی ئاینی ئێزدی و دەرکەوتنی زۆر ئاڵۆزەو تێکەڵاوییەك لەبەرواو بیروڕاو شوێندا هەیە، دەتوانین بڵێین مێژوویەکی پڕ کارەسات و پچڕ پچڕیان هەیە. واتە وەك زنجیرێك وایە، کە هەندێ ئەڵقەی ون بووبێ.

هەر لەم بارەوە (شمو قاسم دنانی)یش نوسیویەتی لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا زۆرترین شەڕو ململانێ هەبووەو بەهۆی ئەو سیاسەتە خراپەی هەندێك لەخەلیفەکان بەکاریانهێناوە هەر لەجیاوازی رەگەزی و ئایینی بەرامبەر نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی ژێردەستیان، تاڕێزنەگرتن لەمافەکانیان و بیروباوەڕی ئاینییان، لەنێوان ئەو نەتەوەو ئاییناندا ئێزدییەکان زۆرترین پشکیان بەرکەوتووە)[1].

لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیشدا بارودخی ئێزدییەکان زۆر

---

1) دناني، شمو قاسم، مشاهير من الكورد الايزيديين، ص٨

خراپ بووەو لەبارێکی نائارامیدا ژیاون، هەمیشە لەشەڕو پێکداندا بوون، بەبەردەوامی هەوڵی داگیرکردنی ناوچەکانیان دراوەو لێیانکوژراوە. تەنانەت زۆرجار میرنشینە کوردەکان وەك میرنشینی سۆران کە میرەکەی(میر محەمەد)ی رەواندوز بوو، لەژێر کاریگەری ئایینداو بەتۆمەتی شەیتان پەرستیو لادان، هێرشی کردۆتە سەریان شەڕو کوشتاری زۆریان لێ کردوونو ماڵو سامانیان بەتاڵان بردوون [1]. هەندێ لەمێژوونووسانو رۆشنبیرانو نووسەران شێخ عودەی کوڕی مسافر بەدامەزرێنەری ئەم ئایینە دادەنێن، کەبێگومان زۆر دوورە لەڕاستییەوە، چونکە کۆنی مێژووی ئەم ئایینەو دەرکەوتنی شێخ ئادی یان هاتنی بۆ ناوچەی ئیزیدینشین زۆر جیاوازە، ماوەی ژیانی شێخ ئادی عدی کوری مسافیریش بۆ سالانی (١٠٧٨-١١٦١ز) دەگەڕێتەوە، بەڵام زۆرینەی بەڵگەکانی مێژووی دەرکەوتنی ئێزدیو ئایینی ئێزدایەتی ئەگەڕێنەوە بۆ پێش زایین. ئەمە مانای ئەوە نییە، کە نکوڵی بکرێت لەو رۆڵە گەورەی کە (شێخ ئادی کوڕی موسافیر) لەڕێکخستنو چاککردنو گەشەپێدانو پێشخستنو

(1) د. پیر ممو/ المانیا: ضوء على فلسفة الديانة اليزيدية وأصلها، مركز لالش الثقافي والاجتماعي، مجلة لالش، دهوك: العدد(٢-٣) ، سنة (١٩٩٤)، ص١٥٥

پاراستنی ئەم ئایینەدا بینیوویەتی، بۆیە پێویستە بزانین کاریگەری ئەم کەسایەتییە لەئایینی ئێزیدیدا چی بووەو. ئێزدی بوون لای ئەم کەسایەتییە چ مانایەکی گەیاندووە؟ لە(منجدی اللغه الاعلام چاپی ٢٧/ص٤٥٨) بەمشێوەیە باسی عدی کوڕی موسافیر ئەکات: "عدی کوڕی موسافیر" پێی ئەوترێ (شرف الدین أبوالفضائل) (٥٥٧هـ/١١٦٢م) کە سۆفیەکی گەورەو دامەزرێنەری رێبازی (عدویە) بووە، لە (بیت فار ) لە بەعلەبەك لەدایك بووە. بەشارەکەدا گەڕاوە، دوایی رۆیشتووە بۆ ناوچەی هەکاری لەموسلّ، گۆشەیەکی دروست کردووە، تیایدا ژیاوەو ئاینپەرستی تێداکردووە تامردن"[1]. شوێنکەوتووەکانیشی پێیان ئەوترێ (یەزیدی)و بەخاوەنی کتێبی جیلوە دائەنرێن، کە کتابی (ئێزدییەکانە). بەهەمانشێوە، کە صدیق دەمەلۆجی لەپەرتوکی (الیزیدیە)، باسی ئەوە ئەکات، کە عدی کوڕی مسافر ئەمەوی قوڕەیشی بووەو ڕەچەڵەکی ئەگەڕێتەوە بۆ مەروانییەکانو لە بیت فار لەدایك بووە، لە بەعلەبەك لەشامو پێی ئەوترێ هەکاری، لەبەر ئەوەی لەناوچەی هەکاری، لەباکوری موسلّ نیشتەجێ بووەو رێگەی سۆفیگەری گرتووە، بەو بیروباوەڕەی

---

(1) زهیر کاظم عبود: عدی بن مسافر، مجرد الديانة الايزدية، سەرچاوەی پێشوو، ص٧

لەباوکییەوە بۆی بەجێماوە، ڕێی پیشانی خەڵکی داوە. باسی ئەوە ئەکات کەس نەیدەناسی تا ئەوکاتەی هەندێ لەڕۆژهەڵاتناسانو ڕۆژئاواییەکان هەوڵیانداوە لەئاینی ئێزدی بکۆڵنەوە، ئەوکاتە ناسیوویانە، بەڵام ناسینێکی هەڵەو ناتەواو، کە بەکافرو بێباوەڕو .....هتد ناویان هێناوەو باسیان کردووە.

لێرەدا نووسەر ئەیەوێ بڵێ، کە شێخ عدی عەرەبییەو موسڵمانەو لەتیرەی قورەیشو لەڕەچەڵەکی ئەمەوییە. ڕێگای ڕێنومای گرتۆتەبەرو سۆفیگەری بەسەریدا زاڵ بووە، چۆتە چیاکانو لەتاریکیو نەزانیندا ژیاوە. بینیوویەتی بانگکردن بۆ سەر ئایینی موسڵمان کاریگەری لەسەری نەبووەو ناوچەیەکی بۆخۆی دروست کردووە، کە ناوی (لالش)ەو کردوویەتی بەشوێنی پەرستگای خۆی. زۆربەی سەرچاوەکان لەگەڵ کۆنی ئێزدییەکانن، بەڵام دەرکەوتنی ئەگەڕێننەوە بۆ شێخ ئادی کوڕی مسافیر، چونکە مێژووی ئێزدی هێندە هەژار بووە، بەرلە هاتنی شێخ ئادی، شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەبووە، بۆیە گەڕاندویانەتەوە بۆ شێخ ئادی. لەڕاستیدا ئەم مێژووە زۆر لەشێخ ئادی کۆنترە دیارە لۆجیکیش نییە کابرای عەرەب یەك وشەی کوردی نەزانێت،

کەچی بێت ببێت بەسەرۆکی هۆزێکی کوردیو رابەرییان بکات، کە ئەمە چەواشەکردنێکی دروستکراوی رێكوپێکە.

نکۆڵی ناکرێ لەوەی کە عدی کوڕی مسافیر لەکاتێکدا دەرکەوت، کە (ئایینی ئێزدی خەریك بوو لەناو ئەچوو، زۆر پێویستی بەم کەسایەتییە بوو بۆ تازەکردنەوەی ئایینەکە، هەرچەندە هەندێ کەس بەعەرەبو موسڵمانی ئەزانن، هەندێك بەکوردو ئێزدیی ئەزانن، هەندێك ئەڵێن پێش بوونی بەئێزدیی، ئایینی تری هەبووە. بەڵام جێگاو پێگەی ئەم کەسایەتییە لای ئێزدییەکان زۆر گەورەو بەرزو پیرۆزە، کە شانازی پێوە ئەکەنو ئەیپەرستنو کاریگەری لەسەر ژیانی فیکریو فەلسەفیو ئاینی ئەوان هەبووە)[1]. لەم بارەوە زۆرێك کتێبی پیرۆزی جیلوە ئەگەڕێننەوە بۆ شێخ ئادی، کە لەسەدەی یانزەهەم یان دوانزەهەم نووسیویەتی. هەندێکی تر بۆ دوای ئەو بەروارەی ئەگەڕێننەوە. واتە دوای کۆچی شێخ ئادی، بەڵام ئەمە دوورە لەڕاستیەوە. بەڵکو کتێبی جیلوە زۆر پێش سەدەی نۆزدەو پێش مردنی شێخ ئادی نووسراوەو لەترسی فەوتانو بەردەستکەوتن شاردراوەتەوەو تا ئەو سەدانەی دوایی بەردەست نەکەوتووە. سەرچاوەی ئەم کتێبە

---

(1) زهیر کاظم عبود: عدی بن مسافر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص١٦

لای هەندێ کەس ئاسمانییە. خۆ ئەگەر ئاسمانی نەبێ، ئەوە زۆر کۆنە. ئەتوانین بڵێین شێخ ئادی رۆڵی کۆکردنەوەو رێکخستنو نووسینەوەی بووە. لەکۆتایی ئەم تەوەرەدا ئەمەوێ بڵێم هەرچی نووسیومانەو باسمان کردووە، شتێکی زۆر کەمە لەمێژووی ئێزدییەکان. نمونەکان زۆر کەمن، گەر بەوردیو بەقوڵی بمانەوێ لەسەر ئەم تەوەرە بنووسین، سەدان لاپەڕەو سەدان نموونە هەن، کە زیاتر راستی رووداوەکانو مێژووەکە روون دەکەنەوە. بەڵام لەدوا هەنگاودا ئەگەینە ئەو راستییەی، کە ئاینی ئێزدییەکان زۆر کۆنەو لەسەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا دەرکەوتووەو وەك ئاینێکی گەلانی کۆنو ئاینێکی سروشتی (واتە لەسروشتو لەدیاردەکانییەوە)، وەك بیرکردنەوەی سەرەتای مرۆڤ دروست بووە. بەتایبەتی گەلانی کۆنی کوردو چەندین قۆناغی بڕیووە. ئێزیدیو ئێزیدیایەتی وەك هەموو ئاینێکی تر، ئەگەر کەمینەش بێ، لەدنیای میثۆلۆجیدا پێگەیەکی هەیە، لێکۆڵینەوەو گەڕان بەدوایدا تا دنیامابێ، بەردەوام دەبێت. نەك وەك ئاینێکی ئاسایی یەکتاپەرستی، بەڵکو وەك ئەوەی ئەم ئاینە دوای هاتنی ئایینەکانی جولەکەو مەسیحو موسڵمان چۆن بەردەوام بووەو ماوەو ئەو هەموو کارەساتانە نەیانتوانیووە لەبیروباوەڕیان کەم بکاتەوە،

لەکاتێکدا ئاینی ئێزدی ئاینێکی ئەبستری نییە، گەورەترین چەوسانەوەو سەختترین و دژوارترین جۆرو شێوازی چەوساندنەوەیان لەگەڵ بەکار هاتووە. بوونی پەرستگای لالش و چیای شەنگاڵ هێمای ئەو چەوساندنەوانە لێکۆڵینەوە بەردەوام ئەبێ بۆ دەرخستنی راستی و دروستی مێژووی کتێبی جلیوەو نووسینەوەی دەقەکانی و سەرچاوەی ئەو دەقانە، ئایا هی سەردەمی شێخ ئادییە، یان پێش ئەو؟ ئایا دەوری شێخ ئادی چی بووە تیایدا؟ بەدڵنیاییەوە مێژووەکان راستییان دەرئەکەوێ و ئێزدی زیاتر رەسەنایەتی ئەسەلمێت. هەندێك بۆ سەرەتایەکی زۆر نزیکی وەك سەدەی نۆزدەیەمی دەگێڕنەوە، کە ئەمە لەڕاستییەوە دوورە، چونکە دەرکەوتنی ئێزدیەکان ئەوەندە کۆنە، ئەتوانین بڵێین بەیەکێك لەو ئاینانە دائەنرێت، کە پێیان ئەوترێت ئایینە سەرەتاییەکان. بۆیە گێڕانەوەی بۆ سەدەی نۆزدەیەم ئەوە ئاشکرا ئەکات، کە زۆرتر لەڕاستییەوە دوورە، چونکە ئایینەکە زۆر لەو مێژووە کۆنترەو سەرچاوەکەشی ئاسمانییە)[1].

---

(1) مارونسي د. عبدالقادر: مركز لالش الثقافي والاجتماعي، مجلة لالش، دهوك، سنة، (٢٠٠٠)، العدد (١٣)، ص٧٢، صنيف المجلة

## ئیزیدیو داسنی:

لەبنەڕەتدا زاراوەکە ئیزیدیە نەك یەزیدی، ئەم زاراوەیەش رەگو ریشەی کوردییەو زۆر کۆنەو مانای تاكو تەنهایە، کوردەکانو ئیزیدییەکان خۆیان ئەڵێن (ئیزیدی)، بەڵام گەلانی دەورو بەرو دەرو دراوسێکانیان لەکۆنەوە پێیان ئەڵێن (داسنی)، هەریەك لەزاراوەکانی (کەلەکە داسنیان، مێرگەی داسنی سەروو و خواروو، دهۆکا داسنیا، چیای داسنیٚ) [1] بۆ وشەی داسنیٚ ئەگەڕێتەوە، کەمەبەست لێی ئیزیدییەکانەو بەدرێژایی مێژوو لەلایەن باو باپیرانی کوردەوە پارێزراون،

ماموّستا مەسعود محەمەد ئەڵێ: (وشەی داسنی مانای دێو پەرست). ئەمە تاوانێکە لەدێر زەمانەوە لەخەڵکی ئیزیدی کراوە، تا لەنرخیان کەم بکرێتەوەو هانی خەڵکی ساویلکە بدەن، تالەدژی ئیزیدییەکان جیهاد بکەن، وشەی ئیزیدیو داسنی باش شی کردۆتەوەو کە ئەم دوو وشەیە زۆر کۆننو چمکێك لەباوەڕی ئۆلی ئیزدی پیٚ ناسراوە[2].

---

(1) خدریٚ سلێمانو سەعدوڵلاٚ شێخانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٥)

(2) خدریٚ سلێمانو سەعدوڵلاٚ شێخانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١١)

مه کته بی بیروهۆشیاری

## باسی دووەم

# بنەماكانی  ئایینی ئیزدیایەتی

### تەوەری یەكەم

## بنەما ئایینیەكان

وتەیەكی ئێزدیەكان هەیە، كە ئەڵێن: "ئێزدی: لەهەركاتێك بووبێ و لەهەر كوێیەك بووبێ، خۆی بە ئەندامێك لەخێزانی ئاینی ئێزدیی داناوەو مامەڵەی هەرئێزدییەكی تری كردووە، وەك ئەوەی برای بووبێت لەناو ئەو خێزانەدا مامەڵەی كردووە. ئەمەو جگە لەوەی بەئاشكراو بەنهێنی هاوكاری یەكتریان كردووەو دەكەن".

دیارە ئەمەش لەكۆمەڵێ بنەمای ئاینییەوە سەرچاوەی گرتووە، كەوای كردووە لایەنی ئاینی بە سەریاندا زاڵ بێت و لەسەروو بەرژەوەندی تاكی ئێزدییەوە بێت. جارێك سەرەتا ئێزدییەكان: "ئەو خواپەرستانەن كە باوەڕیان بەخوای تاك و تەنیاو بێ شەریك و بێ هاوتا و بوونی حەوت فریشتەكان

(عزراییل، دردائیل، جبرائیل، میکائیل، شمقایل، عەزازییل، ئیسرافیل) هەیە"[1]، بەڵام (ئەنستانس ماری کەرمەلی) لەکتێبەکەیدا بەناوی (کتێبی ئێزیدیەکان و بیبلۆگرافیای ئێزیدیایەتی) لای وایە " ئێزدی ئاینێکی کۆنی یەکتاپەرستییە (monotheiste)و لەهەمان کاتیشدا ناوی گروپێکی ئتنیکیشە"[2].

نووسیویەتی ئێزدییەکان دان بەپەیامی پیرۆزی گشت پێغەمبەراندا ئەنێن، بەڵام جیاوازیان لەگەڵیاندا تەنها ئەوەیە، کە لەلای ئێزدی عەزازیل (ئیبلیس) سەرۆکی حەوت فریشتەکەیە. هەروەها (تاوس مەلیك) بەمانای سەرۆکی حەوت فریشتەکەیە لەباوەڕی ئێزدیداو ئەڵێن کاتێك خوای گەورە هەریەك لە فریشتەکانی دروست کردووە، ئاگاداری کردوون، کە جگە لەخوای گەورە، کڕنۆش بۆکەسی تر نەبەن. کاتێك خوای گەورە ئادەمی دروستکرد، داوای لەفریشتەکان کرد یەك لەدوای یەك کڕنۆشی بۆبەرن، هەموویان بۆیان برد، جگە لە(عەزازیل/ ئیبلیس) کڕنۆشی بۆ ئادەم نەبردووە. بەمەش فەرمانی خوای تاك و تەنیای بەجێهێناوەو ئامۆژگارییەکەی خوای گەورەی لەبیر نەکردووەو تاك و

---

(1) خدریێ سلێمان و سەعدوڵڵا شێخانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٧)

(2) کەرمەلی: کتێبی ئێزدییەکان، سەرچاوەی پێشو، ل١١

تەنیایی و گەورەیی خوای چەسپاندووە،[1] نەوەك بێ فەرمانی کردبێت.

(زهیر کازم عەبود) لەبەرهەمێکیدا نووسیویەتی "ئەوەی کە بەدڵنیاییەوە جێگیرە، ئەوەیە کە ئێزدییەکان باوەڕیان بەخوای تاك و تەنیایە، ئەویش (خوا)یە، کە دروستکەری ئاسمان و زەوییە، لەسەر عەرشی خودایی دانیشتووە، دواتر بەفەرمانی خۆی کانیاوەکان تەقیونەتەوەو بوونەتە دەریاو رووبارەکان و دوایی هەورو ئاسمان لە هەڵمەکانیان دروست بوون، لە رووناکی خواش رۆژو ئەستێرەو مانگ دروست بووە "[2].

هەروەها ئێزدییەکان هەندێ باوەڕی تایبەت بەخۆیان هەیە، وەك ئەوەی خۆیان بەنەوەی ئادەم ئەزانن، بەڵام خۆیان بەنەوەی حەوا نازانن، باوەریان وایە (تۆوی ئادەم نێرو مێیەو (خنسوی) لەهەردوو تۆوی نێرومێ پێکهاتووە، بەڵام هەموو مرۆڤو نەوەکانی تری سەرزەوی لەیەکگرتنی تۆوی نێرو هێلکەی مێ پێکهاتوون، کە ئەمیش لەئەنجامی جووتبوونی ئادەم و حەوا بووە، بەو شێوەیە خۆیان لەنەتەوەو مرۆڤەکانی

(1) خدرێ سلێمان و سەعدوڵلا شێخانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٧)
(2) زهیر کاظم عبود: لمحات عن اليزيدية، ص١٧

تر جیاکردۆتەوە [1]. جگە لەمانە، ئێزدییەکان چوار توخمی سەرەکی پیرۆزە لایان، کە (هەوا، ئاو، ئاگر، خۆڵ)، لەکتێبی پیرۆزی (جیلوە)دا ناویان هاتووە. ئەمە جگە لەوەی چوار قۆناغ لەلایان پیرۆزە، کە (الازمنە المقدسە)یەو بریتییە لە (لەدایك بوون، لاوی یان گەنجێتی، قۆناغی پیاوەتی، پیربوون)[2]. باوەڕیشیان وایە، کە رۆح سەرلەنوێ دوای تەواوکردنی ئەم قۆناغانە دووبارە ئەبێتەوە. هەروەها ئێزدییەکان شارەزایی چوار لاکەن یان چوار لای جیهان، هەروەها جگە لە باوەڕانەشیان، باوەڕیان بە دۆنادۆن و چارەسەرکردن (التناسخ والحلول)و چارەنووسی رۆح و رۆژی دوایی، رێپێدراوو رێلێگیراو (حلال وحرام)هەیە، لەگرنگترین ئەرکە ئاینییەکانیان (نوێژکردن، رۆژوگرتن ،حەجکردن، زەکات)ە. هەر یەکێك لەم بنەما ئاینییانەش رێوڕەسم و مەرجی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا شتی تایبەتیشیان هەیە، لەوانە:

(1) ڤیسنر جرنوث، تأریخ الشعب الایزیدی ودیانتە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص (١١٨).

(2) زهیر کاظم عبود لمحات عن الایزدیە، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٧.

مه کته‌بی پروه‌ی شیاری

### أ- رژێم یان سیستمی چینایەتی ئایینی[1]:-

ئیزدییەکان سیستەمێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە تیایدا زاناو پێشەواو پیاوانی ئاینییان بەم شێوەیە پۆلین کردووە:

١. ***شێخ:*** *کە بەرزترین پلەیەو بۆ ئەم پلانە دابەش بووە:*

أ-ئادانی

ب-قاتانی

ج-شمسانی (ئەمەیان چل لقە)

٢. ***پیر:*** *ئەمیش چل لقی هەیە*

٣. ***مورید:*** *ئەمەش هەموو خەڵك ئەگرێتەوەو لەنێوانیاندا پلەی ئاینی هەیە.*

٤. *قەواڵەکان.*

٥. *فەقیرەکان.*

---

(1) د.پیر ممو: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**ب- پیاوانی ئایینی**[1]**:**

١. **ئـەمیر:** ئەمـەش دەسـەڵاتی دنیاییـە (حـاکمی ناوچـەی شـێخان) خـاوەنی گـەورەترین دەسـەڵاتە لـەناو ئێزدیایـەتی و بەنەریت پشتاوپشتەو لەڕەچەڵەکی قاتانییە.

٢. **بـابی شـێخ:** سـەرۆکی ئـایینی ئێزدییەکانـە، خـاوەنی هێزی شێخایەتیەو راوێژکاری ئەمیرە بۆ کاروباری ئایینی.

٣.**فەقیر:** پیاوێکی ئاینییە، خۆی تـەرخان کـردووە بـۆ خـوا پەرسـتی، وازی لـە دنیـا هێنـاوەو لەهـەموو ئـەو شـوێنانە نیـشتەجێ ئـەبێت، کـە ئێزدینـشینن، وەك دەروێـشی لای موسڵمانەکان وایە.

٤. **کوچـك:** پیـاوێکی ئایینییـە، کـە وازی لەخۆشـی دنیـا هێنـاوەو زانایـە بەهـەموو نهێنییـەکانی ئـایین. لەبـەر زۆریـی بیرکردنـەوەی بـەکاروباری ئایینیـەوە هەنـدێ جـار ئەچـێتە حاڵەتی بێهۆشییەوە (غـەیب بـوون). تـەنیا لەناوچەی شـێخان (کوچك) هەیە.

٥. **قـوال:** مانـای ئەوانـەی قـسەیان زۆرە (قـەولیان زۆرە) (کثیر القول).

---

(1) د.پیر ممو، هەمان سەرچاوەی پێشوو ١٥٩

٦. **پـێش ئیمـام:** پیـاوێکی ئاینییـه لـهخێزانی (شـێخ حهسهن) لهگهڵ بابی شێخ له (لالش) ئاماده ئهبێ، یانی وهك (حاشیه) وایه.

٧. **بـابی گاڤـان:** لـهخێزانی ئامـادین لهگـهڵ بـابی شـێخ لهجهژن و بۆنهکاندا دائهنیشێ واته(حاشیهیهتی).

٨. **بابی چاوشین:** له لالش دائهنیشێ و خزمهتی پهرستگا ئهکات، جلی سپی لهبهردایهو نابێ ژن بهێنێ.

ئێزدییـهکان لهمێـژووی خۆیانـدا خـاوهنی دوو کتێبـی پـیرۆزن بـهناوی (جیلـوهو مهسـحهفهڕهش)[1]، زۆر ههوڵـدراوه لهلایـهن ئـهوروپایی و گهڕیـدهکان، نووسـهرو رۆشـنبیرانی تـر ببیـسرێن. بـۆ ئـهم مهبهسـتهش زۆر شـێوازیان تاقیکردۆتـهوه، خـهڵکیان بـهپاره گرتـووه، تهنانـهت خـهڵکیان بـۆ تـهرخان کردووه، بهڵام ئهنجامی نهبووه.

ئهمـهش لهکاتێکـدا ئێزدییـهکان خـاوهنی کتێبخانـه بـوون، فهرمانبـهری تایبـهت بهکتێبخانـهیان هـهبووه. بـهڵام کتێبـی جیلـوهو مهسـحهفهڕهش لـهدێر زهمانـهوهو شـاراوهتهوهو نـهیانوێراوه دهریبخـهن، دهقـهکانی ئـهم کتێبانـهش دهماودهم لهنێوان نهوهکاندا لهبهر کراوهو نـهوه بۆ نـهوه گوێزراوهتـهوه.

---

(1) کهرمهلی: ههمان سهرچاوهی پێشوو، ل٤٣

ئەمەش كاریگەری خراپی لەسەر ناسینی ئایینی ئێزدی لەلای کەسانی ترو ونبوون و گۆڕان لەدەقەکاندا بەهۆکاری ئەوەی بەزارەکی ئەگوێزرێتەوە لەناو تاکەکاندا، دروست کردووە.

* **پەرستگاو مەزارە پیرۆزەکان:**

(مەزار)[1] جێگەو شوێنە کۆنەکانی پیاوچاك و شێخەکانیانە، کە وەك پەرستگا یان بۆ کۆبوونەوە لەکاتی جەژن و بۆنە تایبەتەکانیاندا بەکاریان هیناوە، لەنێو ئەو مەزارانەشدا:

١. **پەرستگای لالش:** لەناوچەی شێخانە، لەدۆڵی لالشدا، سەختی شوێنەکەشی بەڵگەیە بۆ ئەو هەموو چەوساندنەوەیەی لەسەر ئێزدییەکان بووە. مەزارەکەش هی (شێخ ئادی کوڕی مسافر)ە، بەقیبلەی ئێزدییەکان دائەنرێ لەهەموو جیهانداو ئێزدییەکان بۆ حەجکردن روویان تێکردووە.

٢. **مەزارەکانی چیای شنگاڵ:** ئەمانە ژمارەیان زۆرەو مێژوویەکی کۆنیان هەیە. کە زۆری هی پیاوچاك و

---

(1) شنگاری، حجي سمر: الايزدية في جبل شنگار،مركز لالش الثقافي والاجتماعي، دهوك، عدد (١٣)، سنة،آب (١٩٩٤)،ص٢٢.

شـێخەکانیانە. لـەکاتی جـەژن و بۆنـە ئاینییـەکانیان لـەوێ کۆئەبنەوەو ڕێوڕەسمەکان بەڕێ ئەکەن.

کتێبی پەروەرشیاری

**ئەرکە ئاینیەکان[1]:**

**١. ڕۆژوو (الصوم)**

ئیزدییە کان بەڕۆژوو ئەبن، کەتیایدا لە بەیانییەوە تائێوارە واز لەخواردن و جگەرەکێشان ئەهێنن. خواردنەوە قەدەغەیەو کۆبونـــەوەی ژن و پیـــاو (مـارەســـەی جنـــسی) بەدرێـــژایی بـەڕۆژوبوون قەدەغەیـە. ئیزدییـەکان باوەڕیـان وایـە کـەڕۆژوو وەرزشـــێکی دەروونییـــەو تاقیکردنەوەیـــە بـــۆ بەرهەڵـــستی و بەرگـەگرتنی تـونێتی و برسـێتی یـا بـە ڕۆژوبـوون لـە ئاسـت هەرشتێك، کە نەفس داوای بکات.

**٢. نوێژکردن (الصلاة)**

نویـژکردن لای ئیزدییـەکان تایبەتـەو بریتییـە: لـەنزاکردن و پارانـەوە لـە یـەزدان و فریـشتەکانی، کـە بـە ئـەرکی ئـاینی و دائـەنرێت و ئـەبێ هـەموو ڕۆژێـك بـەجێبهێنرێت. قیبلـەی ئیزدییـەکان لـە کـاتی نوێـژدا (ڕۆژە) (الـشمس)، کـەپێی ئـەڵێن

(1)باقسرێ، سەرچاوەی پێشوو،ل١٨١

(قوبلـەت بـدور) یـانی (القبلـە الـدوارە)، نویـژەکانیان یـان نزاکانیان بریتییە لە: نوێژی بەیانی، لەگەڵ دەرکەوتنی خۆر، پشت گرێدانێ (شدالظهر)، کاتێ لـە خـەو هەڵئەستێ، نویـژی فەجەر پێش سبی، کە پێش هەڵهاتنی خۆرە .

ئیزدییەکان دوای شتنی دەستو دەمو چاو بەرامبەر خۆر رائەوەستن، دەستی راست لەسەر چەپ دائەنێنو نزاکانی خۆیان ئەخوێنن، هەروەها شایەتمانیان هەیە، کە پێی ئەڵێن شـەهادەی ئـاینی، کـەپێش نووسـتن یـان هـەر کـاتێکی تـر دەیخوێنن.

### ٣. تاووس گێران (الطواف بالطاووس)

تاووس گیران، یان (سنجق) یەکێکە لەئەرکەکانی تریان، کە تەواف کردنە بەتاووس یان تاووس گێران، کە پێی ئەڵێن سنجق، ئەمەش لەگوندەکانی ئیزدیدا ئەکرێ .

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

## تەوەری دووەم
# بنەما کۆمەڵایەتییەکان

بەو پێیەی ئایینی ئیزدییەکان یەکێکە لەئایینە کۆنەکان و بەشێکن لەگەلانی کۆنی سەر ئەم زەمینەو بیروباوەڕی تایبەت بەخۆیان هەبووە، لەسۆنگەی ئەو تایبەتمەندییەی هەیانە، هەندێ بنەماو فەرمانی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆیان هەیە، لەوانەش:

### ١.لەدایکبوون و مۆرکردن (الولاده والتعميد):

دوای لەدایکبوونی منداڵەکە، ژنەکە بۆ ماوەی یەك هەفتە لەسەرجێ ئەکەوێ، کە (حەوت رۆژ ئەکات، تا تەندروستی بەرەو باش بوون بڕوات و ببوژێتەوە، منداڵەکەش ئەبەن بۆ لالش لە (کانی سپی) تەعمیدی ئەکەن. بەئاو هەڵکێشان لەکانی سپی مۆری ئەکەن، دواتر مناڵەکە لەشیری ژنێکی تر شیری پێ ئەدەن، کە پێی ئەڵێن (فرچل)، بەمە ئەبێ بەبراو خوشکی مناڵی ئەو ژنەی شیرەکەی پێداوە. هەردوو شیرە

خۆرەكان (منداڵەكان) ئەبن بەخوشكو براو بەیەك ناشێن بۆ مارەكردن)[1].

## ٢.سونەتكردن، خەتەنەكردن (الختان)[2]:-

یەكێكە لەبنەما ئاینییە پیرۆزەكان لای ئێزدییەكان، كەبنەمایەكی كۆنە لەلای گەلان، سوونەتكردنی هەموو (كوڕ)ێكە لەناویاندا وەك جێبەجێكردنی پەیمانێك، كەلەباوەڕی ئەواندا (حەزرەتی ئیبراهیم)پەیمانی بەخوا داوەو لەكاتی خەتەنەكردنیشدا ئاهەنگ ئەگێڕن.

## ٣. پەروەدە بوون:

یەكێكی تر لەبنەماكانی ئاینی ئێزدی پەروەدەكردنی ئەو منداڵانەیە. بەپێی بنەما ئاینیو كۆمەڵایەتییەكانی خۆیان تا ئەوكاتەی گەورە ئەبنو ژن ئەهێنن یان شووئەكەن.

## ٤. ژنهێنانو شووكردن: (الزواج)[3].

یەكێكە لەبنەما كۆمەڵایەتییە پیرۆزەكانو شێوازی خۆی هەیەو بەپێی نەریتی خۆیان رێوڕەسمی ژنهێنان بەڕێوە

---

(1) باقسرێ: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٧

(2)) باقسرێ: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩

(3)) باقسرێ: هەمان سەرچاوەی پێشو، ل٢٠١

دەبەن. ژنهێنان و شووکردن لەنەریتی ئەواندا بەڕەزامەندی کچ و کوڕ ئەبێ، ئەبێ یەکتریان بەدڵ بێ و لەیەکتر بگەن. بەئاگاداری خێزان و کەسوکاری هەردوولاش ئەوکارە جێبەجێ دەکەن، ماوەی دەزگیرانی، نیشانکردن، مارەکردن، گواستنەوە، ئەمانە هەمووی ئەکەن، ئەمەو هەروەها ژن نادەن بەبێگانەو کچ لەبێگانە ناهێنن. ژن و ژنخوازی لەگەڵ جیا لەئێزدی ناکەن. لەلایەکی ترەوە چینەکان ژن و ژنخوازی لەگەڵ یەکتردا ناکەن، واتە هەرچینێکی ئاینی لەناو خۆیاندا ژن و ژنخوازی ئەکەن. ئەم کلتوورو نەریتەشیان لەم بارەیەوە زۆر لەهی گەلانی کورد ئەچێ و جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە.

### ٥. (بەخاك سپاردن)[1]:

یەکێکی تر لەبنەما کۆمەڵایەتییەکان کەلایان پیرۆزەو ڕێوشوێنی خۆی هەیە، مەراسیمی بەخاك سپاردنی مردووە لەلایان. لەکاتی مردندا (قەولا سەرەمەرگێ) ئەخوێنن، کە دوعایەکی ئاینییەو لەلایەن یەکێك لەشێخەکانەوە لەسەر مردوو ئەخوێندرێت. دوای ئەوە براکەی تری، یان شێخێك یان پیرێك ئامادە ئەبێ و ئەیشۆن، بەڵام ئەگەر مردووەکە ژن

---

(1) باقسرێ: هەمان سەرچاوەی پێشو، (ل٢٠٩)

بوو، خوشكی تری ئامادە ئەبێ، یان شێخێكی ژن یان پیرێكی ژن ئەیشوات.

دوای ئەوەی كە مردووەكە كفن كرا، كەرەنگی سپییە، كەمێك لە خوڵی لالش (بەرات) ئەخەنە سەر دەمو چاوو گوێچكەی گوێچكەیەوە، چاوو گوێی ئەبەستن‌و دوای تەواوبوونی لەكفنكردن، ئەیخەنە تابوت یان ئەیخەنە سەر تەختێك‌و لەلایەن ئامادەبووان سێ جار هەڵیئەگرن‌و دایئەنێن. دوایی ئەیبەن بۆ سەر قەبران، كە پێی ئەڵێن ماڵی (هەق).

## بۆنەكان‌و جەژنەكانی ئێزدی[1]:

ئێزدییەكان گەلێك بۆنەو جەژنیان هەیە، كە لێرەدا هەندێكیان ئەخەینە روو:

١. ***جەژنی سەریساڵ.***

ئەكەوێتە رۆژی (چوار شەممە)ی یەكەمی مانگی نیسانی رۆژهەڵاتی (اليوناني).

---

(1) باقسریێ: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٣١)

**٢. جەژنی چلەی هاوین ( عید اربعینیه الصیف )**

لە (١١حوزەیرانی رۆژهەڵاتی) دەست پێدەكاتو تا(٢٠ تەموزی رۆژهەڵاتی) بەردەوامە. واتە (٢٤ حوزەیرانی رۆژئاوایی تا ٢ ئابی رۆژئاوایی) مەراسیمی ئەم جەژنەش لەپەرستگای لالش دەبێ.

**٣. جەژنا كۆكردنە ( عید التجمیع ):**

ئەم جەژنە لە لالش مەراسیمی بەڕێ ئەكرێ، ماوەكەی (٧) رۆژە لە (٢٤-٣٠) ئەیلولی رۆژهەڵاتی، بۆ ئەو مەبەستەش لەهەموو لایەكەوە ئێزدییەكان كۆمەڵ كۆمەڵ دێن بۆ لالش، یانی كۆبوونەوەیەكی جەماوەرییانەیەو رێوڕەسمی خۆی هەیە.

**٤. جەژنی قوربان:**

ئەم جەژنە ئەكەوێتە یەكەم رۆژی جەژنی قوربانی موسڵمانانەوە، ماوەكەی یەك رۆژە، پێش جەژن بە دوو رۆژ بابێ شێخو هەندێ پیاوی ئاینی ئەچن بۆ لالش بۆ جێبەجێكردنی مەراسیمی تایبەت بەم جەژنە.

**٥. جەژنی چلەی زستان ( عید اربعینیة الشتاء )**

ئەكەوێتە رۆژی كۆتایی چلەی زستان، واتە رۆژی (١٩ كانوونی دووەمی رۆژهەڵاتی) یان (١)ی شوباتی رۆژئاوایی.

٦. **جەژنی رۆژوو (عیدالصوم):**

ئێزدییەکان (سێ) رۆژ بەڕۆژوو ئەبن و لەڕۆژی چوارەمدا ئەیکەن بەجەژن، ئەکەوێتە رۆژی هەینی یەکەمی مانگی کانونی یەکەمی رۆژهەڵاتی.

٧. **جەژنی بێڵندی (عید بیلندە)**

ئەم جەژنە ئەکەوێتە رۆژی هەینی دووەمی چلەی زستانەوە

٨. **جەژنی خدرلیاس (عید خدرلیاس)**

ئەکەوێتە رۆژی پێنج شەممەی یەکەمی مانگی شوباتی رۆژهەڵاتییەوە. سێ رۆژی پێش جەژن، واتە (دووشەممەو سێ شەممە وچوار شەممە) بەڕۆژوو ئەبن، کە پێی ئەڵێن (ڕۆژووی خدرلیاس).

٩. **شەوی بەرات یان (لیلة البراءة)**

ئەم شەوە شەوی (١٤/١٥) لەمانگی شەعبانی قەمەرییە (مانگی).

١٠. **تەواف (الطوافات)**

ئەمە بریتییە لەئاهەنگ و بۆنەی ئاینی لەناوچەکەدا، زیاتر ناوچەی موسڵ ئەگرێتەوە، بەتایبەتی (مەرگەه وگوندەکانی قەزای شێخان و تەلکیف و ناحیەکانی بەعشیقەو ئەلقوش و پارێزگای دهۆك و قەزای سمێل و زاخۆو شنگار). واتە

لەناوچەکانی سورياو تورکياو کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ناکرێت.

ئیزیدییەکان هەندێك بۆنەی ئایینی تریان هەیە لەوانە:

***سەفەرا ماستا (نەقڵ)***

لەبـــەهاری هـــەموو ســـاڵێکدا دانیـــشتوانی گونـــدە ئێزیدنشینەکان هەڵئەستن بەسەردانی لالش و لەگەڵ خۆیاندا زەیتـی تایبـەت ئەبـەن بۆداگیرسـاندن لەشـوێنە پیرۆزەکـانی لالـشدا خـواردن لەگـەڵ خۆیانـدا ئەبـەن، بۆئـەوەی بیـدەن بەوانەی لەبۆنەکاندا سەردانی لالش ئەکەن.

***بانگێشتکردن یان دەعوەتی (داوەنەبی)***

ئەمە بۆدانیشتوانی گوندێك ئەکرێ، کەکێشەیەکی ئاینی یان کۆمەلایـەتی دیاریکراویـان هـەبێت. یـان کاتێـك بیانـەوێت چاکسازی لەیـەکێك لـە (مقامـات)ەکـانی کۆنـدا بکـەن، مجیـور هەڵئەستێت بەئاگادارکردنەوەی خـەڵکی گونـد بـەناوی یـەکێك لەپیاوچـاکانی گوندەکـــەوە، کەلەنزرگـــەی ئەوپیاوچـــاکە ئامـادەبن. هـەروەها هەنـدێك بۆنـەو ئاهـەنگی تایبـەت بـەتیرەو هـۆزە ئیزیدییـــەکان هەیـــە، وەك (باتزمیـا چـێلکا) تایبەتـە بەهۆزی چێلکا، (زێـوە) کەتایبەتـە بـەهۆزی (باسـا)ی ئیزیـدی .... هتد.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

## بەشی دووەم

# پێگەی ئێزدییەكان لەهەرێمی كوردستاندا

بەپێی ئەو توێژینەوەو لێكۆڵینەوانەی لەسەرجەم بوارە جیاجیاكانی مرۆڤناسیدا كراون، ئایین لەنەتەوە كۆنترە. دروستبوونی بیروباوەڕی ئایینیش لەسەرەتاكانی یان قۆناغە سەرەتاییەكانی ژیانی مرۆڤدا سەریهەڵداوە. بەڵام مێژووی نەتەوە هێندە كۆن نییە، بەڵكو وەك پەرچەكردارێك بۆ كەمكردنەوەو كۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی كڵێسا، سەرەتا لەئەوروپا سەریهەڵداو تەشەنەی كرد بۆ وڵاتانی جیهان. بەو پێیەش مەڵبەندی سەرەكی ئێزدییەكان كوردستان بووە، پێویستە سەرەتا پێگەی ئەوان لەكوردستاندا دیاری بكەین.

مه کتەبی پروهەژشیاری

# باسی یەکەم

# پێگەی جوگرافی ئێزدییەکان

## تەوەری یەکەم

## پێگەی جوگرافی ئێزدییەکان لەکوردستان

ناوچەی بڵاوبوونەوەی ئێزدی کەوتۆتە ناوچەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیكو ناوەڕاست[1] بنکەی سەرەکی ئەوانیش باکوری ڕۆژهەڵاتی موسڵو ناوچەی شێخانە لەنێوان ڕوباری دیجلەو زێی گەورەدا.

لەعێراقیشدا کەوتونەتە چیای شەنگاڵو زنجیرە چیاکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی موسڵو ناوچەی شێخان[2].

(1) ڤیسنر: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤

(2) ڤیسنر: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤

ئەمەوجگە لەوەی ناوچەکانی ئێزدینشین جیان لەیەکتریو لەگوندو کۆمەڵگای دوورلەیەك ئەژین، کە لەنێوانیاندا گوندو کۆمەڵگای مەسیحیو موسڵماننشین هەیە، واتە ئێزدییەکان لەگوندی بچووك بچووك ژیاونو ئەژینو چواردەوریان بە دراوسێکانیان لە موسڵمانو مەسیحی دەوردراوە[1]، ئەمەجگە لەوەی بەهۆی زۆرو ستەمو سیاسەتە جۆراوجۆرەکانی حکومەتە سەردەستەکان، بەرەو کەمبوونەوە، یان هەڵکشانی ناوچەکانیان بوونەتەوە، بۆ نموونە چیای شەنگاڵ، ناوچەیەکی بەرفراوانی ئێزدییە لەباشوری کوردستان، بەڵام بەهۆی سیاسەتی تەعریبەوە بەرەو چۆڵکردنو کۆچکردنی بەزۆر بوونەتەوە، عەرەب هێنراوەتە شوێنیان. بەتایبەتی دوای راپەرینی بەهاری (١٩٩١) لەباشوری کوردستان.

چەوساندنەوەی بەردەوامو گۆڕینی شوناسی نەتەوەییان بەزۆرو داگیرکردنی گوندو شارۆچکەکانیان بەبەردەوامیو گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکانیان لەلایەن گەلانی سەردەستو حکومەتەکانەوە وای کردووە، کە بەبەردەوامی چالاکییەکانیان بەرتەسك بکرێتەوەو لەقاڵب بدرێو بەرەو

---

(1)ڤیسنر: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥

پوکانـــەوەیان بـــەرن[١]، جگـــە لەهەوڵـــدان بۆلـــەناوبردنیان و کەمکردنەوەی ژمارەیان.

(عـــەدنان زیـــان) ئامـــاژەی بـــەوە داوە، کـــە بەشـــێوەیەکی ســـەرەکی ئێزدییـــەکان لەباشـــوری کوردســـتانن (هـــەرێمی کوردســـتانی باشـــور). بـــەزۆری لەناوچـــەکانی (شـــێخان) لـەباکوری رۆژهـەڵاتی موسڵ، (باعـەدری، بـەحرانی، باشـیقە، عـەین سـوفنا، چیای مـەقلوب)و هەنـدێ لەگونـدەکانی نێـوان (ئـەتروش، رووبـاری کومـل، تـەل ئەسـقف، ناوچەکانی زاخـۆ، سمبێل، تلکیـف، دهـۆك، القـوش، بـەربینی، کایـدیا، سـلیڤانا) نیـــشتەجێن. بـــەم پێیـــە ناوچـــەکانیان بـــەزۆری ئەکەوێتـــە رۆژهەڵاتـــی رووبـــاری دیجلـە هـەتا زێـــی گـەورە[٢]. لێـرەوە زۆرتـــرین ژمـــارەو چـــڕی دانیـــشتوانی ئێـــزدی لەکوردســـتانی باشوردایەو بەزۆری لەم گوندو شارۆچکانەدا نیشتەجێن.

کوردسـتانی رۆژئـاوا (سـوریا): لەشـارەکانی (حەسـەکەو حەلـــەب و لەناوچـــەکانی قـــەزای قامـــشلی، دەوری کلیـــب، عەنتاب، سروج، بیرجل، عەفرین، ناوچەی جراح ترنسبی، ال رش، ئوتلجـا، تـەل خـاتوون، دیریجیـك)و ناوچـەی جـەزیرە

---

(1) باقسریێ: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٥)

(2) عدنان زیان فرحان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣

(چیای سمعات، عامورا، عرش کیبار، باسوتاو هەندێ گوند لەدەشتی جومە)، نیشتەجێن.

لەکوردستانی باکور (تورکیا): لەناوچەی (تورعابدین، نوسەیبین، وێران شار) کە سەربە لیوای ماردینە. (حەسەن کەیف، دیاربەکر، جزیرە، میافارقین، بشیریە، رچوان)، لە (سعرت، رساسون، دێریك)، دائەنیشن.

لەکوردستانی ئێرانیش: لەپارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوا نیشتەجێن. لەکۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بەتایبەتی لەئەرمینیاو جورجیاو یەریڤان نیشتەجێن. [1]

کاتێکیش بمانەوێ بەیەکەوە لەهەموو کوردستاندا سنوری ئەو ناوچانەی ئێزدی تیدا نیشتەجێیە، دەستنیشان بکەین، لەوانەیە ئاسان نەبێ و نەگەینە ئەنجامێك. دیارە هەموو ئەو سەرچاوانەی کە لەسەر ئێزدی نووسراون، نەیانتوانیووە سنوری ناوچەی ئێزدینشین بەتەواوی دیاری بکەن، هۆکاری ئەمەش زۆرە، وەك ئەوەی ئێزدییەکان لە کۆمارەکانی (تورکیاو عێراق و سوریاو ئێران و رووسیا)بوونیان هەبووەو

(1) پیر خدر سليمان: الازديون والتراث الكردي، مركز لالش الثقافي والاجتماعين، مجلة لالش، دهوك، عدد (١٤)، سنة، (٢٠٠٠)، ص (٦-١٦)

هەیـــە[1]. واتـــە دابەشـــبوونێك، كەبەدەســـتی ناحـــەزی كـــورد كـراوە، لەلایـەكی تـرەوە وەك باسمـان كـرد، دەگمەنە لـەڕووی جوگرافییەوە ناوچەی پێكەوە گرێدراویان هەبێ [2].

لەلایەكی ترەوە، وەك ئەزانرێ، كوردستـان لـەهیچ یـەك لـەو وڵاتـانـەی ناویـان هـاتووە، قەوارەیـەكی سیاسـی سـەربەخۆی نـــەبووەو خـــاوەنی دەوڵـــەت نـــەبووە، تابتوانـــێ زۆر لەتارماییـــەكانی بـــواری مێـــژوویی و جـــوگرافی ئـــەم میللەتـــە بڕەوێنێتـــەوە. هـــەر بۆیـــە لێـــرەوە بـــەهۆی ئەوفاكتەرانـــە ئیزدییەكان بۆخۆیان كەمایەتی ئایینی كوردبوون.

كـاتێكیش بـاس لـەژمارەیان ئەكـەین لەكوردسـتا دا، ئـەوا ئامـارو ژمارەكـان جیـاوازن، لەچـاوپێكەوتنێكی شـێخ عیـدۆ لەگـەڵ گۆڤـاری لالـش[3]، بـەم شـێوەیە بـاس لـەژمارەی ئیزیدییەكان ئەكات:

لەباكوری رۆژئاوای ئێران (٦٠٠٠٠) هەزار كەسن

لەئەرمینیاو جۆرجیا (٤٠٠٠٠ – ٥٠٠٠٠) هەزار كەسن

---

(1) پیر خدر سلیمان، هەمان سەرچاوەی پێشوو. عدد (١٤)، سنة، (٢٠٠٠)، ص (٦-١٦)

(2) عدنان زیان فرحان: سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٩)

[3] پێـرەش: چـاوپێكەوتن، بنكـەی رۆشـنبیریو كۆمەڵایـەتی لالـش، گۆڤـاری لالش، دهۆك، ژ.٥، ل.١١٧

لەئەڵمانیا (٥٠٠٠٠ – ٦٠٠٠٠) هەزار کەسن

دواجار کۆی گشتی لەجیهاندابە یەك ملیۆن مەزندە ئەکات.

بـەلاَم پـیر خـدر سـلێمان ئـەڵێت [1] لـەعێراق (هـەرێمی کوردستان ژمارەیان (٥٠٠٠٠٠) کەسە، لەسوریا ژمارەیان (٢٠٠٠٠) کەسـە، لـەتورکیا ژمارەیـان (٤٠٠٠٠) کەسـە، لەکۆمارەکانی یەکێتی سۆفێتی پێشوو، بەتایبەتی ئەرمینیا و جۆرجیا نزیکـەی (١٠٠٠٠٠) کەسـە، لـەئێرانیش ژمارەیـەك هەیە، کەشەش گوندە نزیك شاری کرمان شاه، لەلوبنان لەدە خێزان تێ ئەپەڕن.

بەلاَم لەمیواندارییەکی (د.ئەندریاس ئەکرمان) لەگەڵ ژمارە چـواردەی گۆڤـاری لالـش لـە ل (١٤٠) دا ئیزیدییـەکان تـەنها لەئەڵمانیا بە (٢٠٠٠٠٠ – ٣٠٠٠٠٠) کەس مەزەندە دەکات.

کـاتێکیش باسـی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان دەکـەین، پێویستە پێکهاتەی دانیشتوانەکەی شیتەڵ بکەین، بۆ ئـەوەی بایـەخی جیۆپـۆلیتیکی دانیـشتوانەکەی بـزانین و کاریگەرییـە پـــۆزەتیڤ و نێگەتیڤـــەکانی دیـــاری بکـــەین. یـــەکێکیش لەپێکهاتـەکانی دانیـشتوان، پێکهاتـەی ئاینییەکەیـەتی، کـە

[1] پیر خدر سلیمان: سەرچاوەی پێشوو، ل. ٦-١٦

لەشیتەڵکردنی دانیشتواندا وەك فاکتەرێکی بەهێزو کاریگەر بۆ سەر جیۆپۆلیتیکی دەوڵەت[١] دەرئەکەوێت.

کتێبی بیروهۆشیاری

لەشیتەڵکردنی دانیشتوانی کوردستاندا لە(هەرێمی کوردستاندا)، کە تەوەری باسەکەمانە، ئێزدییەکان لەدیارترین کەمایەتییە ئاینییەکانی کوردستانن [٢]. ئێستاش لە کوردستانی باشور (هەرێمی کوردستاندا) لەدوای موسڵمانان، دووەم ئایینە بەژمارە. واتە لەپێکهاتەی ئایینیشدا بەپلەی دووەم دێت لەدوای موسڵمانان.[٣]

لەم بارەوە (خەیری شنگاڵی): ئێزدییەکانی هەردوو پارێزگای (موسڵ و دهۆك) لەئەمڕۆدا بە (٦٥٠,٠٠٠-٧٠٠,٠٠٠) کەس مەزەندە دەکرێن.

ماوەتەوە بڵێین ئێزدییەکان ئێستا (١٠٪)ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێکدێنن[٤].

---

(1): د. جەزا تۆفیق تالیب: بایەخی جیۆپۆلیتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق: چاپی یەکەم: چاپخانەی دلێر: سلێمانی: ساڵی (١٩٩٦): ل(١٦١)

(2) پیر خدر سلیمان: سەرچاوەی پێشوو، ص(٦-١٦)

(3): د. جەزا تۆفیق تالیب: سەرچاوەی پێشوو ل(٢٣١)

(4): شنگاڵی، خیری، الصراحة دامة، مجلة الافندي، مؤسسة هوال للاعلام، العدد(١)، السنة كانون الاول (٢٠٠٥) ص(١٦)

(خـەیری شـەنگاڵی) لەنامەیەکـدا، کەئاراستەی سـەرۆکی پەرلـەمانی کوردسـتانی کـردووە، ڕێـژەی ئێزدییـەکانی بـە (١٢,٥٪)ی[1] ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان داناوە، بـــەڵام لەچـــاوپێکەوتنێکمدا لەگـــەڵ (خـــدر دووملـــی) ڕۆژنامـەنووس پێـی وابـوو کـە: (لەهـەموو عێراقـدا نزیکـەی (٦٠٠,٠٠٠) کەسـە، بەتـەواویش کـە ژمارەیـان دەسـت ئـەو کەوتووە، نزیکەی (٥٧٠,٠٠٠-٥٧٥,٠٠٠) کەسن دیارە خۆ ئەگەر زیاتر نەبێ کەمتر نییە. کە بەبۆچوونی من ئەم ئامارە نزیکە لەڕاستییەوە)[2].

ئەگەر سـەیری خشتەی ژمارە سێ بکـەین، ئـەبینین قـەزای شەنگاڵ کە لەهەردوو ناحیەی شمال و ناحیەی ناوەندی قەزا پێکهـاتووە، نزیکـەی (٥٩٪)ی دانیـشتوانەکەی ئیزیدییـە، بـەڵام قـەزای تـل کێـف بەپلـەی دوو دێـت، کەناحیـەی القـوش شوێنی سەرەکییانەو ڕیژەی (١٣٪)ی دانیشتوان پێکدێنێت، قـــەزای دهـــۆك نزیکـــەی (٩٪) ی دانیـــشتوان پێکـــدێنێت،

---

(1): شنگالی، خيری : رسالة الی رئيس برلمان كردستان، ولات (الوطن)،تصدر عـن شـبكة ولات لمنظمـة التجمـع، عـدد(٢)، لـسنة، كـانون الثنـی(٢٠٠٧)، ص(٥)،رویء وافكار

(2): ڕوژنامـــەنوس دووملـــی خـــدر: چـــاوپێکەوتن، دهـــۆك، مۆتیـــل شـــام، ٢٠٠٧/٨/١٢

بەتایبەتی لەناحیەی سمێلٚ، بەلاّم قەزای شێخان ئەکەوێتە ریزبەندی پێنجەم لەڕووی بوونی دانیشتوانی ئێزدییەوە لەناوچەکانی تری عێراقدا، بەعشیقە بەپلەی شەشەم دێت، رێژەی (٦٪)ە. بەلاّم مامۆستا جەزا تۆفیق ئەلێت: بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) ئێزدییەکان (٣,٥٪) ی سەرجەمی دانیشتوانی هەرێم بوون، دواتر لەسەرژمێری ساڵی (١٩٦٥) رێژەیان کەمێك دابەزیو بووبە (٣,٢٪). ئەم رێژەیەش لە سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) وەك خۆی مایەوە وەك لەخشتەی ژمارە(٤) دەرئەکەوێت.[1] هەروەها ئەلێت هۆی ئەمە بۆفاکتەرو تایبەتمەندییەکانی ئەم دیانەتە ئەگەڕێتەوە، چونکە لەم دیانەتەدا ژنهێنان و شوکردن لەنێوان چینە جیاجیاکاندا نییەو ژن و ژنخوازیش لەگەڵ پەیڕەوانی ئاینەکانی تر قەدەغەیە .

---

(1): د. جەزا تۆفیق تالیب: سەرچاوەی پێشوو ،ل. ١٦٦

## تەوەری دووەم

# پێکهاتەی جوگرافی ئیزدییەکان

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ناوچەکانی ئێزدینشین لەکوردستانی باشوور بەگشتی و ناوچەی شەنگالْ بەتایبەتی لەڕووی کشتوکالْکردنەوە پێگەیەکی جوگرافی باشیان هەیە. ڕێژەی بارانبارین لەناوچەی چیاو دەشتەکانی شنگالْ سالانە (٤٠٠-٤٥٠)ملم، کە ئەمەش هۆکارە بۆ بوونی کشتوکالی زۆر لەو ناوچەیەداو عەمبارێکی باشی ئاوی ژێر زەویە کە سالانە بەزیاتر لە(٣٤,٠٠٠)م٣ مەزەندە دەکرێت[1].

لەڕووی کشتوکالەوە، بەرهەمێکی باشی گەنم و جۆو دانەوێڵەی جیا بەرهەم دێت لەم ناوچەیەدا. دیارە کشتوکالْکردن نەك لەشنگالْ، بەلْکو لەناوچەی شێخان و گوندەکانی تری ئێزدینشین بەڕێژەیەکی باش و بەرچاو بەرهەم دەهێنرێ، کە ئەمەش بۆ بەپیت و بەرەکەتی زەوی و دەشتەکانی ئەو ناوچانە ئەگەڕێتەوە. کشتوکالْکردن پیشەی سەرەکی ئێزدییەکان بووە بەهۆی ئەو کەش و هەوایەو ئەو زەوییە بەپیتانەی لەناوچەکانیاندا هەیە، بوونی کانیاو

(1): البروفيسور الدكتور خليل اسماعيل محمد: البعد القومي للأستيطان الريفي في قضاء شنگال، مركز لالش الثقافي والاجتماعي، دهوك، مجلة لالش، العدد (١٥)، سنة نيسان ٢٠٠١، ص٢٠

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

کاریزاو لەناوچەکانیاندا، بۆتە هۆی بوونی جۆرو شێوازی کشتوکاڵو چەندین میوەو سەوزە لەناوچەکانیاندا.

(د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی) لەساڵنامەی ولایەتی موسڵەوە نوسیوویەتی: ساڵنامەی موسڵ لەسەر باری ئابووری لە شنگاڵ بەپلەی یەکەم تەنها باسی کشتوکاڵی کردووە، بازرگانیو ئیشی دەست بەپلەی دووەم، بەڵام باسی خاوەنداریێتی زەوی کشتوکاڵیو هۆکانی بەرهەمهێنانو چاندنو گومرگو باجە فەرمییە جیاوازەکانو پەیوەندییە بازرگانییەکانی شنگاڵی نەکردووە.[1] لەم بوارەدا شنگاڵ ناوچەیەکی فراوانی یەکجار بەپیتە، کانیاوو کاریزو ئاوی بارانی زۆری هەیەو کشتوکاڵ پیشەی سەرەکی دانیشتوان بووە، لەگرنگترین بەرهەمەکانی کشتوکاڵی (گەنم، جۆ، گەنمەشامی، نیسك، نۆك، کونجی، ترشی) بووە. لەگرنگترین میوەکانی (هەنجیر، تریێ، سێو، توو، هەنار، گوێز، نارنج، زەیتون) لەگەڵ جۆرەها سەوزەی تردا.[2] دیارە بەهۆی زۆری

---

(1) د. بۆتانی عبدالفتاح علي: شنگاڵ في سالنامات ولاية الموصل، مركز لالش الثقافي والاجتماعي، دهۆك، مجلة لالش، العدد (١٥)، السنة (٢٠٠٠)، ص(٤٧)

(2) د. الهسنياني موسى مصطفى: سنجار (١١٢٧-١٣٦١)م، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، سنة (٢٠٠٥)، ل(١٢٧)

بەروبوومی کشتوکاڵی و وەك ئەوەی پیشەی سەرەکییان بووە، ئەمە بۆتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی بازرگانی و دروست بوونی بانکی کشتوکاڵی لەناوچەکە بەناوی (بانکی کشتوکاڵی شنگاڵ)[1].

هەر بەهۆی ئەو کشتوکاڵە باشەی لەناوچەکانی شنگاڵ هەبوو، ئێزدییەکان خەریکی بەخێوکردنی (ماڵات بوون)، کە لەباشترین جۆرو بەناوبانگترین ماڵات لەم ناوچەیە پەروەردە کراوە. لەجۆرەکانی (مەڕ، مانگا، ئەسپ)[2]. کە مەڕی شنگاڵ لەساڵێکدا دووجار زاوەو ئەزێ[3]. بەهۆی ئەوەش ئاو و هەواو لەوەڕگەو ئاوی زۆرو گژوگیا هۆکاری سەرەکی بوون بۆ هاندانی بەخێوکردنی ماڵات لەشنگاڵ و دەوروبەری[4].

بەڵام دەربارەی ئیشی دەستی، بەروبوومی کشتوکاڵی وەك هەنجیر وشکیان کردۆتەوەو ناردویانەتە دەرەوەی ناوچەکە.

---

(1) د. عبدالفتاح علي بۆتانی: شنگاڵ في (سالنامات) ولاية الموصل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٥٣)

(2) د. الهسنياني موسى مصطفى: سەرچاوەی پێشوو، ل(١٢٨)

(3) عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون في اقليم كردستان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢

(4) د. الهسنياني موسى مصطفى: سەرچاوەی پێشوو،ل(١٢٨)

ئەمـــەش وای كـــردووە كەپەیوەنـــدی بازرگـانی لەگـــەڵ دەوروبەریان دروست بێ [١].

ناوچـەی شـێخان بەهـەمان شـێوە بەرهـەمی كـشتوكاڵو چاندنو بەخێوكردنی مەڕو ماڵات لەپیشە سەرەكییەكانیان بووە. بەڵام هۆكانی چاندنو بەرهەم هێنان سادەو ساكار بووە، لەبەرهەمە دیارەكانیان (توتن، لۆكە، ترێ...هتد) بووە. دانەوێڵەی (گەنم، جۆ، گەنمەشامی، نۆك، نیسك، ....هتد) یان كردووە، بەتۆو ئیشی (حریر)[٢] بەناوبانگ بوون. كۆچەرەكانیشیان لەهاوینانـدا بەمـەڕو ماڵاتەكانیانەوە ئەچوونە ناوچە كوێستانییەكان، یان ساردەكان لەناوچە شاخاوییەكاندا[٣]. بەڵام لەبارەی پیشەسازی كاری دەستەوە، لەهەنـدێ ناوچـە لەشـێخان دروسـتكردنی (زەیتـونی خۆشكراو)و راشیو سود وەرگرتن لەخوری بۆ ئیشی چنینی دەستیو دروستكردنی قوماشی كەتانو شتی تر بەناوبانگ بوون. ئـەم پیـشە دەسـتیانەش وای كـردووە، كـە جۆرێـك لــەبازرگانی دروســت بــێ بــەهۆی كــڕینو فرۆشــتنی بەرهەمەكانیانەوە لەگەڵ دەوروبەر.

---

(1د. الهسنیاني موسی مصطفی: سەرچاوەی پێشوو، ل(١٢٨)
(2) عدنان زیان فرحان: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣
(3) عدنان زیان فرحان: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٤

لەگەڵ هەموو ئەمانەی باسکرا، نابێ گرنگی ناوچەی ئێزدینشین لەڕووی ستراتیژییەوە لەبیر بکرێ، کە (ناوچەی شنگاڵ ئەکەوێتە گۆشەی باکوری رۆژئاوای هەرێمی کوردستانی عێراق)[1] ئەمەش وای کردووە، کە دەروازەیەك بێ بۆ دەرەوەی هەرێم، واتە رێگای (وشکانی)، ئەوەیە وای کردووە لەکۆنەوە تائەمڕۆ شنگاڵ گرنگی ستراتیژی سیاسی و سەربازیو بازرگانی هەبێ، بۆیە حکومەتەکانی عێراق یەك لەدوای یەك چاویان بڕیوەتە ئەم ناوچەیە، تا سیاسەتەکانی (تەعریبو تەرحیلو تەبعیس) پیادە بکەن.

بەڵام لەناوچەی شێخان هەندێ لەو گوندانەی کە کەوتوونەتە سەر زێی گەورە، توانیویانە ئەم ستراتیژیەتە بقۆزنەوە لەبەرژەوەندی خۆیان لەپیشەی هاوکاری قافڵەکانی بازرگانی لەپەڕینەوەی کەلوپەلەکانیان لەمبەروبەری رووبارەکە بەهۆی (کەڵەکەوە) کەخۆیان دروستیان کردووە[2].

دیارە گەر بتوانرێت ئەم ناوچانە وەبەربهێنرێت، ئەوا باشترین سەرچاوەی دەرامەت ئەبێت بۆئێزیدییەکان، بەم شێوەیە گرنگی و ستراتیژی ناوچەکانی ئیزیدی پێگەیەکی

---

(1) : البروفسيور الدكتور خليل أسماعيل محمد: البعد القومي الاستيطان الريفي في قضاء شنگال، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٠)

(2) عدنان زيان فرحان: سەرچاوەی پێشوو، ل (١٩٤-١٩٥)

بـەهێزی ئـابوری پێبەخـشیووە، کەلـەڕابردودا بۆتـە هـۆی چەوسـاندنەوەیان و لـەناو بردنیـان و کـۆچ پێکردنیـان و بـەزۆر تـەعریبکردنی ناوچـەکانیان، بـەڵام لەئاینـدەدا، بـەهاوکاری حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و توناکـانی خۆیـان و بەسـود وەرگـرتن لـەبارودۆخی فیـدڕاڵی لەعێراقداو پـاش گەڕانـەوەی ناوچـەکانیان بۆسـەر هـەرێمی کوردسـتان، ئـەم پێگـە ئابوریـە ئەبێتە مایەی خێرو خۆشی و ئاوەدانی و دەرامەت بۆ سەرجەم کـورد بەگـشتی و یەزیدییـەکان بەتایبـەتی.[1] بـەڵام هەنـدێ راستی هەیە ئەبێت لەبیر نەکرێت، ئەویش ئەوەیە کەشوێنی سـتراتیژی و پێکهاتـەی ئـابوری لـەڕوی کـشتوکاڵ و پیـت و بەرەکــەتی خــاك و جۆراوجــۆری دانەوێڵــەو میوەهــات و سەوزەوات و لەباری ناوچەکە بۆ پەروەردەکردنی مەڕو ماڵات نــاگۆڕدرێ و کــارێکی سروشــتیەو خۆڕســکە، ئــەوەی کەحکومەتە دیکتاتۆرو دابلۆسێنەرە یـەك لـەدوای یەکەکانی عێـراق کردویانـە، تـەنها گـۆڕینی دیموگرافیـە، کەئەمـەش بــەلابردنی هۆکارەکــان و گەڕانــەوەی خەڵکــە ڕەســەنەکەی ئەتوانرێت بگەڕێتەوە سەرشێوەی جارانی .

---

(1)د. جـەزا تۆفیـق تالیـب، پـسپۆڕی جیۆپۆلـەتیك و ئاسایـشی نەتـەوەیی، چاوپێکەوتن، سلێمانی، زانکۆی سلێمانی ،٢٠٠٧/١٢/١٢

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## باسی دووەم

# پێگەی سیاسی ئێزدییەکان لەکوردستانی باشور

### تەوەری یەکەم

## کورتەیەکی مێژووی بارودۆخی سیاسی ئیزدییەکان لەکوردستانی باشور

ئیزدییەکان زیاتر کۆمەڵگایەکی دینی بوون، کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بە درێژایی مێژوو وردە وردە گەشەیان کردووە، هەروەها تایبەتمەندی خۆیان پاراستووە، یەك باوەڕی ئاینییان هەبوو، کە باوەڕی ئیزدی بوو[1]، زمانی کوردی زمانی ئیزیدی بووە، کە زاراوەی جیاجیای هەبووە.

---

[1] ڤسنر جرنوث: تأريخ الشعب اليزيدى و ديانته، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٠

سەبارەت بەمێژوویان هەر لە سەردەمی ئاشوری و حثی و میتانی و کلدانیەکانەوە تا دەگاتە سەردەمی فارس و رۆم، ناوچەی ئیزدییەکان بەتایبەتی چیای شنگاڵ مەیدانی شەڕو پێکدادان بووە. پاشان بوو بە بەشێك لە (دەوڵەتی میتانی) لە ناوەڕاستی پێش دوو هەزار ساڵ پێش زایین. دواتر ئاشورییەکان داگیریان کرد، دوای لە ناوچوونی دەوڵەتی ئاشوری ساڵی (٦١٢ پ. ز)[1] تا دەرکەوتنی دەوڵەتی (میدی) ساڵانی (٦٤٧–٥٥٠ پ.ز)[2] ئەو ناوچانە بوونە مڵکی مادەکان. بە بەدەستهێنانی شەرعییەتێکی مێژوویی تایبەت. ئیزدیایەتی لە سەردەمی دارای یەکەم (٥٢٢ – ٤٨٦ پ.ز)[3] بووە بە ئایینی فەرمی وڵاتی فارس، ئەو کات ئایینی ئێزدی زۆر بڵاو بووەو ئایینی سەردەست بووە. بەبڕوای (د. عبدالقادر المارونسی) ئایینی ئێزدی زۆر کۆنەو کۆنتر لە ئاینی جولەکەو مەسیح و موسڵمان، ئەسڵەکەش ئاسمانییە. لەدرێژەی باسەکەیدا ئەڵێ: بەپێی ئەو بارودۆخەی کە

---

(١) سەربەست حسێن : ئیزدییەکان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی . ن. ك)، ل ٢١

(٢) ڤسنر جرنوث: هەمان سەرچاوەی پێشوو ص ١٢٠

(٣) دنانی : هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ٧

ئاینەکەی تیا ماوەتەوە، کە ئێزدی ئاینی حەزرەتی (نوح)[1] بووە. لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامی (داگیرکاری موسڵمان)یشدا کە عەرەبە موسڵمانەکان گەشتنە کوردستان، لە سەردەمی خەلافەتی (عومەری کوڕی خەتاب) بوو، ئەمە یەکەم بەیەکگەیشتنی عەرەبی موسڵمان‌و کورد بوو[2]، کە کوردەکان باوەڕیان بە ئایینی ئێزدی یان زەردەشتی بووە. لێرەوە ئیزدییەکان لە سەردەمی راشدییەکاندا مامەڵەی ئەهلی کتابیان لەگەڵ کرا، هەروەك چۆن مامەڵەی جوو فەلەکراوە . بەلام لە سەردەمی عەباسییەکان تەنگیان پێهەڵچنراوەو راونراون، سەرەتای سەدەی پانزەهەم، سەرەتای چەوساندنەوەی ئیزدی دەستی پێکرد. (١٤١٥ن) هێرش ئەکەنە سەریان، لەو هێرشەدا گڵکۆی شێخ ئادی هەڵدەتەکێنن[3] ، لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە شەڕی چاڵدێراندا لەساڵی (١٥١٤ن) کوردستانی باشور لە نێوانیاندا ناوچەی ئیزدینشین کەوتنەژێر دەسەلاتی عوسمانی بۆ

---

[1] ئەحمەدی قادری : کوردو مێژوو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل (٤٤– ٤٥)

[2] د. بۆتانی، د. عبدالفتاح علي: ملاحظات أولية عن الايزدية والايزديين، مركز لالش ثقافي والاجتماعي، مجلة لالش، دهوك، عدد١٢، ٢٠٠٠،ص٤١

[3] کەرملی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥

ماوەی چوار سەدە.[1] لە سەردەمی (سوڵتان سلێمان قانونی ١٥٢٠ – ١٥٦٦ ز) میری ئیمارەتی سۆران، کە موسڵمان بوو بەناوی (یەزدان شێر)، لە ساڵی (١٥٣٤ز) کوشتی و لە جێگەی میری ئیزدی (حسێن بەگی داسنی) دانا و میرنشینەکەی بەستەوە بە ولایەتی موسڵەوە.[2] ئەمەش گرنگ بوو، کە میرێکی کورد میری موسڵمانان بێ، بەبێ جیاوازی میری کورد و عەرەبی موسڵمان بێت لەهەمان کاتدا، بەڵام هێندەی نەبرد پەیوەندی نێوان عوسمانی و ئیزدییەکان تێکچوو، چونکە (سوڵتان سلێمانی قانونی) (حسن بەگی داسنی)[3] کوشت، بەبیانوی ئەوەی نەیتوانی پارێزگاری لە میرنشینی سۆران بکات و سۆرانییەکان گەڕاندیانەوە ژێر دەستی خۆیان. دوای ئەو ڕووداوەش بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ئێزدییەکان (چەکی ئایینی) لە دژیان بەکار هات و فتوا درا لەلایەن موفتی دەوڵەتی عوسمانییەوە، کە ئەو کاتە (ئەبوئەلسعود ئەلعەمادی) (١٤٩١ – ١٥٧٢ ز) بوو، کوشتن و

---

[1] عدنان زيان فرحان : هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠

[2] د. بوتانی: ملاحظات اولية عن الأيزدية واليزديين، لا ٤١، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[3] د. بوتانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١

فرۆشتنیان لەبازاڕدا حەڵاڵە[٤] بەڵام هەموو ئەمانە نەیانتوانی ئیزدییەکان لەناوبەرن، هەرچەندە ئەوە بووە هۆی دوورکەوتنەوەیان لە ژیانی شارستانی و بردنەسەری ژیان لەناو شاخ و ئەشکەوتەکانداو نەیانتوانی وەك پێویست کشتوکاڵ بکەن و مەڕوماڵات بەخێو بکەن و ژیانی ئاسایی بەرێ بکەن. رووداوەکانی نێوان ساڵانی (١٧٢٦-١٨٣٤) پەیوەندی نێوان کوردی ئیزدی لە کوردستانی باشورو ولایەتی موسڵ (جەلیلیەکان)، کە بەشێك بوو لە دەوڵەتی عوسمانی لە موسڵ، دەرئەخات بۆمان.[١] بەڵام فەرمانڕەوایی جەلیلیەکان لەگەڵ میرەکانی شێخان پەیوەندییان باش نەبوو. چونکە میری شێخان کە دەسەڵاتی ئایینی و فەرمانڕەوایی هەبوو، سەری دانەدەنەواند بۆ جەلیلیەکان و بەگوێی نەدەکردن و باجی پێنەدەدان و خۆی بەبەشێك لە ولایەتی موسڵ نەدەزانی، خۆی وادەبینی کەلەرووی ئیدارییەوە سەر بەو ولایەتە نەبێ. بەڵام پەیوەندی نێوان موسڵ و ئیزدییەکانی شنگاڵ جیاواز بوو، هەرچەندە ئیزدییەکانی

---

[٤] د. بوتانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

[١] عدنان زيان فرحان : ولاية الموصل والكرد الأيزدية: (١٧٢٦-١٨٣٤)، مركز لالش الثقافي و الأجتماعي، مجلة لالش، العدد (١٢)، السنة كانون الثاني (٢٠٠٠)، ص (١٤٢ – ١٥٥)

شەنگاڵ لەچوارچێوەی ئیماراتی شێخان بوون، بەڵام بەهۆی ستراتیژی ناوچەکەوە، کە شارێگای هەرێمی عێراق بوو بۆ شام، هەمیشە لە تەماشاکردنی جەلیلیەکان و سوڵتانی بەغداد سەرچاوەی مەترسی بوو بۆ هەرێمی عێراق و ولایەتی موسڵ، بۆتە هۆی هێرش و داگیرکردنی لەلایەن عوسمانیەکانەوە تا داگیرکردنی بەریتانیا بۆ ناوچەکە[1].

دوای ئەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا رووخا و بەریتانیا بووە میراتگری لە عێراقدا، یەکەم کەس کەبەرەو پیریان چوون، ئیزدییەکان بووە. ئامادەیی و هاوکاریان پیشانداوە، کە ئەوەشیان کردووە، تەنها لەپێناوی ئەوەی بەیەکسان وەك مرۆڤ بژین لە زێدی خۆیاندا، لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا ئیزدییەکان لە بارودۆخێکی ئارامدابوون و دوور بوون لە پریشکی ئاگری جەنگ و زوڵم و زۆری عوسمانیەکانەوە.

ئیزدییەکان لە سەردەمی حکومەتەکانی عێراقدا هیچ مافێکی ئایینی یان دەسکەوتێکی ئەوتۆیان نەبووە و هیچ پۆستێکی ئیداری گرنگیان پێ نەدراوە. لە ساڵی (١٩٢٤ز)

---

[1] عدنان زیان فرحان: الكرد اليزديون في اقليم كردستان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل (٥٩-٦٦)

فەرمانگەی سەربازی عێراق (دائرة تجنيد العراق)[1] داوای کرد کە (سریەیەك) لە سوار چاك (فرسان)ی تایبەت دروست بکەن، کە هەمووی ئێزدی بێ. سریەکە لەژێر سەرکردایەتی ئەفسەرێکی بەریتانی لەناو هێزی بەرگری ناوخۆی رێکخرابوو، کە لە (متەتەوعی ئاشوریو کوردو ....هتد) پێکهاتبوو لەژێر سەرکردایەتی بەریتانیدا. ئێزدییەکان بەجلی ئاسایی خۆیانەوە دەوامیان ئەکرد، کە نزیکەی (٢٠٠) کەس بوون (ئیسماعیل بەگ) سەرپەرشتی ئەکردن، بەڵام پاش ماوەیەك وازیان هێنا، لەبەرئەوەی گران بوو لایان کەمەشقی سەربازی بکەن. ساڵی (١٩٣٣) چیای شەنگاڵ لەنێوان سوریاو عێراقدا دابەش کرا، سنوری نێوان ئەو دوو وڵاتە دیاری کراو هەموو چیاکە بەر عێراق کەوت. لەساڵی (١٩٣٤)[2] حکومەت بڕیاریدا بەگرتنی سەرباز بەشێوەی گشتیو تەوزیمی لەناوعێراقدا، بەڵام ئیزدییەکان لە چیای شەنگاڵ داوایان کرد کە ئەوان ئەو فەرمانە نەیانگرێتەوەو لە خزمەتی سەربازی ببەخشرێن یان لەیەکەیەکی سەربازی

---

[1] گیست جۆن: بعض المواقف الأيزديه خلال سنوات الحربين العالميتين، ت .سگڤان مراد، مركز لالش الثقافي والأجتماعي، دهوك، مجلة لالش، العدد (١٧)، لسنة (٢٠٠٢)، ص (٢٣-٣٧)

[2] گیست جۆن: هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣-٣٧

تايبەت بەخۆيان ئەو خزمەتە بە ئەنجام بگەيەنن، بەلأم ئەم داوايەيان رەتكرايەوەو بەبێ هيوايى چاوەڕێيان ئەكرد بەقسەى مير (سەعيد بەگ)[1] بكەن، كە داواى خۆراگرى لێ ئەكردن يان بەقسەى(داود داود) بكەن، كەداواى ئەكرد شەر لەگەڵ حكومەت بكەن. (داود داود)[2] هەميشە لە ململانێدا بوو لەگەڵ ئينگليزو دەستو پێوەندەكانى بەهۆى ئارەزووى بۆ سەروەرى چياى شنگاڵ. حەزيشى نەكرد لەگەڵ فەرەنسييەكانيدا رێك بكەوێتو پەيوەندييان باش نەبوو، لەبەر ئەوەى دژى ئەوە بوو چياى شنگاڵ بخرێتە سەر سوريا. دواى ئەوەى كۆتايى بەفەرمانڕەوايى پاشايەتى هات، ئيزدييەكان چ لە رووخانى حكومەتى پاشايەتى، چ لە شۆرشى (١٤ى تەمووزى ١٩٥٨) رۆڵيان رۆڵى هەر كوردێكو هەر عێراقييەك بووە، دەستەوسان نەبوونو بەشدار بوون لە خۆشىو ناخۆشى گەلى كوردو گەلى عێراقداو كەم تا زۆر لەو

---

[1] گيست جۆن: بعض المواقف الأيزديه خلال سنوات الحربين العالميتين، هەمان سەرچاوەى پێشوو، ل٢٣.

[2] شكري رشيد الجير قاضي: شنگال في الفترة مابين (١٩١٨-١٩٣٩)، مركز لالش الثقافي الاجتماعى، دهوك، مجلة لالش، العدد ٧، ٢٠٠٢، ص٣٨

سیاســەتە دانــەبڕاون[1] دوای ئـەو کودەتـا سـەربازییەکانی ساڵانی (١٩٦٣–١٩٦٨) کـە یـەك لـەدوای یـەك لـە عێراقـدا روویـدا، بەشـی سـەرەکی لـە زیـانو ئـاژاوەو کوشـتار لـە ئــەنجامی کودەتاکانــدا بەدرێــژایی ئــەو ســەردەمە بــەر ئێزدییەکان کەوت. هەروەها بەشداری باشیان هەبووە لە سەر ئاسـتی رامیـاریو سـەربازی شـۆڕشو پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانو حیزبـە سیاسـییەکانی تـری کوردسـتاندا، وەك حزبـی شـیوعی عێـراق هـەر لـە ساڵی (١٩٣٤)و دامەزرانـدنی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان (١٩٤٦)، ژمارەیـەکی زۆر لـە گـەنجان پەیوەنـدیان کـردووە بـە حیزبـە سیاسـییەکانەوە، یـا پەیوەنـدییان کـردوە بـە شۆڕشـی گـەلی کوردسـتانەوە کـە لـە (١١ی ئــەیلولی ١٩٦١) دەســتی پێکــرد.[2] چــەند کــەس لەنێوانیانـدا رۆڵـی سـەرکردەی وەرگرتـووە وەك (محمـودی ئیــزدی)، لێــرەدا ئیزدییــەکان وەك بــرا کوردەکانیــان لەکوردسـتاندا دووچـاری تونـدو تیـژی بوونـەوە، لەلایـەن دەسـەڵاتەوە تووشـی ئـاوارە بـوون بـوونو لـە ناوچـەکانیانو

---

[1] د . كـاظم حبيـب: ديانـه قديمـة تقـاوم فوائـب الـزمن: الطبعـة الأولى : دار ئـاراس للطباعـه و النـشر، السلـسة الثقافيـه: مطبعـه التربيـه، اربيـل، سـنة (٢٠٠٣) ص ١٠٦

[2] د. بوتانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦

گوندەكانيان دەرئەكران و لەكۆمەڵگە زۆرەملێی تایبەتەکان کە بۆیان دروست کرابوو، کۆئەکرانەوە. دوای نسکۆی (١٩٧٥) لەماوەیەکی زۆر کورتدا لەلایەن تێکۆشەرانی گەلی کوردەوە بانگەوازی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان درا بەگوێی خەڵکی کوردستاندا لەساڵی (١٩٧٦)، ئیزدییەکان بەشداری شۆڕشی نوێیان کردووە خاوەنی سەرکردەی شەهیدی وەك (شێخ حسین بابە شێخ)ن[1]، کە لەدەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانییە لە ساڵی (١٩٧٦) داو چەندین پێشمەرگەی قارەمانی تری وە ك شەهید (ئیبراهیم عەزۆ) یان لەگەڵ بووە، کە یەکەم مەفرەزەی چەکداری بووەو لە دەرەوە هاتۆتە ناو کوردستانەوە[2] و چەندینی تر لە برائێزدییەکان بەشداری ئەم شۆڕشەیان کردووە. لە (١٦/ ئازاری ١٩٧٨) بڕیاری ژمارە (٣٥٨)[3] لە (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ی ئەو سەردەمەوە دەرکرا، کە بڕیاریدا بە دەست بەسەراگرتنی هەموو ئەرزو ئاوی ئێزدییەکان، دوای ڕاگواستنیان لە ناوچەی شێخان و دابەشکردنی ئەو زەوییانە بەسەر عەرەبدا. بەم شێوەیە

---

[1] سەربەست حسێن : هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠

[2] وەزیری خانە نشین :عادل ناسر، چاوپێکە وتن ،دوکان ،٢٠٠٨/٢/٧

[3] د،جندی: هەمان سە رچاوەی پێشوو،ل ٨٠

لەدەرئەنجامی هەڵسانەوەی شۆڕشدا توندو تیژیو سیاسەتەکانی حیزبی دەسەڵاتدار دەرهەقی کوردەکان لە ناویاندا ئیزدییەکان بەرەو خراپی زیاتر ئەڕۆی، جگە لەوە لە شالاوەکانی ئەنفالدا ئیزدییەکان پارێزراونەبوون، بگرە حاڵیان حاڵی کوردانو ژمارەیەکیان بەر ئەنفال کەوتنو بێ سەروشوێن بوون، کە بە (٢٣٤) کەس[1] مەزندە کراوە. لە سەرژمێری سالانی (١٩٧٧-١٩٨٧)[2] رژێم ئیزدییەکانی بەعەرەب نووسیو قەدەغەی کرد کەمادەی ئایینی ئێزدی بخوێنرێ لە قوتابخانەی ناوچەکانیاندا کاتێك وەلامیان دراوەتەوە بەڕوون کردنەوەو نوسینو توێژینەوە، زۆر بەتوندی چاودێری داناوە لەسەر بلاوکراوەو نووسینەکان.

## تەوەری دووەم

### ١) رۆڵی ئێزدییەکان لەڕا پەڕینی بەهاری ١٩٩١ لەکوردستان:

دوای ئەنفالو کیمیابارانو وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان لەلایەن رژێمی (سەدام حسین)و ئاوارەبوونی

---

[1] د،کاظم حبیب :هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٠٩

[2] د،خلیل الجندی:هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٦

ژمارەیەکی زۆری خەڵك بۆ دەرەوەی سنورەکان، بێ ئومێدبوونی خەڵك بۆجارێکی تر باڵی رەشی بەسەر کوردستاندا کێشا. تاقە تروسکاییەك کە هەبوو، شۆڕش و هێزی پێشمەرگە بوو، کە لەسەر سنورەکانی نێوان ئێران و عێراق بوون. مەفرەزەکانی پارتیزانیش، کە لێرەو لەوێ لەناو قولایی کوردستاندا چالاکیان ئەنجام ئەداو پەیوەندیان بەرێکخستنە نهێنییەکانی ناو شارەوە هەبوو.

کاتێکیش راپەرینی بەهاری (١٩٩١ن) سەریهەڵدا، ئێزدییەکان وەك هەموو کوردێك رۆڵیان هەبوو و بەشدار بوون تیایدا، بە هۆی شکستی راپەڕین و روودانی کۆڕەوە ملیۆنیەکەو وروژاندنی رای گشتی جیهانی لەسەری، ئەنجومەنی ئاسایش بریاری دانانی هیڵی (٣٦)ی بۆپاراستنی دانیشتوانی بەشێکی هەرێمی کورستاندا، بەلام بەپێی ئەو بریارەی ئەنجومەنی ئاسایش زۆرینەی ناوچەکانی ئێزدینشین لەدەرەوەی سنوری دیاریکراوو هێڵی دیاریکراوو بوون. بۆیە ئەتوانین بڵێین لەراپەرینی (١٩٩١) تەنها (١٠٪)[1] دانیشتوانی ئێزدییەکان بەرناوچە ئازادکراوەکان کەوتن و لە(٩٠٪) لەژێر دەسەلاتی حکومەتی

---

[1] پیر خدر سلیمان: الازدیون والتراث الکردي: سەرچاوەی پێشوو، ل(١٤)

ناوەندی مایەوە. دیارە ئەمە پێچەوانەی ئارەزوو و خواستی ئێزدییەکان خۆیان بوو.

حکومەتی ناوەندی رقی هەموو راپەڕینەکانی لەوان کردەوە، ئەوەبوو بڕیارێکی نهێنی لە (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) لەکانونی دووەمی ١٩٩٦[1] دەرچوو، بڕیاریدا خەڵکی شەنگاڵ بەتەواوی رابگوێزرێن بۆقەزای (حضر)، کە (١٠٠)کم لەخوار رۆژهەڵاتی شەنگاڵەوە بوو، لەوێ بەسەر گوندە عەرەبەکاندا بەش بکرێن، بەڵام ئێزدییەکان بەم بڕیارە رازی نەبوون و بەرپەرچی حکومەتیان دایەوە ئەگەر ئەم بڕیارە جێبەجێ بکرێت، ئەوا بەرەو ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان یان سوریا کۆچ دەکەن. بەم شێوەیە حکومەت ناچار بوو بەشێوەی کاتی لەبڕیارەکەی پەشیمان بێتەوە. بەڵام بارودۆخی ئێزدییەکان لەوناوچەیە هێندە خراپ بوو، کەناچار لەپێناوی گەران بەدوای پارووی ژیاندا بڕۆنە شارەکانی(موسڵ و بەغدادو شارەکانی تری عێراق)[2].

---

[1] د. خلیل الجندی: سەرچاوەی پێشوو، ل(١٠)

[2] د. خلیل الجندی، سەرچاوەی پێشوو، ل(٦)

دیاره لەدوای راپەرینی (۱۹۹۱) باروودۆخی ئێزدییەکان لەڕووی سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە زۆر باشتر بوو.[1] لەپێشتر بەو ژمارە زۆرە بەشداری خۆشیو جەژنەکانو بەشداری بۆنەو یادە نیشتمانیو نەتەوەییو کۆمەڵایەتی بەیەکەوە بکەن. هەرلێرەوە بەشداری حکومەتو ئیدارەو بوارە جیاکانی ژیانیان کرد، ئەوەشی شایانی باسە، خودی (ئێزدییەکان)، حزبێکی سیاسی سەربەخۆیان[2] نەبووە، بەڵکو سەر پارتە سیاسییەکانی کوردستانن و بەپێی ئارەزوو بیروباوەڕی خۆیان وەك ئەوەی ئەندامن لەناو (پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتەکانی تری کوردستان) دابەش بوون.

## ۲) بەشداری سیاسی ئێزدییەکانو کاریگەریان لەسەر رای گشتی:

کاتێك باس لەبەشداری سیاسیو رای گشتی ئەکەین، دووچاری تێڕامانو وردەکاری ئەبین، چونکە بەشداری

---

[1] د. شیخانی خیر نعمو: رئیس تحریر، الافتتاحیة، مرکز لالش الثقافي والاجتماعي، مجلة لالش، دهوك، لسنة ۱۹۹۹، ص (٤)

[2] نایف سعید: چاوپێکەوتن، لەپەرستگای لالش، لەشێخان، رۆژی ۲۰۰۷/۸/۱۳

سیاسـی و رای گـشتی تائێـستا وەك پێویـست لـەلای تـاكی كـوردی دروسـت نـەبووە، دیـارە لێـرەش مەبەسـت گـشتە نـەك دەستەبژێر.

گـەر سـەیری هـەرێمی كوردسـتانی باشـور بكـەین لـەدوای راپەڕین و لە ماوەی (١٧) سـاڵی ئازادبوونیـدا وەك هـەرێمێكی سـەربەخۆ كـەخاوەنی حكومـەتی خـۆی بـووە، هەڵبـژاردنی كردووە، دیموكراتی تاڕادەیەكی باش فەراهەم كردووە ئەمەو جگـە لـە ئـازادی رادەربـڕین و رۆژنامەگـەری و ئـایینی و بیروباوەڕی سیاسـی و رای جیـاوازو سـەكۆی ئازادو رەخنـەو رەخنـە لـەخۆگرتن، لـەم بارودۆخـەدا تاڕادەیـەك تـاكی ئێـزدی هەوڵیـداوە بەشـداری بووبـێ و ڕای هـەبێ. لـەم بـوارەدا دامەزراندنی بنكەی لالشی رۆشنبیری و كۆمەڵایـەتی لەساڵی (١٩٩٣)[1] لـەدهۆك رۆڵـی بەرچـاوی هـەبوو لەنووسـینەوەی مێژوو و ئاینی ئێزدیایەتی و ناساندنی كەلتورو داب ونەریتی ئێزدی بەدەرەوە.

لەڕاسـتیدا بەشـداری سیاسـی و رای گـشتی بۆئەوانـەی كەوتبونـە ژێردەسـەڵاتی حكومـەتی هـەرێم ودەرەوەی، زۆر

---

[1] لیژنـەی رۆشـنبیری: رێـو رەسمـی كردنـەوەی بنكـەی لالـش: بنكـەی لالـشی رۆشـنبیری و كۆمەڵایـەتی، گۆڤـاری لالـش، دهـۆك، سـاڵی (١٩٩٣)، ژمـارە (١)، ل(٨)

پێویست بوو، ئەوەش بۆئەوەی کاریگەریان هەبێ لەسەر دەسەڵاتی ناوەندی، بۆئەوەی بگەڕێنەوە بۆسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و شوێنەواری تەعریب لەسەریان لابچێ و بگەنە ژیانێکی ئارام و بتوانن وەك مرۆڤ بژین و بەئازادی بیروباوەڕەکەی خۆیان دەربخەن و مەراسیمە ئاینییەکانیان بەڕێ بکەن. ئەمەش ئەرکی هەموو لایەکە هەوڵ بدرێ بۆئەوەی بەشداریی سیاسیی و رای گشتی لەلای تاکی ئێزدی دروست بکرێ.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بەشی سێیەم

# پێگەی ئێزدییەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا (١٩٩٢-٢٠٠٨)

**دەروازیەك:**

**لە دوای راپەڕینی جەماوەری کوردستان لەئازاری (١٩٩١) پڕۆژەی حوکمڕانی کورد لەهەرێمی کوردستاندا دەستی پێکرد.**

**ئەوەش لەپرۆسەیەکی دەنگدانی نهێنی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمان) لەساڵی (١٩٩٢) لەدایك بوو.**

ئەم پڕۆژەی حوکمڕانییە دوای حکومەتی مەلیك مەحمودو کۆماری مەهاباد، سێیەم ئەزموونی میللەتی کوردبوو لەمێژووی هاوچەرخدا بەرهەمی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی گەلی کوردبوو، کەپتر لەسەدەیەکی پڕ لەتێکۆشان و خەباتی بۆخەرج کرد، ئاکامەکەشی خۆی لە (حکومەتی هەرێمی کوردستاندا) بینییەوە.

ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژترین ئەزموونی حوکمڕانی کوردە تائێستا[1]، کە لەدەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم لەدایك بوو و بۆ هەزارەی سێیەم درێژەی کێشا و لەکاروانەکەیدا بەردەوامە، ئەمەش مایەی شانازییەو دەسکەوتێکی گەورەی نیشتمانییە.

دیارە لەگەڵ ئەو تەمەنە کەمەی حوکمڕانیداو چاوخشاندنێکی خێرا بەکارو چالاکییەکانی ئەم حکومەتەو ئەزموونەکەی لەماوەی (١٧) ساڵی رابردوودا، دەرئەکەوێت کەتاچەند کاری کردووەو لەخزمەت چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا بوون.

---

(1): ساڵنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان: چالاکی و پڕۆژەکانی ساڵی (٢٠٠١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، (٢٠٠٢)، ل(٥)

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## باسی یەکەم

# رۆڵی ئێزدییەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەکاتی دامەزراندنییەوە تا ساڵی (٢٠٠٨ز) (٥) کابینەی بەخۆیەوە بینیوە، هەریەك لەوکابینانەش نوێنەرایەتی قۆناغێکی دیاریکراوی کردووە. لێرەدا هەوڵ ئەدەین رۆڵی ئێزدییەکان لەهەریەك لەو کابینانەدا دەربخەین:

### تەوەری یەکەم:

### رۆڵی ئێزدییەکان لە (١٩٩٢-١٩٩٦):

ئەم ماوە ئەزموونییە دوو کابینەی حکومەتی لەخۆ گرتووە، تا ئەوکاتەی شەڕی ناوخۆ دەستی پێکردو حکومەت لەت بوو.

مەكتەبى بيروهۆشيارى

**كابينەى يەكەم:**

ئـەم كابينەيـە كابينـەى دامەزرانـدن بـوو، بەسـەرۆكايەتى (د.فوئـاد مەعـسوم)[1] لـە(هـەولێرى پايتـەخت)، بـوو، كابينەيەكى يەككگرتوو بوو و سەرجەم پێكهاتە جياجياكانو حيزبو چينو توێژەكان تێيدا بەشدار بوون،

ئـەوەى جێگـاى باسـە، ئێزدييـەكان لەهەڵبـژاردنى ئەنجومەنى نيشتمانى كوردستاندا بەشداريان كرد، بەهـەمان شـێوەش پێويـست بـوو بەشـداريان پـێ بكـرێ لەحكومـەتى هـەرێمى كوردسـتاندا. بـەڵام بەداخـەوە لەكابينـەى يەكـەمى حكومـەت هـيچ ئێزدييـەك وەزيـر نـەبوو. تـەنها يـەك جێگـرى پارێزگـار هـەبووە لـەدهۆك بـە نـاوى (عـادل ناسـر) كـە لـە (١٩٩٢/٩/٢٢) دەسـت بـە كـار بـووە تـا شـەرى نـاوخۆو لـەت بـوونى حكومـەت[٢]، بـەڵام بەگـشتى لـەدواى راپەرينـە جەماوەرييەكـەى كوردسـتان، بـارودۆخى خوشـك وبـرا ئێزدييـەكان لـەرووى كۆمەڵايەتييـەوە زۆر بـاش بـوو، خۆيـان

---

(1) سـاڵنامەى حكومـەتى هـەرێمى كوردسـتان، چـالاكىو پرۆژەكـانى سـاڵى (٢٠٠١)، هەمان سەرچاوەى پێشوو، ل(٥)

(2) وەزيرى خانەنشين :عادل ناسر، چاوپێكەوتن، دوكان، (٢٠٠٨/٢/٧)

ناسیو خۆیان بینیو[1] بۆ یەکەمجار لەسەردەمی نوێدا لەگەڵ سەرجەم خوشكو برا کوردەکانیاندا بەشداری ئەو خۆشیو کرانەوەو بۆنەو چالاکییە نیشتمانیو نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتیانەیان کرد. بۆ نموونە، بەوپەڕی ئازادیو حەماسەوە مەراسیمو بۆنە ئاینییەکانیان بەڕێ کرد، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ خوشكو برا کوردەکانو کەسایەتییەکاندا لەزیادبووندابوو لەگەڵ سەرجەم چینو توێژەکانیاندا، لەگوندوشار بەهەمان شێوە بوو. ئەوەش لەگەڵ ئەوەی دوو ئەندامیان بە ناوی (عیدۆ بابا شێخ) (خیری بەگ) لەئەنجومەنی نیشتمانی هەبوو، بەڵام وەزیریان لەحکومەتدا نەبوو. دامەزراندنی ئێزدییەکان بەفەرمانبەرو مامۆستا لەناو دامودەزگاو شوێنە گشتییەکانو قوتابخانەو خوێندنگەکاندا زۆر کەم بوو. کەواتە لەدوای نەمانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری توانای خۆڕاگرییان لەهەموو هەوڵێکی تێکدەرانە زیاتر بوو، هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوون بەجوانترین شێواز درێژە بەحوکمڕانی کورد بدرێت.

---

(1) سوري حميد: نحو تنمية وتعميق دور اخواننا الايزديين في الحياة العامة، مركز لالش الثقافي والاجتماعي، مجلة لالش، دهوك، عدد (٦)، سنة (١٩٩٦)، ل (١٥)

ئێزدییەکان وەك هەموو براکانیان لەکوردستاندا لەژێر چەتری ئازادی حوکمڕانی هەرێمدا، بەهەمان شێوە ئازادانە بیریان کردەوەو ئەوەبوو ساڵێك بەسەر پەرلەمان و دامەزراندنی حوکمڕانی کوردستاندا تێنەپەڕی، لەبەرەبەیانی (١٩٩٣/٥/١٢)[1] بنکەی لالشی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لەدهۆك کرایەوە، ئەم بنکەیە خەونی چەندساڵەی ئێزدییەکان بوو، لەسەردەمی رژێمی دیکتاتۆریدا چەندجار ئەم داوایەیان خستبووە بەردەست دەسەڵات، بەڵام هەمووجار وەڵامیان بەنەکردنەوەی وەرئەگرت. نەك هەر ئەوە، بەڵکو رژێم زیاتر سیاسەتەکانی خۆی لەتەعریبکردن و راگواستن و تەبعیسکردن لەسەریان زیاد ئەکردو هەوڵی سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتی ئەم کەمایەتییە ئاینییەی کوردی ئەدا. بەڵام ئێستا بنکەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی لالش بووە خەونی راستەقینە، بووە مینبەری هەموو ئێزدییەکان، کە لێیەوە گەشە بەکولتوورو زیندووکردنەوەی بدەن ومێژوو تێکۆشان و هەموو ئەوکارەساتانە، کە بەسەریاندا هاتووە، بەگەلانی دنیا بگەیەنن، لەو بنکەیەوە چەندین گۆڤارو

---

[1] لیژنەی رۆشنبیری بنکەی لالش: ریۆو رەسمی کردنەوەی بنکەی لالش، بنکەی لالشی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، گۆڤاری لالش، دهۆك ژمارە (١)، ساڵی (١٩٩٣)، ل (٨)

بڵاوکراوە بەچاپ گەیەنراوەو چەندین کادیری ڕاگەیاندن و خاوەن قەڵەمی لەدەور کۆبوتەوە. ئەگەر چی تەنها ئەو بنکەیە هەموو خواستەکانی ئێزدییەکانی نەپێکاوە، بەڵام سەرەتایەکی جوان و جوامێرانە بوو بۆ ئەو قۆناغە، کە توانی وزە نووستووکانی ناو ئێزدییەکان بەگەڕ بخات و سودی لێوەربگرێ.

بەڵام لەگەڵ ئەو دەستکەوتەشدا بارودۆخی ئێزدییەکان لەهەندێ ڕووەوە بەگشتی وەك پێویست[1] نەبووە، بگرە تائێستاش پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی فەرمی و بۆنەکان، گەشەی نەکردووە، ئەمەش مەسەلەیەکی گرنگە.

لەلایەکی ترەوە نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، کە یەك لەخەسڵەتەکانی کابینەی یەکەم لەسەر بنەمای تەوافقی نێوان پارتی و یەکێتی دروست بوو، واتە (٥٠بە٥٠) ئەمەش وای کردبوو ئەبوایە ئێزدییەکان لەسەر لیستی ئەو دوو حیزبەدا بچنە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی،[٢] یان ئەبوایە لەڕێگەی پارتە سەرەکییەکانی کوردستانەوە پۆست وەربگرن، چونکە هەر ئێزدییەك گەربەتەنها خۆی

---

[1] سوري حميد: سەرچاوەی پێشوو، ص (١٥)

[2] چاوپێکەوتن: خدر دوملی: ڕۆژنامەنووس، دهۆك: موتیل شام، ڕۆژ،(٢٠٠٧/٨/١٢)

هەڵبژاردایە، بەدەنگی خۆی دەرنەئەچوو، بەهەمان شێوە بۆ وەزیری هەر پۆستێکی تر ئەبوایە لەلایەن پارتە سیاسییەکان بپاڵێورانایە. هەڵەیەکیش لەو ماوەیەدا کرا: هیچ یەك لەپارتە سیاسییەکان پشکی باشی نەدا بەئێزدییەکان و وەك پێویست هەژمار نەکران، چونکە ئەمە گرێدراو بوو بەبارودۆخی ئەو سەردەمەی هەرێمی کوردستان لەڕووی رۆشنبیری لەلایەك، لەلایەکی تر ئێزدییەکان ئەودەم هەرئەوەندە لەناو گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا بوون و تاڕادەیەك لەناو چین و توێژەکانی کوردستاندا نەناسرابوون، بگرە تائێستاش نامۆییەك لەڕابردووی پرشنگداری مێژوویان هەیە لەلایەن خەڵکەوە بەگشتی، ئەو کەمە زانیاریانەی هەبوو لەلای نوخبەی رۆشنبیر، نەیانتوانی بیکەنە کاری فشار بۆ پەرلەمان و حکومەت، تا ئێزدی پشکی زیاتر وەربگرێ. تاڕادەیەکی ئێجگار زۆریش ئێزدییەکان لەم بارەیەوەو دەرهەق بەمافەکانی خۆیان بێ خەبەر بوون، بگرە سەرکردایەتی سیاسی کورد لەخۆیان بەپەرۆشتر بوون بۆ ئێزدییەکان، بۆیە ئەگەر کەسانێك بەشێوەیەك لەشێوەکان بیری کردبێتەوەو بڕیاری لەسەر ئێزدییەکان دابێ، نابێتە جێگەی رەخنەو گلەیی. ئەوکاتیش بارودۆخی حکومەت

لەڕووی دارایی و ئابووریو یاسایی و ئەزموونەوە زۆر خراپ بوو، ئەمەش تا ڕادەیەك كاریگەری خۆی بەجێهێشتووە.

**كابینەی دووەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان:**

كابینەی دووەم بە سەرۆكایەتی (كۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) ڕاگەیەنرا[1] ئەم قۆناغە سەرەتای كاری حوكمڕانی بوو، چونكە یەكەم، كابینەی دامەزراندن بوو، كەتیایدا هەیكەلو پێكهاتەی حكومەتو دامودەزگاكانی و پێداویستییەكانی بوونی حكومەت هاتە كردن، بەڵام لەكابینەی دووەمدا كارەكانی حكومەت دەستی پێكردو بەرنامەی حكومەت بۆ ئاوەدان كردنەوەو بوژانەوەی هەرێمی كوردستان دانرا.

ئالەم بارودۆخەدا كە حوكمڕانی كورد لەسەرەتای تەمەنیدا بوو، لەبەرواری (١٩٩٤/٥/١)[2] شەڕی خۆكوژی لەنێوان پارتیو یەكێتی لە ئەنجامی جیاوازی لەبیروڕا لەبەرنامەی كاری حوكمڕانیو بۆچوونەكانی پەیوەندیدار بەحوكمڕانیو ئایندەی ئەو هەرێمەوە دەستی پێكرد.

---

(1) ساڵنامەی حكومەتی هەرێمی كوردستان: چالاكیو پرۆژەكانی ساڵی (٢٠٠١)، چاپی یەكەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، (٢٠٠٢)، ل(٥)

(2) كەندی، عەلی: ساڵنامەی كوردستان: چاپی سێیەم، كۆمپیوتەر (دڵدار یاسین تەها)، كوردستان/ هەولێر، ساڵی (٢٠٠٦)، ل(٥/١)

دیاره ئەمە سەرباری ئەو بارودۆخە دژوارەی لەدەرەوەی هەرێم دەوری ئەم ئەزموونەی حوکمڕانی کوردستانی باشوری دابوو. ناکۆکییەکان لەسەرەتاوە هەبوون تا گەیشتە شەڕی خۆکوژی. هەرچەندە ڕێکخراوی (INC)[1] لە (١٩٩٤/٥/٨) لیژنەیەکی ناوبژی لەنێوان (پ.د.ك)و (ی.ن.ك) پێکهێنا بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخ و کۆنترۆڵکردنی تەواوی کارەکانی گرتەدەست، بەڵام شەڕی خۆکوژی هەربەردەوام بوو. ئەمەش بووە هۆی لاواز بوونی حوکمڕانی ئەو حکومەتەو دواخستنی کارەکانی، کە ئەبوایە بەردەوام بوایە لەئاوەدانکردنەوە بوژاندنەوەی گوندە راگوێزراوەکان، هەر لەپاککردنەوەی کوردستان لەمین و بوژاندنەوەی کشتوکاڵ و ئاودێری و ژێرخانی ئابووری و پاراستنی ئاسایش و سەروماڵی هاووڵاتیان و ڕێکخستنی کاروبارەکان. بەڵام مەخابن ئەم ئیفلیجکردنە هەمووی دواخست.

ئێزدییەکان لەم بارودۆخەدا ژیانیان وەك ژیانی براکانی تریان بوو لەکوردستاندا. نەك کارەکانیان نەئەڕۆی، نەك نەیان ئەتوانی لەم بارودۆخەدا داوای پێداویستییەکانیان

[1] کەندی، عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل(٨/٥)

بکەن، بەڵکو ئەوەی بەدەستیان هێنابوو، خەریك بوو لەباربچێ.

بنکەی لالش کە ژمارە (٢و٣)ی[1] گۆڤاری لالشی ئامادەکردبوو چاپو بڵاوکردنەوە، بووجەی نەبوو، تادواتر بە هاوکاری ئەملاولا گۆڤاری لالش دوو ژمارە (٢-٣) بەیەکەوە لەیەك بەرگدا چاپکرا لەساڵی (١٩٩٤). ئەمەش هەڵێنجراوی ئەو بارودۆخە سیاسییەی هەرێمبوو، بۆیە قۆناغی کابینەی دووەم کەماوەی چەند ساڵێك لەهەولێر بوو، شەڕی ناوخۆ کارو چالاکییەکانی بەرەو دواخستن برد. لەگەڵ ئەوەشدا ئێزدییەکان بوونیان هەبوو لەپەرلەمان بەدوو ئەندام بە ناوەکانی(خیری بەگ لەسەر لیستی پارتیو عیدۆ باباشێخ لەسەر لیستی یەکێتی). ئەم دابەشبوونە لەڕووی سیاسیو سەربازییەوە بوو، واتە کەم تازۆر لەناو چوارچێوەی بارگرژییەکانو شەڕی ناوخۆدا بوون، یانی سیاسەتێکی سەربەخۆیان نەبووە تایبەت بەخۆیان. گوتاری یەکگرتووی ئێزدی نەبووە[٢].

---

[1] لالش: گۆڤاری لالش، ژمارە (٢و٣)، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ساڵی (١٩٩٤)، ل(٢)

[2] خەیری شنگاڵی : بەڕێوەبەری گشتی بۆکاروباری ئاینی ئێزدی، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ئوتێل ئاشتی، رۆژی (٢٠٠٧/٨/١٠)

ئــەوەی شــايانی باســە، ســەرباری ئــەو بارودۆخــە، ئێزدييەكان لە خەباتی رۆشنبيری و كولتووری و كۆمەڵايەتی خۆيـــان دوانەكـــەوتن، بـــەڵكو خـــەريكی ســـەرلەنوێ خۆرێكخستنەوەی كۆمەڵگای ئێزدييايەتی بوون، وەك ئەوەی لە(١٧ی تشرينی دووەمی /١٩٩٥)[1] دوای راوێژو دانيشتن و ليكۆلينەوە بڕياری تايبەت بەمارەی (ميهر) دەركرا، كە خۆی لەچەند مادەو بڕگەيەكدا ئەبينيەوە. هەروەها ئێزدييەكان لەساڵی (١٩٩٥)[2] ياداشتێكيان دا بە پەرلەمان، كە لە لايەن بەڕێز (خدر پير سلێمان) سەرۆكی بنكەی لالش مۆر كرابوو، لەياداشتەكەشدا داوای خوێندنی لەسەر (ئێزدييايەتی) لەو ناوچانە كردبوو، كە دانيشتوانەكەی ئێزدييە. داواكەش رەزامەندی پەرلەمانی لە ساڵی (١٩٩٦ز) لەسەر وەرگيرا بەوەی لەقۆناغی سەرەتايی وانەی ئێزدييـاتی بخوێنن و لەلايەن ليژنەيەك دابڕژێرێت و ئەنجومەنی رۆحانی و ميری ئيزدييەكان پەسەندی بكەن، ئەمە لەكاتێكدا بوو

---

[1] لالش: قرار تحديد المهر، مركز لالش الثقافي والاجتماعي، دهوك، عدد (٦)، سنة (١٩٩٦)، ص(١٢٠)

[2] لالش: صدور قرار وزاري من حكومة العراق لتدريس مادة الايزدييـاتي في المدارس رسمياً، مركز لالش الثقافي والاجتماعي، مجلة لالش، دهوك، عدد (٢٢)، سنة (٢٠٠٥)، ص (٦٩)

له(٢٨ی/ئازاری/١٩٩٥ن)[1] خولی دووەمی شەڕ لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان‌و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا دەستی پێکردەوە. کە پێکهاتەی سەرەکی پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمی کوردستانی باشوور بوون، ئەمەش لەدوای رێکەوتنەکەیان لە (٢٢ی/ تەموز/١٩٩٤ ) و رێکەوتننامەی ئەنقەرە لە (٢١ی/ تشرینی دووەمی ١٩٩٤).

کاتێکییش شەری ناوخۆ بەهۆی رووداوی (٣١ی ئابی ١٩٩٦ن) گەیشتە بن بەست‌و (ی ن ك)بە ناچاری رێگای سنورەکانی گرتەبەر، ئەوەی لەگەڵ یەکێتی بوو، دووچاری ئاوارەبوون بوو و ناوچەکانی خۆیان جێهێشت. دیارە لەگەڵ ئەوەی لە نێو ئێزدییەکان کەسانی دیارو رۆشنبیر هەبوو، بەلأم نەیانتوانی رۆڵی پێویستی خۆیان بگێرن، ئەمەش بۆ ئەو بێ متمانەییە دەگەڕێتەوە، کەلەلای ئێزیدییەکان دروست بووە، لەبەرئەوەی لەدێر زەمانەوە سەرجەم حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ناوچەکە بەڵێنی درۆیان پێداون‌و لەسەر دەستیان دووچاری جۆرەها چەوساندنەوەی نامرۆڤایەتی بوون، بەمەش ئەو زەمینە دەرونییە رەخسا، کە تاکی ئێزدی خاوەنی (کەسێتییەکی لاوازبێ)[2]. هەروەها هەمیشە

---

(1) عەلی کەندی : ساڵنامەی کوردستان، س.ب، ل ٣/٢٨

(2) عدنان زیان فرحان: سەرچاوەی پێشوو.

لەئامادەباشیدا بووە بۆخۆپاراستن، هۆکارێکی تر ئەوەبوو کە ئێزدییەکان لەناو خۆیاندا زۆر پەرشوبڵاو بوون، گوتاری یەکگرتووی ئێزدی نەبووە، رقو کینەو ناکۆکی باڵی بەسەردا کێشاون، تائەو رادەیەی نە میرو نە ئەنجومەنی رۆحانیو زەعیمی رۆحانی نەیانتوانیوە ریزەکان یەك بخەنو گوتارێکی یەکگرتوویان هەبێ"[١]. لەلایەکی تر پەرلەمانو حکومەتو سەرکردایەتی کوردی تەنها گوێیان لەکادیرەکانی ناو حیزبەکانی خۆیان ئەگرتو دەرگای[٢] گوێگرتنیان لە تاکی ئێزدی نەکردۆتەوە. ئەمەش وای کردووە دابڕانێك لەنێوان سەرکردایەتی سیاسیو جەماوەری ئێزدییدا هەبێ.

بەڵام لەم قۆناغەدا رێژەیەکی باشی مامۆستا لەو ناوچانەی کە زۆرینەی ئێزدییە، وەك (ناوچەی باعردێ، کۆمەڵگای خانکا، شاریا)، گوندەکانی سەر رێگەی زاخۆ، کە لەساڵی (١٩٩١) لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان، دامەزراونو رێژەیەکیش فەرمانبەر دامەزراون[٣].

---

[1] عدنان زیان فرحان: چاوپێکەوتن،هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[2] دوملی خدر: رۆژنامەنووس: چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

[3] سلۆ سعید: بەرپرسی کۆمیتەی رۆشنبیری بنکەی لالش، چاوپێکەوتن، دهۆك، بنکەی لالشی رۆشنبیریو کۆمەلأیەتی، (٢٠٠٧/٨/١١)

### کابینەی دووەمو دابەشبوونی حکومەت لەساڵی (١٩٩٦):

لەدوای روداوی (٣١/ئابی/١٩٩٦ز) لایـەنێکی سـەرەکی ناو پەرلـەمانو حکومـەت، کـە (ی.ن.ك) بـوو، هـەولێری پایتـەختی بەجێ هێشت، دوا بەدوای ئەوەش زنجیرەیەك شەڕو پێکدادان روویـداو زنجیرەیـەك رێکەوتننامـە بەسـتران، کـە سـەرئەنجام (دوو حکومەتو دوو ئیدارە)ی لێکەوتەوە، ئەوە بوو کابینـەی دووەم بەسـەرۆکایەتی کۆسـرەت رەسـوڵ عـەلی لـە سـلێمانی دامــەزرا. لایــەنی پــارتیش لەهــەولێر مایــەوەو کابینــەی حکومەتیش بەسەرۆکایەتی (د.رۆژ نوری شاوەیس) دامەزرا.

لــەم بارودۆخــەدا ئێزدییــەکان لــە ئیــدارەی ســلێمانی سەرەتایەك بریکاری وەزارەتیان پێدان لەوەزارەتی پۆستەو گەیانـدن، کـە (عـادل ناسـر) لـە (١٩٩٧/٣/١٦) دەسـت بـەکار بووە، بەڵام لەهەولێر هیچ پۆستێکیان پێ نەدابوون، دواتـر لـە حکومەتی سلێمانی یەك وزیرو لەحکومەتی هـەولێریش تـەنیا یـەك وەزیریـان دانـا[1]. بەمـەش ئێزدییـەکان لـە دابەشـبوونی حکومەتی هەرێم، یـەك وەزیریـان قازانج کـرد، واتـە بەهـەردوو حکومەتەکە دوو پۆستی وەزیریان پێدرا.

---

[1] شنگالی خەیری : چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

وەزیرەکەی ئیدارەی سلێمانی، کە بۆیەکەمجار لەماوەی حوکمڕانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزارەتێکی چالاکی پێدرا کە (عادل ناسر) لە سەرەتای (١٩٩٨) دەستت بەکار بوو، سەرەتا وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوو، دواتر کرا بە وەزیری کشتوکاڵ، وەزیری ئیدارەی هەولێر (د.جاسم ئەلیاس) بوو، کە وەزیری هەرێم بوو، وەزارەتێکی لاوەکی بوو هیچ رۆڵێکی پێنەدرا بوو[١].

دووکەرتبوونی حکومەت و زیادبوونی بەرژەوەندی حزبی وای کرد هەریەك لەو دوو حیزبە بۆئەوەی پشکی زیاتریان لەناو ئێزدییەکان هەبێ، هەریەکە لەلای خۆی پۆستی دائەنا بۆئێزدییەکان. ئەمە بەبەرژەوەندی ئێزدییەکان شکایەوە، بەڵام لەم ماوەیەی دوو ئیدارەییدا بەهۆی دووری ناوچەکانی ئێزدینشین لەدەسەڵاتی یەکێتی و ئیدارەی سلێمانی، لەلایەن ئەم ئیدارەیەوە کاری خزمەتگوزاری لەناوچەکانیان نەکرا[٢] بەڵام هاوکاری زۆری ئاوارەی ئێزدییەکان ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی ئیدارەی سلێمانیدا بوون، کراوە .

---

[١] وەزیری خانەنشین : عادل ناسر، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

[٢] :جمیل خدر عبدال: وەزیری خانەنشین، چاوپێکەوتن، دهۆك، (٢٠٠٧/٨/١١)

بەپێچەوانەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی پارتی کاری خزمەتگوزاری لەلایەن ئیدارەی پارتییەوە بۆ کرا، هەرچەندە بەپێی خشتەو بەرنامەیەکی چڕ نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەوکاتە لەلایەك باری ئابووری تەواو نەبووەو تواناکانی حکومەت دیاریکراو بوو، لەلایەکی ترەوە خۆخەریککردنی حکومەت بەکاروباری بەرژەوەندی حیزبی و شەڕی ناوخۆوە کاریگەری هەبووە لەسەر پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە بەگشتی. لەم بارودۆخە نوێیەشدا ئێزدییەکان ڕۆڵی ئەوتۆیان لەناو ئیدارەدا نەبووە، لەگەڵ ئەوەی چالاکییە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بەردەوام بووەو بنکەی لالش هەردەم کارو چالاکی خۆی هەبوو.

هەڵبەتە ئەوکاتە بەتەواوی بارودۆخی کوردستان بەقۆناغێکی تایبەتدا ئەڕۆیی، کەباری ئابووری خراپ بوو، هەڕەشەو مەترسییەکانی دەرەوەی هەرێم هەبوو، سەرەڕای دژوارییەکان و تێکچڕژانەکانی ناوخۆی حکومەت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە لەسەر ئێزدییەکان وەك پێکهاتەیەکی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### تەوەری دووەم

## رۆڵی ئێزدییەکان لە(١٩٩٦-٢٠٠٨)

### ١-رۆڵی ئێزیدییەکان ( ١٩٩٦-٢٠٠٣ )

بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی حکومەت بۆ دووئیدارە، ئەرکی هاوکارو پشتیوان بۆ ئەم گەلە بە رێکخراوە ناحکومییەکانو رێکخراوە خێرخوازو مرۆڤ دۆستەکان سپێردرا بوو، کە بە ناوی مافی مرۆڤ و هاریکاری خێرخوازی لەناو هەرێمی کوردستاندا خەریکی ئاوەدانکردنەوەو هاوکاری بوون لەبواری پەروەردەو کارەباو تەندروستی منداڵانو ژنانو گەلێکی تر. ئەم رێکخراوانە تاڕادەیەك چەندین ئەرکی گەورەیان لەکۆڵ حکومەت کردەوە.

ئا لەم بارودۆخەدا ئێزدییەکان وەك هەر پێکهاتەیەکی کوردستان، ئەو بەشەی کە لەژێر دەسەلاتو حوکمڕانی حکومەتی هەرێم دابوو، کەم تازۆر بەشی خۆیان سودمەند بوون .

دیارە سەرباری ئەوەی دوو وەزیر لەدوو کابینەی حکومەتدا هەبوون، بەلام ئەو دوو وەزیرەش نەیانتوانی

گوزارشت لەهەموو ئێزدییەکان بکەن، یان هەموو کارەکان بەوەزیرو ئەندام پەرلەمان بکرێت، بەڵکو دەکرا چەندین کەس بریکاری وەزیر، بەڕێوەبەری گشتی[1]، سەرۆکی فەرمانگە، سەرۆکی یەکەی ئیداری بۆ ئێزدییەکان دابنرێت. چونکە هەریەك لەو پۆستانە بەدەوری خۆی ئەیتوانی خزمەتی گەلەکەی بکات و لەڕێگەی پۆستەکەیەوە خزمەتی هاوئایینیەکانی بکات. واتە پۆستەکان لەسەر ئاستی باڵا پۆستی ستراتیژیو کاریگەر نەبوون، پۆست بۆ ئێزدییەکان شۆڕ نەبۆوە بۆ خوارێ، بۆیە ئەتوانین بڵێین ئەو ڕۆڵانەی دراون بەئێزدییەکان لەماوەی حوکمڕانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ڕۆڵی کاراو کاریگەر نەبوون، جگە لەمانە، دامەزراندن لەدام و دەزگاکاندا لەسەر بنەمای تەسکیە[٢]ی حیزبییە، یانی ئەگەر سەر بە یەکێك لەپارتەکان نەبن دانامەزرێن. کەواتە بۆئەوەی پۆست وەربگرن، یان دامەزرێن، مەرجە لەیەکێك لەپارتەکاندا کاربکەن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم قۆناغە (١٩٩٦-٢٠٠٣) گۆڕان لەئیدارەدا کراوە، هەروەکو ئیدارەی هەولێر لە (٢٠ی کانونی یەکەمی/١٩٩٩) کابینەکەی گۆڕی و کابینەی چوارەم

---

(1) :جمیل خدر عبدال: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(2) شنگاڵی، خەیری: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بەسەرۆکایەتی (نێچیرڤان بارزانی)[١] دەست بە کاربوو، لە(٢٠٠١/١/٢٠) کابینەی سێیەم لەئیدارەی سلێمانی بەسەرۆکایەتی (د. بەرهەم ئەحمەد سالح)[٢] دەستی بەکارەکانی کرد. کە لە حکومەتی سلێمانی (جمیل خدر عبدال)و لە هەولێر (حاکم نەمر) پۆستی وەزیریان وەرگرت.

هەر یەك لەم کابینە نوێیانەش لەم ئاڵوگۆڕەدا حکومڕانی کوردی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی لەبیرنەکردو هەمیشە بەنیگەرانییەوە بۆ سیاسەتی تەعریبی ناوچەکانی (کەرکوكو خانەقینو شێخانو شنگاڵو مەندەلیو بەدرەو جەسانو مەخمورو دەشتی هەولێر)و شوێنەکانی تری روانیووە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بوارەدا وەك ئەرکی سەرشانی هەولی خۆی داوە لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی[٣] کێشەی ئەو ناوچانە.

---

(1) باقسری، عزالدین سلیم، رئیس التحریر، الافتتاحیة، مرکز لالش الثقافي والاجتماعي، مجلة لالش، دهوك، عدد (١٢)، سنة (٢٠٠٠)، ص (٥)

(2) سالنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چالاکیو پرۆژەکانی ساڵی (٢٠٠١)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٥)

(3) ساڵنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان: چالاکیو پرۆژەکانی ساڵی (٢٠٠١)، سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٥٨)

لەلایەکی ترەوە تاکی ئێزدی لەڕووی دەروونییەوە بووبە دووبەش: لەلایەك دڵی لەلای ئەو برا هاونەتەوەو هاوئایینییەیە، کەلە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بوو. لەلایەکی تر خۆی لەقەیرانێکدا ئەژی، کەبەرچاوی روون و چارەنووسی دیار نەبووە. لەڕووی رۆڵی ئیزیدییەکانەوە لەم دوو کابینەیەشدا تەنها یەك وەزیریان هەبووە، بەڵام بریکارو بەڕێوەبەری گشتی و سەرۆکی فەرمانگەیان نەبووە. ئەو دوو وەزیرە لەهەریەك لەکابینەکان رۆڵی جیاوازیان هەبووە.

هەرچەندە نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە لە(٩/کانونی یەکەم/٢٠٠٠)[1] حکومەتی ناوەندی هەوڵی گرتنی باعەردێ و پەرستگای لالشیدا، کەجارێکی تر داگیری بکاتەوە، بەڵام ئەنجامەکەی راپەڕینێکی گەورەی لەباعەردێ لێکەوتەوەو نەیانهێشت رژێم جارێکی تر داگیری بکاتەوە. ئەمەش هەڵوێستێکی کوردانەی ئەوان بوو، کە کاریگەری لەسەر رۆڵی ئێزدییەکان هەبووە لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

---

[1] باقسری، عزالدین سلیم: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٥)

## ٢- ڕۆڵی ئێزیدییەکان لـــە (٢٠٠٣ – ٢٠٠٨)

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### * ڕۆڵی ئێزیدییەکان (٢٠٠٣ –٢٠٠٦) :

رووخانی رژێمی فاشی عێراق لە (٢٠٠٣/٤/٩) روداوێکی گـرنگ بـوو، کـە وەچـەرخانێکی تاڕادەیـەك نێـو دەوڵـەتی و هەرێمی لێکەوتەوە، بە رادەیەك، دەرگاکانی ئازادی بەڕووی گەلانی عێراقدا کردەوە، چی تر رەقیبێك نەما لەسەر ئازادی بـیروڕای تاکـەکان، بەتایبـەتی دوای دامەزرانـدنی دەسـەڵاتی حکومەتی فیدڕاڵی لەعێراق.

ئێزیدییەکانیش وەك سەرجەم براکانیان لەعێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) لـــە رووخـــانی رژێـــم رۆڵیـــان هـــەبووە، لـــە (٢٠٠٢/١٢/١٦)ی زاینی، کە کۆنگرەی لەندەنی ئۆپۆزسیونی عێراقی بەستراو هەموو لایەنی رامیاریو نەتەوەی ئایینیو نوێنـەری هەریـەك لـە ئەمـەریکاو بـەریتانیاو تورکیـاو کوێـتو وڵاتانی تری دنیا بەشداریان تیاکرد، ئێزدییـەکانیش بە دوو نوێنـەر کـە (عـادل جاسـم لـە یـەکێتیو پـیر خـدر سـلێمان لـە پـارتی)[1] بـە شـداریان تیـاکرد. کـاتێکیش رژێـم روخـا، زۆرو سـتەمو دێوەزمـەی دەسـەڵات لەسـەریان نـەما، کـە بەدرێـژایی

---

[1] وەزیری خانەنشین: عادل ناسر، سەرچاوەی پێشوو.

سەدەی رابردوو، تەنگی پێهەڵچنی بوون، ریگە حۆشکرد، کەبیروڕای خۆیان بەئازادی دەربڕن، بەدەنگی زوڵاڵ گوزارشت لەژیانو ئایینو هیواکانیان بکەن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێزیدییەکان ئەو پرسیارەیان لادروست بوو، کە (ئایا جارێکی تر دوای روخانی رژێمی سەدام) جیاوازی رەگەزیو ئایینی دووبارە ئەبێتەوە لەگەڵیان[1].

بۆیە هەر لەگەڵ بڵاوبونەوەی رەشنوسی دەستوری هەمیشەی عێراق کەوتنە دڵەڕاوکێو هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان لەدەستوردا لەڕیگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانو سەرکردایەتی کوردەوە. زۆر خەمخۆری ئایندەی عێراق بوون، بەتایبەتی مافی کەمینە ئاینیو نەتەوەییەکان، بۆیە هەمیشە داوایان ئەوە بوو کە (ئایینو دەوڵەت لەیەك جیابکرێتەوە)[2]، ئەوەش لەسەر ئەو باوەڕەی کە تاکە ریگە چارەسەری کێشەی ئایینی ئەوان بکاتو تایبەتمەندی ئایینەکەیان بپارێزێو شوێنی خۆی وەربگرێو

---

[1] د.خليل جندى: كيف ينظر الايزيديون للمستقبل، مركز لالش الثقافى والاجتماعى، دهوك، مجلة لالش عدد(٢٠)سنة، ت٢٠٠٣/١،ص٦

[2] ريان حسن جندى: الافتتاحية، مركز لالش الثقافى والاجتماعى، دهوك، مجلة لالش، عدد(٢٢)، سنة نيسان/٢٠٠٥،ص٥.

بـــەئازادی بۆنـــەو مەراســـیمە ئایینیـــەکانیان بـــەڕێ بکـــەن، ئەوسیستمەیە.

هەرئـــەوەش وایکـــرد لـــە (١٥ ئـــەیلولی ٢٠٠٥)[١]، دەنـــگ بەدەستوری هەمیشەیی عێراق بدەن.

دواتـر لەگـەڵ دەرکـەوتنی خـۆری ئـازادیش لەناوچـەکانی (کـەرکوك، خانـەقین، شـەنگاڵ، شـێخان، ناوچـەکانی تـری کوردستان)[٢]، کە لـەژێر دەسـەڵاتی رژێمدا بوون، حکومـەتی هـــەرێم کەوتـــە هاوکاریکردنیـــان و ئاســـایکردنەوەی بـــاری ئاســـایش و ئـــارامی ئـــەو ناوچـــانەو کۆمـــەککردنیان بـــە پێـــشکەشکردنی خزمەتگوزارییـــە گـــشتییەکان، کـــە لـــە دابینکردنـــی پێداویـــستی ئیـــداری و شـــارەوانییەکان، هـــەر لەســـــەرەتاوە پـــــۆلیس و پۆلیـــــسی هاتوچـــــۆو خزمـــــەتی تەندروستی و کارەباو ئاو گەیشتە ئەو ناوچانەو بەپێی توانا حکومـەت هـەوڵی ئاوەدانکردنـەوەی ناوچـە رزگارکراوەکـانی داوە .

ئەمـــەش وەرچـــەرخانیکی گـــەورە بـــوو لـــە مێـــژووی ئێزیدییەکانـدا کـە لـە (٩٠٪) لـە ژێـر دەسـەڵاتی رژێـم ئـازاد

---

[١] ریان حسن جندی: س. ب،ص٦

[٢] ســاڵنامەی حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان: چــالاکی و پرۆژەکــانی ســاڵی (٢٠٠٣)،چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلیمانی، (٢٠٠٤)، ل٥

بوون‌و یەکیان گرتەوە لەگەڵ ئەو لە(١٠٪)یەی براکانیان، کە لە ساڵی ١٩٩١ ئازاد بوبوون‌و لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی باشوردا بوون.

بەڵام ئەم لە (٩٠ ٪) ی ئیزیدییەکان چ وەك دانیشتوان‌و چ وەك خاك‌و ئاو بەفەرمی تائێستا نەکەوتونەتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەچوارچێوەی (ناوچە دابڕاوەکان) ماونەتەوە. ئەو ناوچانەی کەحکومەتی هەرێم کار بۆ گەڕانەوەیان بۆسەر کوردستان‌و ئاسایی کردنەوەی ناوچەکانیان‌و سەرژمێری کردن‌و دەنگدانی ئارەزومەندانەی دانیشتوانی ئەوناوچانە دەکات.

بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاری (٥٨) لەلایەن ئەنجومەنی دەسەڵات لەبەغداد دەرچوو، کەدوایی لەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا گۆڕا بۆمادەی (١٤٠) ی دەستوری، کەتائێستاش یەکێکە لەو مادانەی جێبەجێنەکراوەو کێشەی لەنێوان حکومەتی هەرێم‌و ناوەنددا دروست کردوە، لەپەراوێزی ئەو راستیانەشدا شارەکانی ( شەنگاڵ‌و شێخان‌و تەلکێف) سێ قەزای ئیزیدینشینن‌و بەفەرمی نەخراونەتەوە سەرهەرێمی کوردستان، بەڵام هەریەك لەقەزای شەنگاڵ‌و شێخان  لە (٢٠٠٣) وە بەناڕاستەوخۆ بەستراون بەحکومەتی هەرێمی کوردستان،  قائمقامی قەزاو بەڕێوەبەری پۆلیس‌و

زۆرینـەی فەرمانگـەکان (کـوردی ئیزیـدی بـوون)[1] موچـەیان لەحکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان وەرئـەگرن، لەگـەڵ ئـەوەی کەبودجـــەی ئەوناوچـــانە نادرێـــت بەحکومـــەتی هـــەرێمی کوردستان.

لەگـــەڵ ئەمانەشـــدا دەیـــان فەرمانبـــەرو مامۆســـتایان دامەزراندووە، بە بـەردەوامی پەرلـەمان و ئەنجومـەنی وەزیـران لەهـەردوو ئیدارە ئێستاش نوێنـەرو کەسایەتی ئیزیدییـەکان ئـەبینن و پێـشوازیان لـێ ئەکـەن و بـەپێی توانـا داواکـاریی و پێشنیارەکانیان جێبەجێ ئەکەن.

لەرێکەوتی (٢٠٠٣/٥/٥)ز، کاتێك بەسەرپەرشتی جەنەڕاڵ (دیڤید پاتر پۆلیس)[2] نوێنەری ئەمریکا لـە موسڵ بۆ یەکەم جار لەمێـژووی موسـڵ[3] هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی شـارەوانی لەهەموو چین و توێژو نەتـەوەکان هەڵبـژێردرا، کـە عـەرەب (٩) نوێنـەر، کـورد (٥) نوێنـەر، ئاشـور (٢) نوێنـەرو، تورکمـان (١) نوێنـەر بەرکـەوت و (غـانم البـسویە) بـوە پارێزگـارو (خـسرەو گۆران) بۆ جێگری پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومـەنی شـارەوانی موسـڵ هەڵبژێـدران، لـەم نوێنەرایەتیەشـدا کـوردی ئیزیـدی

---

[1] سعید سلۆ: سەرچاوەی پێشوو.

[2] علی کەندی: ساڵنامەی کوردستان، س.ب، ل ٢٠٠٢/١٠/٤

[3] علی کەندی: ساڵنامەی کوردستان، س.ب، ل ٢٠٠٣/٥/٥

پـشکی هـەبوو، ئەمـەش دڵخۆشـکەربوو کـە بـۆ یەکـەم جـار کوردی ئێزیدی ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی بێ لە سنوری پارێزگای موسڵ.

لەگـەڵ ئەمانەشـدا ئیزیدییـەکان بـەهاوکاری حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان هەوڵیانـدا، کەخوێنـدنی وانـەی ئیزیـدی لەناوچـە ئازادکراوەکـان کـە لەسـەر حکومـەتی ناوەنـدین و دانیشتوانیان ئێزیدی، یان زۆرینـەیان ئێزیدییە، بخوێنرێت، ئـەوەبوو سـەرئەنجام لـە (٢٠٠٤/١١/٧) وەزارەتـی پـەروەردەی عێـراق بڕیـاری ژمـارە (٢١٥٣)ی[1] دەرکـرد، کـە بڕیـاردرابوو بەخوێنـدنی وانـەی ئـاینی ئێزیـدی لەهـەموو ئـەو قوتابخانـەو خوێندنگایانەی کەژمارەی قوتابی و خوێنـدکارەکان لـە (٢٥٪) بـەرەو ژورە، بەڕێـژەی چوار وانـە لـە هەفتەیەکدا بـۆ قۆنـاخی سـەرەتای و سێ وانـە لەهەفتەیەکدا بـۆ قۆنـاخی دواناوەنـدی، نـاوەڕۆکی وانـەکانیش لەسـەر بنـەمای ئـەو پرۆگرامـەبێ، کـەوەزارەتی پـەروەردەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بڕیـاری لەسـەر داوەو ئێـستا لەناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتیدا

---

[1] شمـو قاسـم کلـو: صـدور قـرار وزاری مـن حکومـه العـراق لتـدریس مـاده الازدیـاتی فـی المـدارس رسمیـا، مرکـز لالـش الثقـافـی والاجتمـاعی، دهـوك، مجلەلالش، عدد(٢٢)، نیسان٢٠٠٥، ص٦٩

دەخوێنرێت. ئەم بڕیارە بۆساڵی خوێندنی(٢٠٠٤–٢٠٠٥) جێبەجێکرا .

کاتێکیش ئیدارەی سلێمانی لە ساڵی (٢٠٠٥) گۆڕانی بەسەردا هات، کابینەی چوارەم بەسەرۆکایەتی (عمر فتاح) دەستبەکاربوو، لەهەولێریش کابینەی چوارەم بەسەرۆکایەتی (نێچیرەڤان بەرزانی)[1] بەردەوام بوو. ئێزیدییە کان بە هەمان شێوە لەهەریەك لەو دوو کابینەیە بەیەك وەزیر بەشداریان پێکرا، کە هەریەك لە (جمیل خدرعبدال‌و حاکم نەمر) وەزیر بوون.

کە لە (٢٠٠٥/١/٣) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق‌و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان وئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامدرا، ئیزیدییەکان(٣)[2] ئەندام پەرلەمانیان لەپەرلەمانی کوردستان بۆدانرا، لەسەر لیستی یەکێتی(مریەم بابۆ شێخ)و لەسەر لیستی پارتی (پیر خدر سلیمان‌و عێزەدین سەلیم باقەسری). لە پەرلەمانی فیدراڵیش بێبەش کران، دواتر لە شوێنی دکتۆر رۆژ (محمە سمۆقی) لە سەرلیستی پارتی دانرا. لەکاتێکدا پێشتر لەئەنجومەنی حوکم هەریەك لە (کامەران خیری بەگ، عادل ناسر، حەیدەر

---

[1] وەزیری خانەنشین :عادل ناسر، سەرچاوەی پێشوو.

[2] جمیل خدر عبدال: سەرچاوەی پێشوو.

قاسو شەمۆ) ئەندامی ئەنجومەنی حوکم بوون، هەرچەندە ئێستا ئەندام پەرلەمانێکی ئێزیدی لە پەرلەمانە لەبەغداد، بەڵام لەسەر لیستی ئەو گروپەن، کە خۆیان بە عەرەب ناونووس کردووە، نەك کورد.

لە هەمان کاتدا (پیر خدر مەمۆ) لەسەر لیستی پارتی لە حکومەتی بەغداد وەزیری کاروباری دەوڵەتە .

لەموسڵیش بەشداری ئەنجومەنی پارێزگایان پێکرا، بەدانانی سێ ئەندام بەناوەکانی (قاسم ساڵح شنگالی، علی درویش، میرزا شێخ سلیمان)[1]، بەڵام (علی درویش) لە کارێکی تیرۆرستیدا شەهید ئەبێ و(حسن نرمن) دەخرێتە شوێنی، هەرچەندە ئەم ئەندامانە لەسەر لیستی پارتە سیاسییەکان دانرابوون و ڕەچاوی ناوچەکانیان نەکردبوو، هەرسێ ئەندام پەرلەمانەکە خەڵکی ناوچەی شێخان بوون و شەنگاڵ و ناوچەکانی تر لەدانانی ئەندام پەرلەمان بێبەش بوون. لە (دهۆك) یش بە سێ ئەندام لە ئەنجومەنی پارێزگا بەشداریان پێکرا بەناوەکانی (درمان خلف عیدو، سالم چیچۆ، د.خەیری نعمۆ)، (د. خەیری) ئێستا لە کاردا نە ماوە،

---

(١) بەڕێوبەری گشتی: خەیری هەرسین شەنگاڵی، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو

هـەر لـەدهۆك بەرێوەبـەری بەرێوەبەرایـەتی ئاوەدانكردنـەوەو نیشتەجێكردن ئێزدییە بە ناوی (جەلیل هالۆ).

كتێبخانەی بیروهۆشیاری

## رۆڵی ئێزیدییەكان (٢٠٠٦-٢٠٠٨)

مـانگی ئایـاری (٢٠٠٦) هـەردوو كابینـەی ئیـدارەی سـلێمانیو هـەولێر یـەكیان گرتـەوە، كابینـەی پێنجـەم بەسەرۆكایەتی (نێچیرەڤان بارزانیو جێگرێتی عومەر فەتاح) لەپایتەختی هەولێر دامەزرا، هەرچەندە یەكگرتنەوە لەسەر ئاستی چەند وەزارەتێك بوو.

لەم قۆناغەدا ئێزیدییەكان تەنها دوو وەزیریان بە ناوەكانی (مەحمـود عیـدۆ حـەجی، دكتـور دەخیـل سـەعید) لەسـەر لیستەكانی یەكێتیو پارتی، پێدرا یەك راوێژكاریان بۆدانرا بەناوی (حازم تەحسین بەگ) لە سەرۆكایەتی هەرێم، لەگەڵ یەك بەڕێوبەری گشتی بەناوی (خەیری هەرسین شنگالی) بۆ كاروباری ئاینی لە وەزارەتی كاروباری ئاینی، پێشتریش ئیدارەی سلێمانی دوو دادوەری دامەزراندبوو بەناوەكانی (قاسم ئوسمان رەزۆ، ئەحمەد حەجی داهر)[1]

---

[1] بەڕێوبەری گشتی: خەیری هەرسین شەنگالی، چاوپێكەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

کەلەپۆستەکانیاندا وەك دادوەر مانەوە، پێشتریش لەدهۆك داواکاری گشتی هەبووە. لەلایەکی ترەوە لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان یەك ئەندام پەرلەمانیان لەپەرلەمانی بەغداد بەناوی (محمە سموقی) بۆدانان. دیارە بەلای ئێزیدییەکانەوە ئەم پۆستانە بەپێی پێویستو قەبارەی خواستی ئێزیدییەکان نەبوو، چونکە ئێزیدییەکان داوای زیاتریان دەکرد، بەمافی خۆیان ئەزانی لەپێکهاتەی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەو پۆستە سەرەکیەکانەو لەوەزارەتو دامو دەزگاکاندا نوێنەرایەتی زیاتریان هەبێت[1].

لەڕووی دامەزراندنو دەستەبەرکردنی کارەوە هەلی زیاتریان بۆ برەخسێنرێت. چونکە ئێزیدییەکان زۆر بوار هەبوو، نەیانئەتوانی کاری تیا بکەن، یان ڕێگەیان پێ نەدراوەو کەس شتیان لێبکرێت وەك دانانی (قەسابخانە، چێشتخانە، نانەواخانە .... هتد)[2]. بۆیە زیاتر ئەوکارانەیان ئەکرد، کە زیاتر کرێکاری بیناسازیو شاگردی یانەو کۆگای فرۆشتنی مەی بوو، واتە ئەو کارانەی کەمسوڵمان نەیدەکرد، بۆیە ئەمە بووە هۆی دروستکردنی بێکاری لەناو

---

[1] وەزیری خانەنشین : جەمیل خدر عەبدال ،هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[2] وەزیری خانەنشین: جەمیل خدر عەبدال، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئێزیدییەکان، کەکاریگەری خراپی لەسەر باری ئابووریو دەروونییان بوو، دیارە ئەمەش گرفتەکان بوون، دەبوایە حکومەتی هەرێم چارەسەریان بکات، چونکە پێش (٢٠) ساڵ وانەبوو، ئەمە چەند ساڵێکە بەهۆی پارتەکانی ئیسلامی سیاسییەوە پەیدابووە[1]. خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە، کە بەشی زۆری ناوچەی ئێزیدییەکان کەوتبوونە ناو (ناوچە دابڕاوەکانەوە)، کەتا ئێستا کێشەی گەورەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندە. بەڵام لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم وەزارەتێك بەناوی (وەزارەتی کاروباری ناوچە دابڕاوەکان) دانراوە، کە بەبەردەوامی لەگەڵ حکومەتی ناوەند لەدانوستاندایە بۆ گەڕانەوەی ئەوناوچانە، لەو بوارەشدا لیژنەی تایبەت دانرا بۆهەمان مەبەست. بەڵام هیچ یەك لەو هەوڵانە نەگەشتونەتە ئەنجام، سەرەڕای پەرۆشیی شەقامی کوردو سەرکردایەتی کورد بۆکێشەی ناوچەدابڕاوەکانو جێبەجیکردنی مادەی (١٤٠).

لەڕاستیدا مادەی (١٤٠) چارەسەری سەرەکیو یەکلاییکەرەوەیە بۆ ناوچەی ئێزیدییەکان (بەڵام ئەم مادەیە ترسی زۆری لەسەرەو دواکەوت، ئێستاش ترس هەیە لەوەی

---

(١) بەڕێوبەری گشتی: خەیری هەرسین شەنگالی، چاوپێکەوتن، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئـــەم مادەیـــە وەك خـــۆی جێبەجێنـــەكرێتو ببێتـــە هـــۆی دابەشبوونی ئێزیدییەكان بۆسەر هـەردوو حكومـەتی هـەرێمی كوردســـتانو ناوەنـــدی، كەئەمـــەش مانـــای لەناوچـــوونی ئێزیدییەكانـە)، ئەمـەو جگـە لـەوەی نوسـینگەیەك لەشـەنگاڵ بۆمادەی (١٤٠) هەیە. [1]

بـەڵام ناوچـەی (گرعزیـز كەلەسـەردەمی رژ ێمـدا خرابـووە سـەر قـەزای (بـەعاج)، نـاتوانن دەنـگ بـدەن، چـونكە قـەزای بەعاج لەدەرەوەی مادەی (١٤٠)ە، لەئەمەش كـاری گەریگـەری خراپی لەسەر ئەوان دروست كردووە[2].

خـاڵێكی تـر ئەوەیـە كەلەدەسـتوری هـەرێمی كوردسـتاندا ئێزیدییـــەكان زۆر هـــەوڵیان داوە بـــۆ دەســـتەبەركردنی مافەكانیان. لەگـەڵ ئـەوەی لەدەستوری هـەرێمی كوردسـتاندا مـافی كەمینـەكان دیـاری كـراوە، بـەڵام باسـی ئێزیدییـەكان نەكراوە، لەبـەر ئـەوەی كەمایـەتی ئـاینی كـوردن، بـەڵام ئـەبێت تایبەتمەندی ئاینەكەیان رەچاو بكرێت[3].

---

[1] وەزیری خانەنشین : جەمیل خدر عەبدال ،چاوپێكەوتن، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[2] بەرێوبـەری گـشتی: خـەیری هەرسـین شـەنگاڵی، چـاوپێكەوتن، هـەمان سەرچاوەی پێشوو.

[3] رۆژنامەنووس: خدر دوومەلی، چاوپێكەوتنسەرچاوەی پێشوو.

دیـاره ئێـستا لـەم قۆناغەشـدا گـۆڕانێکی بـاش هەیـە لەبارودۆخی ئێزیدییەکاندا. حکومەتی هەرێم تائێستا ئاگای لەوەنـەبووە، کەئێزیدییـەکان بـە سـەدان دەرچـووی کۆلێـژو مامۆسـتای زانکـۆو دکتـۆرو ئەنـدازیارو کۆمـەڵناس و ..هتـد هەیـە[1]. بەڵام راستیەك هەیە، کـە حکومـەتی هـەرێم تائێستا لەسـەر بنـەمای زانـستی و واقعـی مامەڵـە لەگـەڵ ئێزیدییـەکان ناکات، بەڵکو لەسەر بنەمای حیزبایەتی مامەڵە ئەکات[2].

هەر لـەم قۆناغـەدا ئێزیدییـەکان لەهـەوڵی داڕشتنی یاسـای بـاری کەسـێتی ئێزیدییەکانـدان[3]، کەلەسـەر بنـەڕەتی مـافی مرۆڤـ دائەڕێـژرێ، کـەمافی ژن و منداڵی تیـا دەسـتەبەرکرابێ، ئەنجومـەنی رۆحـانی ئێزیـدی پەسـەندی ئـەکات و ئـەڕوا بۆپەرلـەمان، بەمەبەسـتی گفـت و گـۆکردن لەسـەری و پەسەندکردنی.

لەلایـەکی تـرەوە ئێزیدییـەکان بـەهاوکاری رێکخـراوی مافـە شارستانییەکان لەکوردستان(Kcro) خەریکی دەنگدان بوون (اسـتفتاء) لەرێگـەی فۆرمـەوە، بەمەبەسـتی گێڕانـەوەی

---

[1] بەڕێوبەری گشتی : خەیری شەنگاڵی، چاوپێکەوتن، س.ب

[2] بەڕێوبەری گشتی : خەیری شەنگاڵی ، چاوپێکەوتن، س.ب

[3] رۆژنامەنووس : خدر دوومەلی ،س.ب.

ناوچـــەكانیان بـــۆ ســـەر حكومـــەتی هـــەرێمی كوردســـتان و باشكردنی بارودۆخی گوزەرانیان لەناوچە دابڕاوەكاندا[1].

لەكاتێكـــدا بەبـــەردەوامی دەســـتەبژێری رۆشـــنبیری ئێزیدییـەكان لەهەوڵدانـدان بۆبـەرەو پێشـچوونی بـاردۆخی ئێزیدییـەكان، حكومـەتی هـەرێمش بەدەنگـەوەهاتنی هـەبووە بۆجێبـــەجێ كردنـــی داواكانیـــان و ئاوەدانكردنـــەوەی ناوچەكانیان و هاوكاریكردنیـان لەچارەسـەری كێشەكاندا لـەم بوارەدا، بـەم دواییانـە هەوڵـەكانی حكومـەت بۆگەشـەپێدانیان بـــواری ســـەربازی و پۆلیسیـــشی گرتـــەوە، چـــەند كـــەس لەكۆلێـژەكانی سـەربازی وەرگـیران، لەنێوانیانـدا چـەندین ژن بەشـداربوون هـەروەها دوو كـچ خـولی كـۆلێجی پۆلیـسیان لەهـەولێر تـەواو كـردو لەبـەر باشـیی نمرەكانیـان بەئەفسەری پلە دوو دامەزران[2].

ئەمـەو ئێزیدییـەكان ئێـستا لەهەوڵدانـدان بـۆ كردنـەوەی كـــەناڵی تەلـــەفزێونی تایبـــەت بـــەخۆیان[3]. جگـــە لـــەوە، ئێزیدییـــەكان چـــەندین یاداشـــتنامەیان داوە بەپەرلـــەمان و حكومـــەتی هـــەرێمی كوردســـتان، بەمەبەســـتی زیـــاتر

---

(1) رۆژنامەنووس : خدر دوومەلی ،س.ب.

(2) شبكە لالش الاعلامیە : دهۆك، ص ١-٣، ٧/نۆڤەمبەری ٢٠٠٧.

(3) شبكە لالش الأعلامیە :س.ب

جەختكردنەوە لەسەر مافەكانیان لەدەستوردا[1]، لەلایەكی ترەوە ئامادەیی خۆیان دەرئەبڕن بۆبەرگری لەكوردستان هەركات پێویست بوو لەدژی هەرداگیركارییەك[2]، هەروەها لەهەولی یەكێتی ریزەكانی سەرجەم پێكهاتەكانی كوردستاندان لەدژی هەر هەولێكی تیرۆرستی و تێكدانی ریزەكان ئەوەستنەوە بەبەلگەی ئەو بەیاننامانەی، كە میری ئێزیدیی و ئەنجومەنی رۆحانی و دەستەبژێری رۆشنبیری دەریئەكەن لەكاتی روداوە جۆراو جۆرەكان، وەك روداوەكانی ئەم دواییەی بەحزانی و شێخان[3].

هەروەها دەربارەی كاری كارگێڕی زیاتر دوو فاقییەك[4] هەیە لەناوچە دابڕاوەكانی ئێزیدییەكاندا لەنێوان پارێزگای دهۆك و موسلدا، كەنووسراوی هەردوولایان بۆدێت، لەڕووی خزمەتگوزاریش موسل هیچیان بۆناكات، ئەلێ سەر بەحكومەتی هەرێمن، بەلام لەگەل ئەوەی بودجەیان لەسەر

---

(1) خضردوملي: منبر خانة سور الحور، مركز قنديل للنشر والاعلام، ص ١- ٥، ١٤٢٧/١١/٩.

(2) شبكه لالش الاعلاميه : مركز لالش، دهوك، ص ١ – ٧، نۆڤەمبەر ٢٠٠٧.

(3) بحزانى صحيفه الالكترونى يوميه مستقله : بيان امير الازيديه فى العراق والعالم، ص ٣، ٢٧ نيسانى ٢٠٠٧.

(4) قائمقامی شێخان، بۆتان محسین سالح: چاوپێكەوتن، شێخان، دیوانی قائمقامێت، ٢٠٠٧/٨/١٣.

دهــۆك نییــه، موچــەو سەرموچــەی فەرمانبــەران لــەدهۆك وەرئـەگرن، چـونكە ئـەوان دايانمەزرانـدون و بـەپێی توانـاش كـاری حزمــەتگوزاريان بـۆ ئەكـەن، بـەڵام دەربـارەی شـەنگاڵ بارودۆخەكـە زۆر خراپـەو كـارە خزمەتگوزاريـەكان زۆركەمـە، تەنانـەت پێداويستيەكانی رۆژانـەی وەك ئـاوی خواردنـەوەش زۆركەمە[1].

ئێستا ئێزيدييەكان وەك بەشێكی سـەرەكی و پێكهاتەيـەكی ئاينی كورد مامەڵـەيان لەگـەڵ ئـەكرێت و بەشـداری پەرلـەمان و حكومەتن لەگەڵ بوونی چەندين كێشەی جۆراو جۆرو كـەمی خزمــەتگوزاری، بــەڵام ئێزيدييــەكان لەهەوڵدانــدان بــۆ زيــاتر دەســتەبەركردنی ئامانجــەكانيان، حكومــەيش لەهەوڵدايــە بــۆ زيـاتر خزمـەتكردنيان، وەك هاوكێشـەيەك تەواوكـەری يـەكترن لەژێر كاريگەرييە جۆراوجۆرەكاندا .

---

(1) شنگالی، هڤند خلف: بە رپرسی پێشمەرگەی ئـەيلول لـەلقی (١٧) پ.د.ك، چاوپێكەوتن، دهۆك، موتيل شام، ٢٠٠٧/٨/١٢.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

## باسی دووەم

# کاریگەری ئێزدییەکان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان

### تەوەری یەکەم

## ١-تێڕوانینی ئێزدییەکان بۆحکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەوەی جیگای باسە، ئێزدییەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هی خۆیان دەزانن. لەم بارەوە بۆچوونی چەند کەسایەتیەك دەخوێنینەوە.

رابەری رۆحانی ئێزدی (بابەشێخ) وتویەتی: (ئێمە ماڵو موڵکی خۆمان بەجێهێشت بۆ ئەو کوردو کوردستانە، لە باوباپیرانەوە هەموو ژیانمان بۆ کوردو کوردستان تەرخان کرد)[1].

---

[1](بابە شێخ) زەعیمی رۆحانی: چاوپێکەوتن: شێخان، ماڵی (بابە شێخ) (٢٠٠٧/٨/١٣)

هەروەها میری ئێزدییەکانیش میر تەحسین وتویەتی : (ئێمە کوردین، جیاوازی لەنێوان ئێمەو کوردی تردا نییە، هەموو کوردین و حکومەتی هەرێم وەك حکومەتی خۆمانە)[1].

(جەمیل خدر عەبدال)یش وەزیر لەکابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا (ئێدارەی سلێمانی) وتویەتی: (ئێزدییەکان بەشێکی هەرە گرنگن لەپێکهاتەی خەڵکی کوردستان، خەڵکی کوردستان لەئاینی جیاجیا یان نەتەوەی جیاجیا پێکهاتووەو حکومەتی هەرێم بەحکومەتی خۆمان ئەزانین)[٢]

(خەیری شەنگاڵی)یش بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییەکان لەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لای وابووە کە: (ئینتمای نەتەوەیی ئێزدییەکان پێش (٨٠٠)ساڵ نەتەوە پەرست بوون و بەگشتی حکومەتی هەرێم بەحکومەتی خۆمان ئەزانین)[٣].

(سەعید سلۆ) بەرپرسی کۆمیتەی رۆشنبیری بنکەی لالش پێی وایە: "مێژووی ئێزدییایەتی لەخزمەتی کوردستاندا

---

[1] میری ئێزدیان، چاوپێکەوتن، شێخان، ماڵی (میر تەحسین بەگ) (١٣/٨/٢٠٠٧)

[2] عەبدال، جەمیل خدر: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[3] شەنگالی، خەیری : هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بووه، ئێزدییایەتی میثیالۆجیەکە یان تاقە میثیالۆجیە، کە لەمیللەتی کوردا هاتۆتە خزمەتکردنی قەومێتی کورد"[١].

(خدر دوملی) ڕۆژنامەنووس لای وایە: (تائێستا ئێزدییەکان خۆی نەگۆڕ بوونەو لەسەر بنەمای واقعیانەو ئیداری مامەڵە لەگەڵ حکومەت دەکەن، لەسەر بنەمای حیزبی مامەڵە لەگەڵ حکومەت ئەکەن، ناڕۆن بۆ حکومەت کێشەی خۆیان چارەسەر بکەن، هەر لەڕێگەی حیزبەوە ئەیکەن، ئەمەش وای کردووە حیزب بووە بەدەسەلات، تاحکومەت)[٢].

(عەدنان زیان)ی مامۆستای زانکۆش پێی وایە: (ئێزدییەکان رەگەزێکی زۆر سەرەکی بوون لەبزاوتی رزگاریخوازی گەلی کوردستانو دەورێکی زۆر ئەکتیڤو کاریگەریان هەبووە، ئەو رۆڵەش لەخۆڕا نەهاتووە، ئێزدیان هەست ئەکەن بەناسنامەی خۆیان وەك کوردو تێگەیشتوون کەپاراستنی ناسنامەی دینیش گرێدانو بەستنی لەگەڵ مافەکانی نەتەوەیی هەیە..)[٣].

---

[1] سلۆ، سەعید: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[2] دوملی، خدر : رۆژنامەنووس، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

[3] عەدنان زیان فەرحان: مامۆستای زانکۆ، چاوپێکەوتن، شێخان، (١٣/٨/٢٠٠٧)

(نـايف سـەعيد) بەرپرسـی مەڵبەنـدی یـەکێتی نیـشتمانی وتويـەتی: (بەتەئكيـد ئێمـە وەك ئێزديیـەكان خۆمـان بـەكورد ئەزانين و حكومەتی هەرێم بەهی خۆمان ئەزانين) [1].

دكتۆر(جەزا تۆفيق تاليب) لای وايە: (ئێزدييەكان كوردی رەسەنن، ئـەتوانين بڵێين لەئێمـە مانـان كوردترن، چونكە هـەم سـيفاتە نەتەوەييەكـەيان تيايـە، هـەم سـيفەتە ئايينييـە كۆنەكـەيان تيايـە، كەنـەيانگۆڕيووە، گـۆڕان بەسـەر ديانەتەكەياندا نەهاتووە) [٢]

سەرنووسـەری گۆڤـاری لالـش (عيـزەددين سـەليم باقەسـری)يـش لەسـەروتاری ژمـارە (18-19) كـە لەئـەيلولی (٢٠٠٠) دەرچـووە، نوسـيويەتی: (ئێزدیايـەتی يـانی كوردايەتی و دوو رووی يەك پارەن).

(عـادل ناسـر)يـش وەزيـر لـە كابينـەی دووەم لـە حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان (ئيـدارەی سليمانی) وتويـەتی: (ئيزيـدی لەدێرزەمانـەوە توشـی چەوسـانەوەی نەتـەوەیو ئـاينی بـوون لـەولاتی خۆيـان، بەهـەزاران سـاڵ لەسـەر ئـەم كوردسـتانە، لەسەر ئەم زەوييە بەرگريان كردوە دژی هەموو سياسەتێك،

---

[1] نايف سەعيد، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[2] جەزا تۆفيق تاليب: چاوپێكەوتن، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بۆهـــەموو هێزێـــك، كـــە ویـــستویانە لەسـەرئەم خاكـــە بیانسڕنەوە)[1].

بەپێی ئەو دەقانە، ئێزدییـەكان حكومـەتی هـەرێمیان بـەهی خۆیان زانیوەو تێڕوانینیان بۆ ئەو حكومەتە وەك تێڕوانینـی هـەموو كـوردێكی تربـووە لەكوردسـتاندا، ئـەوەش لـەخۆڕا نـەبووە، بـەڵكو خـودی خۆیـان چـەندین پێـشمەرگەو كـادیری سیاسـیان لـەناو حیزبـە كوردسـتانیەكاندا هـەبووە، هـەروەها چەندین شەهیدیان لەسەر ئاستی سەركردایەتی داوەو ماڵو موڵكیـان زەوتو تـەعریب كـراوە. تەنانـەت لـە كوشـتاری بەكۆمـەڵی ئەنفالیـشدا پـشكیان هـەبووە. بۆیـە حكومـەتی هەرێمی كوردستانیان بە دەسەڵاتی خۆیان زانیوە.

هەر لێرەشەوە حكومـەتی هـەرێمیان بەمینبـەری خۆیـان بـۆ دەسـتەبەركردنی داواكـاریو پێویـستییەكانیان زانیـووە[*]، ئومێدی خۆیان لەسەر ئەو حكومەتە هەڵچنیووە).

بـەڵام لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا ئێزدییـەكان گلـەییان لەحكومەت[**] هـەبووەو ناڕەزایان بەرامبـەر حكومـەتی هـەرێم

---

[1] عادل ناسر: وەزیری خانەنشین، چاوپێكەوتنن، دوكان، (٢٠٠٨/٢/٨)

(*) سەرجەم چاوپێكەوتنەكان هەمان رایان هەبووە .

(**) سـەرجەم چـاوپێكەوتنەكان ناڕەزاییـان هـەبوو لەپۆسـتەكانو كـارە خزمەتگوزارییەكان.

دەربریـوە. وەك نـاڕازیبوون لەپۆسـتەكانیان، کـە تائێـستا پۆسـتی سـتراتیجیو وەزارەتـی ئـەکتیڤ نـەدراوە بەئێزدییەکانو پۆستەکان بۆخوارەوە شۆڕ نەبۆتەوەو بەپێی ژمارەو قەبارەی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە.

ڕەخنـەیان هـەبووە لـە مامەڵـەی حکومـەت لەگـەڵ ئێزدییـەکان، بەتایبـەت لەسـەر بنـەمای حیزبـی، بـەواتای ئەوەی حیزبە کوردییەکان رای چەند کادرێکی ناو حیزبەکەی خۆیان وەرگرتووەو نەچوونەتە ناوئێزدییەکانەوە رای چینو توێـژەکانی تـر وەربگـرن، لـە کاتێکـدا لـە نێوانیانـدا چـەندین نووسـەرو رونـاکبیرو مامۆسـتای زانکـۆو پزیـشكو ئەنـدازیار هەبووە.

لەگـەڵ ئەمانەشـدا رەخنـەیان هەیـە، کەنزیکـەی (٤٠٠) گونـدی ئیزیـدی کـاول کـراوە، تائێـستا یـەك گونـد ئـاوەدان نەکراوەتـەوە، شـەنگاڵ بەرلـە (٤٠) سـاڵ قائیمقامێتـە، بـەڵام وەك پێویـست لەلایـەن حکومەتـەوە گرنگـی پـێ نـەدراوە، شـێخان قیبلـەی هـەموو ئێزیدییـەکانی جیهانـە، کەچـی هـیچ کارێکی خزمەتگوزاری بۆنەکراوە .

## ٢- تێڕوانینی حکومەت بۆ ئێزدییەکان

مەکتەبی ... شیاری

هەر لەو ڕۆژەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بووە، بەهەموو هەوڵو توانایەکەوە هەوڵی داوە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان لەخۆی کۆبکاتەوەو مافی هەموو کەمایەتیە نەتەوەیی و ئایینیەکان بۆدەستەبەر بکات(*).

لەم بوارەداو هەنگاوی بوێرانە نراوە، لەبەر باوەڕدارانی (ئێزدی و مەسیحی کاکەیی و شەبەك) وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی گۆڕدراوە، بۆئەوەی خزمەتی پەرستگای کەمایەتییە ئاینییەکان بکرێت و هەست بەجیاوازی نەکەن.

لەئاستی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنیگەرانییەوە بۆ ئەو ناوچانەی ئەڕوانی، بەئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە لەئاستی ناوخۆیی و دەرەکی هەڵمەتی گەڕانەوەیان بۆ سەر حکومەتی هەرێم بۆ بکات، بۆ ئەوەی بەزووترین کات سیاسەتی

---

(*) لەئەنجامی خوێندنەوەی (ساڵنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و (ڕاپۆرتی هەڤاڵ مام جەلال بۆ کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان: شوباتی ٢٠٠١) ئەم نووسینەم بەدەستکارییەوە وەرگرتووە واتە دەرئەنجامی خوێندنەوەی ئەو نووسینانە ئەم پەرەگرافەم هەڵهێنجاوە.

پاکتاوی رەگەزیان لەسەر لابچیٚ و بەهەموو شێوازێك ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەیە بووەستێنن.[1]

لەکارەکانی حکومەتیش خوێندنی پەروەردەی ئایینی ئێزدییە، کە لەساڵی (١٩٩٦) لەسەرجەم ناوچەکانی ئێزدینشینی سەر بەحوکومەتی هەرێمی کوردستان دانرا. لەگەڵ ئازادبوونی ئەو بەشەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدا بووە، هەوڵدراوە هەمان دەسکەوت بگەیەنرێتە ئەم ناوچانە.

لە (٩ی/حوزەیرانی /٢٠٠٢) کاتێك (بەرێز مەسعود بارزانی) سەردانی کۆمەڵگای (خانکا)ی ئێزدینشینی کرد، وتویەتی: (میللەتێك نییە ناوی کورد بیٚ، ئەگەر ئێزدییەکان رەسەنی کورد نەبن).[2]

(ئەوەشی کێشە لەرێگای ئێزدییەکان دروست ئەکات، وەك ئەوە وایە ئاسایشی نەتەوەیی کورد بخاتە مەترسییەوە، ئێمە بەهەموو توانایەکمانەوە بەرەو رووی ئەبینەوە)". بەمەش

---

[1] ساڵنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان: چالاکی و پرۆژەکانی ساڵی (٢٠٠٠)، ل(٣٥٨).

[2] باقسری: رئيس التحرير، الافتتاحية، مركز لالش الثقافي والاجتماعي، دهوك: مجلة لالش، العدد، (١٨-١٩) (٢٠٠٤)ل٦.

ســـەرۆکی هـــەرێمی کوردســـتان پێگەیـــەکی گـــەورەی دا بەئێزدییەکانو بەئاسایشی نەتەوەیی کوردەوەی بەستەوە.

لە (٤-٩ی شوباتی/٢٠٠١) لەپارێزگای دهۆك میهرەجانی چیای شەنگال سازکرا. کە لەسەرجەم دەزگاو راگەیاندنو رۆژنامەکان باس کرا.

کاتێکیش لیژنەی ئامادەکردنی دامەزراندنی بنکەی لالش لــە (١٤ی کــانونی یەکــەمی/١٩٩٢) ســەردانی بــەرێز (مــام جــەلال)یــان لەهــەولێر کــرد، بــڕی (٥٠,٠٠٠) پــەنجا هــەزار دیناری سویسری وەك هاوکاری پێدان[1].

لـە (٢٩ی ئـابی/٢٠٠٠) وەفـدی بنکـەی لالـش گفتوگۆیـان لەگــەڵ ســەرۆکی حکومــەت (نێــچیرڤان بــارزانی) کــردو تەئکیـدیان لەسـەر پـیرۆزیو نوێنەرایـەتی پەرسـتگای لالـش کردۆتەوە. ئەویش بریاری نۆژەنکردنەوەی دا.

هـەروەها لەدڵسۆزی حکومـەت بـۆ ئێزدییـەکان (کۆسـرەت رەســول) وەك ســەرۆکی حکومــەت بــەیاوەری (د. رۆژ نــوری شــاوەیس)و هەنـدێ لـەوەزیرەکان لـە (٢٧ی مایـسی/١٩٩٣) سەردانی بنکەی لالشیان کردو بڕی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار

---

(١) گۆڤاری لالش، ژمارە (١)، بنکەی لالش رۆشنبیریو کۆمەلأیەتی، دهۆك، ١٩٩٢، هاوکاری پارە، ل١٠٧.

دینـاری سویـسریان بـەناوی ئەنجومـەنی وەزیـران پێـشکەش کردن[1].

کتێبخانەی بیروهۆشیاری

بۆیە لێرەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێزدییەکانی بە بەشێکی گرنگی نەتەوەی کورد زانیوەو هەرگیز لەناوچەکانی تری هەرێم جیایان نەکردونەتـەوەو هەمیـشە بەچاوی رێـزەوە سەیری تایبەتمەندی ئایینیان کراوە.

---

(1) گۆڤاری لالش، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧

تەوەری دووەم :

## کاریگەری ئێزدییەکانو ناوچەی ئێزدینشین بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان:

ناوچەکانی ئێزدینشین یەکێك بووە لەو ناوچانەی کە لەڕووی جیۆپۆلەتیکەوە خاوەنی خاڵی بەهێزە. هەرێمی ئێزدییەکانیش کەوتۆتە چەند ناوچەیەکەوە کە(قەزای شنگاڵو دۆڵی لالش)و چواردەورەکانیانە، (تەلکیفو بەعشیقەو بەحزانیو سمێلۆ)، کەواتە بەپێی جوگرافیاو جوگرافیای سیاسی کەوتونەتە ئەو بەشانەی کوردستانەوە، کە بەشێکیان تائێستا بەناوچە دابڕاوەکان ناو ئەبرێت[1].

لەم بەشەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دا، (لالش) کەوتۆتە دۆڵی لالشەوە، کە بەقیبلەی سەرەکی هەموو ئێزدییەکان لەهەموو جیهانو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو کوردستاندا دائەنرێ، پیرۆزترین شوێنە لەلایانو شوێنی مەراسیمەکانیانە، جگە لەوەی ناوچەی لالش شوێنێکی ئاینییە، ناوچەیەکی گەشتیاریشە لەهەمان کاتداو ئەتوانرێ

---

[1] د. جەزا تۆفیق تالب، مامۆستای زانکۆ، چاوپێکەوتن، سلێمانی، (٢٠٠٧/١٢/١٢)

گرنگی پێبدرێ، چونکه ئیزدییەکان لەهەموو جیهانەوە بۆحەج رووی تێدەکەن، ئەمەش ئەبێ بەسەرچاوەیەکی ئابووری بۆ حکومەتی کوردستان‌و ئەتوانن گەشتی گەشتوگوزاری لەگەڵ کۆمپانیاکانی گەشتوگوزار یان حکومەتی هەرێم خۆی کۆمپانیای گەشتوگوزار رێك بخرێ بۆ ئێزدییەکان. هەروەها گەر لالش پڕۆژەی ئاو و شوێنی حەوانەوەو پیشانگای کەلتوری‌و کتێبخانەو بازاڕو چێشتخانەو رێگاوبانی بۆ دروست بکرێ، ئەوە دەرامەتێکی باشەو داهاتی ئەبێت. ناوچەکەشیان ئەو ناوچەیەیە، کە نزیکە لەهێڵی موسڵەوە، ناوچەی کوردستان ئەبەستێ بەوڵاتی سوریا لەلایەك‌و بەکوردەکانی سوریا لەلایەکی تر. ناوچەی شەنگاڵ‌و دەوروبەری ئەگەری نەوت‌و ئاوی ژێر زەوی تێدا هەیە. ناوچەی شێخانیش خاکێکی بەپیت‌و پڕ دانەوێڵەو بەروبوومی کشتوکاڵیان هەیە. ئەمە جگە لەجۆرەها داری میوەو بەرداری وەك هەنجیرو زەیتون‌و بوونی بێستان لەو ناوچانەدا لەڕوو ماڵاتەوە بوونی لەوەڕگای باش بۆتەهۆی بەخێوکردنی مەڕوماڵات‌و گامێش‌و جۆرەکانی لەناوچەی ئێزدینشین. ئەمانە هەمووی خاڵی بەهێزی ئابووری‌و ئاسایشی خۆراك‌و سەرچاوەی دەرامەتن. کەواتە ناوچەی ئێزدینشین لەڕووی کشتوکاڵەوە ئەبێتە کۆڵەکە بۆ حکومەتی

هـەرێم. لـەڕووی هێـزی دەسـتی جوتیـاری، باشـترین جووتیـار لەم ناوچانە هەیە، کە ڕەسەنایەتی و کارامەیی جوتیاریان تیا بەدی ئەکرێ، واتە هێزێکی کاری مرۆیی لـەبواری کشتوکاڵ و مەڕو ماڵاتدا لـەو ناوچەیە هەیـە. لـەڕووی ژمارەوە ئەو ژمارە زۆرەی ئێـزدی کاریگـەری ئـەبێ لەسـەر زۆربـوونی ژمـارەی دانیـشتوان بەتایبـەتی دوای گەڕانـەوەی ناوچـەکانیان بۆسـەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

ناوچـەی شـەنگاڵ لـەڕووی سـتراتیژی و دیموگرافیـاو جیۆپۆلـەتیک و سروشـتی خاکەکەیـەوە هیـچی کـەمتر نییـە لەکەرکوك.

بەڵام کاریگەری حکومەت لەسەر ئێزدییەکان، خۆی لـەوەدا ئەبینێتـەوە، کـە حکومـەتی هـەرێم قـەڵاو دیـواری پـشتیوانی ئێزدییەکانە و حکومەتی هەرێم خۆی بەخاوەنیان ئـەزانێ و بـە بەشـێکی گرنگـی پێکهاتـەی کوردسـتانییان دائـەنێ. بەدڵنیاییەوە بوونی ئەوان لەناو سنوری هەرێمی کوردستان و لـەژێر دەسـەڵاتی حکومـەتی هەرێمـدا ئـازادیی گـەورەیان پـێ ئەدات بۆ ئەنجامدانی ئاییـنی و نەتەوەییەکـەیان. بـەڵام ئەگـەر بـچنەوە سـەر هـەرێمی عەرەبنـشینی عێـراق، بەدڵنیاییـەوە بەربەسـت دروسـت ئـەبێ، چـونکە سـوونەو شـیعە بەیـەك ڕەوا نابینن لەعێراقدا مومارەسەی مەسەلە ئایینی و کەلتورییەکانی

خۆیان بەئەنجام بگەیەنن بەبەردەوامی، ئەی باشە ئەگەر ئێزدییەك بچێتە ناویانەوە، ئەوە بەدڵنیاییەوە چوارچێوەی ئازادییەکانیان نەك تەسك ئەبێتەوە، بەڵکو لەناودەبرێت.

بەلاّم بەلەئامێزگرتنی ئەوان لەلایەن حکومەت و دەسەلاّتەوەو بەرقەراربوونی ئەو کەشە ئاینییە ئازادە، گومانی تیانییە بەشێکی زۆری ئامانجەکانی ئێزدی لەوەدا بەدی بکرێ و بتوانرێ لەماوەی چەند ساڵێکدا کۆنترۆڵی بارودۆخە ئابووری و کەلتوری و ئاینییەکانیان بکرێت.

کەواتە هەریەك لەئێزدییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی باشوور لەعێراق کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیەو تەواوکەری یەکترن. چ ئێزدییەکان بۆ تەرازووی هێزو ئاسایشی نەتەوەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستن و کاریگەریان هەیە، چ حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکە حکومەتە، کە کەش و هەوای ئازادیان بۆفەراهەم بکات و کەلتوری ئاینی و مێژوویان بپارێزێ و داواکاری پێداویستییەکانیان جێبەجێ بکات و داکۆکیکەری مافەکانیان بێ.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مه‌ کتەبی پرووھۆشیاری

# کۆتـایی

## أ- دەرئە نجام

١- ئێزدییـــەکان کـوردی ڕەســەنن و ئایینەکـەیان ئـایینی کوردە، هەربۆیە توانیویانە ڕەسەنایەتی ئایین و ڕەسەنایەتی نەتەوەی خۆیان بپارێزن.

٢-زاراوەی ئێـزدی ڕەگ و ریـشەی کوردییـەو زۆر کۆنـەو بەمانای خوای گەورە هاتووە.

٣- باوەڕیان بەخوای تاك و تەنیا هەیەو باوەڕیان بە حەوت مەلائیکـەت هەیـەو (تـاووس مـەلیك) بەسـەرۆکی فریـشتەکان ئەزانن.

٤- خـــاوەنی دوو کتێبـــی پـــیرۆزن بـــەناوی (جیلـــوە)، (مەسحەفەڕەش).

٥- پەرستگای لالش لەشێخان قیبلەی هەموو ئێزدییەکانە لەجیهانـداو ڕێوڕەسمـە ئاینییـەکان لـەوێ بـەڕێ ئەکـەن و بـۆ حەج ئەچنە (لالش).

٦- لەناوچەی شەنگاليش كۆمەڵێك پەرستگاو شوێنی پيرۆزيان هەيە.

٧- ئەم ئايينە بەسێ قۆناغدا تێپەڕيووە، كە قۆناغی پێش هاتنی شێخ ئادیو قۆناغی سەردەمی شێخ ئادیو دوای شێخ ئادی. لەسەردەمی شێخ ئاديدا ئەم ئايينە ڕێكخراوەو ڕژێمی بۆدانراوەو لەڕووی كۆمەڵايەتييەوە چەند چينێكن.

٨- ژمارەی دانيشتوانيان لەجيهاندا بەيەك مليۆن كەسو لەكوردستانی باشوردا (٥٧٠-٥٧٥) هەزار كەس مەزەندە ئەكرێ.

٩- ئێزدييەكان لەژياندا زۆر چەوساونەتەوە، كوشتاری زۆريان لێكراوەو فتوای كوشتنيان لەلايەن دەرودەراوسێ دراوەو بەبێباوەڕ ناوزەد كراون.

١٠- لەسەردەمی حكومەتە يەك لەدوا يەكەكانی عێراقدا جۆرەها شێوازی چەوساندنەوەيان لەگەڵ بەكار هاتووەو دووچاری ڕاگواستنو بەعەرەبكردن بوونەتەوەو خەڵكی عەرەب لەتيرەو هۆزی جياجيا هێنراوەتەوە شوێنيان.

١١- بەشداريان لەبزاوتی ڕزگاريخوازی گەلی كوردستان كردووە لەهەموو قوناغەكانداو پێشمەرگەيان هەبووەو شەهيديان داوەيە.

١٢- بەشداری راپەڕین بوون لەساڵی (١٩٩١)و شەهیدیان هەیە.

١٣- پارتێکی سیاسی تایبەت بەخۆیان نییەو وەك هەموو کورد لەناو پارتە سیاسییەکاندا خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆیان کردووەو بەردەوامن.

١٤- شوێنی ئێزدینشین پێگەیەکی ئابووری زۆر گرنگی هەیەو خاوەنی زەوی کشتوکاڵیی بەپیتە، ڕێژەی بارانبارین زۆرەو ئاوی ژێر زەمینی هەیەو ئەگەری بوونی نەوتی زۆری هەیە.

١٥- ئێزدییەکان لەڕووی جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیکەوە خاڵی بەهێزیان داوەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١٦- لەڕووی ئەمنی خۆراکییەوە وەك سەبەتەیەکی خۆراك وایە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمەش خاڵکی گرنگە لە ئاسایشی نەتەوەیی کورددا.

١٧- لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیرانیش ڕۆڵیان پێدراوە وەك بوونی وەزیر، بەڵام ڕۆڵێکی ئەکتیڤ نەبووە، بەڵکو ڕۆڵی لاوەکی بووە، زیاتر وەزیری بێ وەزارەت بوون، ڕۆڵیان شۆڕ نەبۆتەوە بۆ پۆستەکانی خوارتر.

١٨–حكومـەتی هـەرێمیان بـەهی خۆیـان زانیـوەو خۆیـان بەخاوەنی حكومەت زانیوە.

